# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

چوارشەممە ١٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ _ ٦ ژانویەی ٢٠١٦

ژمارە: ٦٧١

www.kurdistanukurd.com


## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی



بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی مەسیحی‌یەکانی کوردستان و ئێران بەتایبەت کورد و ئێرانی‌یەکان لەو وڵاتانە دەکەم کە سەری ساڵی زایینی جێژن دەگرن و هیوادارم کە ساڵی نوێیان ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشی و دوورلە شەڕ و نەهامەتیی بێت.

ساڵی ٢٠١٥ لە حاڵێکدا بە جێ دەهێڵین و پێ دەنینە ساڵێکی تازە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لەچوارپارچەی کوردستان وێڕای گەلانی ناوچەکە گەلێک ئەزموونی تاڵیان بەڕێ کرد . هیوادارم ساڵی نوێی زایینی ٢٠١٦ساڵێکی پڕ خێر و بەرەکەت بێت و هەموو خەباتکارانینەتەوەی کوردبە تێکۆشانی زیاتر ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە مافە نەتەوەیی و ئینسانیەکانی گەلەکەمان لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان نزیکتر ببینەوە.

**خالد عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٣١ی دێسامبری ٢٠١٥**
**١٠ی بەفرانباری ١٣٩٤**

# هەڵبژاردنی داهاتووی ئێران،
# دەرفەتێکی دیکە لە بەر دەم کوردی ڕۆژهەڵات بۆ سەلماندنی بوونی سیاسیی خۆی

## «کوردستان» لە دەسپێکی دەیەی هەشتەمی تەمەن دا

**قادر وریا**

بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی، ١٢ ڕۆژ بەر لە ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دایک بوو. ڕۆژنامەیەک کە دواترو لە گەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان، بوو بە سەرەکیترین ڕاگەیەنی ئەو دەوڵەتە. ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئەو دەورەیە کە تەمەنەکەشی وەک تەمەنی کۆمار کورت بوو، ئەو کات خزمەتێکی گەورەی بە بڵاوکردنەوەی پەیامو لێدوانەکانی پێشەوای سەرکۆمارو بڕیارەکانی ئەو دەولەتە نەتەوەییە کرد. لە گەڵ جێبەجیکردنی ئەم ئەرکە گرنگەشی دا، لە لایەکەوە بووە مینبەرێک بۆ ئیسلاحی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواریو دەنگ هەڵبڕین دژی زۆر دیاردەو نەریتی دزێوو دواکەوتوانەی نێو کۆمەڵ، لە لایەکی تریشەوە لاپەڕەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ شێعرو ئەدەبی نەتەوەییو نیشتمانپەروەرانە. دواتریش بوو بە گرنگترین سەرچاوە و دۆکیۆمێنت بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆماری کوردستان دەکەن.

کۆماری کوردستان بە داخەوە هەر ١١ مانگی خایاندو بوو بە بەشێک لە مێژوو. بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری ئەو کۆمارەو هەڵگری ریسالەتی خەبات دژی بندەستیی نەتەوەی کورد لە ئێران، سەرەڕای لە دەستدانی ڕێبەرانو پەرتەوازەبوونی تێکۆشەرانی، بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، قامەتی خۆی ڕاست کردەوەو ڕێگای تێکۆشانو خەباتی گرتەوە بەر. ڕۆژنامەی «کوردستان»یش کە نووسەرانو کادرە فەنییەکەی وەک ژمارەکانی پێشووی، کەوتبوونە بەر هێرشو ڕاوەدوونان، جارێکی دیکە هاتەوە مەیدان بۆ ئەوەی مزگێنیی سەرهەڵدانەوەی تێکۆشان بڵاو بکاتەوە و پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگەیەنێتە خەڵکی کوردستان. دیارە تەمەنی ئەم دەورەیەی بڵاوبوونەوەی «کوردستان»یش کە بە نهێنیو هەر لە نیوخۆی وڵات چاپ و بڵاو دەبۆوە، درێژ نەبوو و تەنیا چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو.

درێژە ل٢



نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێران، کەشوهەوای سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستانی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆی. لە ٧ی ڕەشەمەی داهاتوو دا، دەیەمین هەڵبژاردنی سەرانسەری بۆ پارلمانی ئێرانو هەر وەها هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەڕێوە دەچێ. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش بۆ نوێنەرایەتی هەم لە پارلمان و هەم لە مەجلیسی خوبرەگان، ژمارەیەکی بەرچاو خۆیان کاندیدا کردوە.

ڕۆژی١٥ی بەفرانبار هەیئەتە ئیجراییەکان، سەلاحیەتی ژمارەیەکی زۆر لە بەربژێرەکانی پارلمانیان تەئیید کرد. سیاسەتێک کە ئەمجار هەیئەتە ئیجراییەکان بە تایبەت لە کوردستان گرتوویانەتە بەر، ئەوەیە کە سەلاحیەتی ژمارەیەکی کەم لە کاندیداکانیان رەت بکەنەوە، بەڵام ئەوانەی رەدیان دەکەنەوە ئەو کاندیدایانە بن کە توانای ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتری دەنگی خەڵکو هەر لەو کاتە دا لیهاتوویی زیاتریان بۆ نوینەرایەتیی کردنی دەنگدەران هەیە. بە هێشتنەوەی زۆرترین کاندیدا دەیانەوێ گەرموگوڕیی زیاتر بە هەڵبژاردنی ئەمجارەوە دیار بێ و هەر لەو کاتەش دا کاندیدای بە هیز لە مەیدانەکە دا نەبن کە خەڵک ئەوان هەڵبژێرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هێشتا دواهەڵویستی خۆی لە بارەی ئەم هەڵبژاردنانەوە، رانەگەیاندوە. بەلام وەک دەورەکانی پێشوو، هەوڵی داوە هاندەری خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی چالاکانی سیاسیو کۆڕو کۆمەڵە مەدەنییەکان بێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکەن بە دەرفەتێک بۆ نیشاندانو سەلماندنی وشیاریی سیاسیو نەتەوەیی خۆیان. بەو مانایە کە لە پڕۆسەی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردن‌دا، داخوازە سیاسیو نەتەوەییەکانی خۆیان بخەنە روو، هاندەری کاندیداکان بن بۆ جێکردنەوەی ویستو داخوازی نەتەوەییو خەڵکی لە دروشمو بەرنامەکانیان دا، ئەو کاندیدایانە لەقاو بدەن کە دەستپەروەردەی دەزگا سەرکوتکەرەکانو ڕابردوویەکی رەشیان لە گەندەڵیو هاودەستی لە گەڵ دامەزراوە دژی گەلییەکان‌دا هەیە.

هەر لەم پێوەندییەش دا جێگری سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان رای گەیاند: «قانوونو سیستمی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە ئێرانو رۆڵی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بوارێک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران ناخوڵقێنێ هەتا ئێمە بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی جەوهەری دروست دەکا، بەڵام وەکوو حزبی دیموکراتی کوردستان، خەباتی ئێمە یەک رەهەندی نیەو هەموو بەستێنو زەرفیەتەکانمان لەبەرچاوە.» مستەفا مەولوودی لە وتوویژ لە گەڵ ئاژانسی ئەنەدۆڵ گوتی وێڕای ئەوەی کە سوود وەرگرتنی خەڵک لەم جۆرە دەرفەتانە بە جۆرێک تیکۆشان دەزانین، بەڵام پیویستە ڕایبگەیەنم کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هێشتا هەڵوێستی ڕەسمیی خۆی لەم بارەیە یەکلا نەکردۆتەوە.




ڕوانینێک بۆ قسەکانی رووحانی لە کونفرانسی «وحدت اسلامی»دا

٤




داهاتووی ناڕوونی سووریە لەنێو بازنەی ئەکتەرە دەرەکی‌یەکان

٥



گرێدانی خەباتی چەکداری بە خەباتی جەماوریەوە

٦



رەوتی کۆچبەری، هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆزو، کێشەیەکی جیهانی

٩



ئێران وڵاتی قەیرانەکان، شکستی پرۆژەی حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان!

١٠


## ئەحمەد شەهید: بارودۆخی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتی ڕووحانی‌دا هیچ گۆڕانکاری‌یەکی بەسەردا نەهاتووە

ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە لێدوانێکدا بۆ ڕووزئانلاین گوتوویەتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە دەوڵەتی ڕووحانیش‌دا هیچ نەگۆڕاوە.

ناوبراو دەڵێ گۆڕانکارییەکان لە دەوڵەتی ڕووحانی‌دا ئەوەندە بووە کە بۆ نموونە دیپلۆماتەکان زیاتر لەگەڵ من قسە دەکەن یان زانیاریی زیاتر دەخەنە بەر دەستم، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران‌دا.

ڕاپۆرتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بابەت سەفەر بۆ ئێران گوتی: ئەمن بە دووری دەزانم کە ئێران مل بۆ سەفەری من بۆ ئەو وڵاتە ڕاکێشێو پێم وانییە ئێران هیچ مەیلێکی بەوە هەبێ کە ڕاپۆرتنێرێکی سەربەخۆ بچێتە نێو ئەم وڵاتە و بیهەوێ ڕاپۆرتی لەسەر بنووسێ. چونکی دەزانێ بابەتی جۆربەجۆر لەنێو خۆی وڵاتەکەی‌دا هەیە کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان دەکرێ.

ناوبراو سەبارەت بە کاریگەریی ڕێککەوتنی ناوکی لەسەر ڕەوتی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گوتوویەتی ڕێککەوتنی ناوکی نا، بەڵام ئەم ڕووداوانەی کە پاش ئەو ڕێککەوتنە دێنە ئاراوە، وەک هەڵوەشانەوەی ئەم گەمارۆیانەی کە فشار دەخەنە سەر خەڵک دەتوانن یارمەتی بە باشتر بوونی دۆخی مافەکانی مرۆڤ بکەن.

## پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە سنوور چەند هاووڵاتی‌یەکیان لە مردن ڕزگار کرد



پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستان چەند هاووڵاتی‌یەکی باشووری کوردستانیان لە بەفرو بەستەڵەک ڕزگار کرد.

شەوی پینج شەممە لەسەر هەینی، ١١ ی بەفرانبار ٥ کەسی خەڵکی باشوری کوردستان کە بۆ ڕاو چوبوونە لای سنوورو لای گوندە ژوور لە نێو بەفردا مابوونەوە، لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە ڕزگار کران.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیتەی هەڵگوردی حیزبی دێموکڕات هێزەکانی سەرسنووری حیزب کاتژمێر ٢ی بەرەبەیان بە هانای ئەو ٥ کەسەوە چوون کە لە نێو بەفرو بارن‌دا گیریان خواردبوو و دوای ڕزگارکردنو خزمەتو پێڕاگەیشتنیان لە مقەری سنووریی حدک، تەحویلی بنەماڵەکانیان دران.

بنەماڵەی ئەو ٥ کەسە وێڕای سپاس و پێزانینیان بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بوونو مانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان لەو ناوچەیە بە گرینگو جێی بایەخ ناوبرد کە توانیویەتی متمانەو دڵنیایی بە خەڵکی ناوچەکە بدا.

درێژەی
## «کوردستان» لە دەسپێکی دەیەی هەشتەمی تەمەن دا

«کوردستان»کە ژیانو بەردەوامییەکەی بە بارودۆخی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەند بووە، وەک ڕێبەرانو تێکۆشەرانی ئاشکرای ئەم حیزبە، ناچار بووە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لە دوورە ولاتی دا تێپەڕ بکا. ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی حیزب کە دوای ڕووخانی کۆمار ناچار بوون لە ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت بگیرسێنەوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ لاپەڕەیەکیان لە ژێر ناوی «کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان» لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی «آذربایجان»، ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دا بڵاو کردەوە. سالانێکیش لە ئوروپا(لە دەیەی ٦٠ی زایینی) هەر بەو ناوە، بەڵام بێ ئەوەی ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە سەر بێ لە لایەن کەسانێکەوە کە زۆرتریان لە سیماکانی حیزبی دیموکرات بوون، بڵاو بۆتەوە.

سەرئەنجام لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوییەوەو لە گەڵ دەسپێکی پرۆسەی ژیانەوەو نوێبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە «کوردستان» هاتەوە مەیدان. دورەیەک لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی پێ کرد کە هەتا ئێستاش بەردەوامە. ڕێبەندانی داهاتوو، تەمەنی ئەم دورەیەی «کوردستان» دەبێتە ٤٥ ساڵ. لەم ماوەیەداو بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٥٩وە حیزبی دیموکرات بووە خاوەنی ڕاگەیەنێکی گرنگی دیکە بە ناوی رادیۆی «دەنگی کوردستان»ی ئێران. زیاتر لە ٨ساڵیشە ئەم حیزبە خاوەنی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بە ناوی «کورد کاناڵ»ە. هەر کام لەو دوو ڕاگەیەنە، بە پێی پێویستیی سەردەمو کارایی تایبەت بە خۆیان، هاتوونە نێو گۆڕەپانی تێکۆشان. لە گەڵ ئەوەی ژمارەی بەردەنگی هەر کام لەو دوو ڕاگەیەنە، لە خوێنەرو بەردەنگی «کوردستان» زیاتر بوون، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێویستیی هەبوونی ڕۆژنامەی ئۆرگان، بێ نیاز بکەن. «کوردستان» لە گەڵ ئەوەی لەم سالانەی دواییدا، مەجالی بە هێندێک نووسین داوە کە ناچنە خانەی سیاسەتو هەڵویستی حیزبەوە، بەڵام لە سەریەک هەڵگری ئەدەبیاتی نووسراوی حیزب، بە تایبەت بەیاننامەکانوهەڵویستو ڕوانینی ئەم حیزبە بووە.

«کوردستان» لە ڕووی بەردەوامیو ماندوویی نەناسییەوە سەرەرای هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەلەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٧٠ ساڵەدا، لە سەر ڕێی بووە، هەر وەها لە ڕووی وەفاداریو پابەند بوون بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ڕێبازی حیزبێک کە دامەزرێنەری ئەم کۆمارەیە، بۆی هەیە بە خۆی بنازێو هەست بە سەربەرزی بکا. ئەم شانازییە، بۆ ئەم ڕۆژنامەیەو بەڕێوەبەران و نووسەرانی، هەر وەها بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرمایەیەکی گەورەیە. بەڵام «کوردستان» لە سەردەمی ملبەملەی میدیاو پێوەندیی خێراو بەردەنگی پرچاوەڕوانیدا، ناتوانێو نابێ تەنیا بەوسەرمایە بە نرخە، پشت ئەستوور بێ. دەزانین کە لە ڕووی جۆری پێوەندیمان بە بەردەنگو هاسانکاری بۆ دەستراگەیشتنی خوێنەران بەم ڕۆژنامەیە، لە لایەنی بایخدان بەو پرسانەی پێوەندییان بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەینەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە، لە باری فۆرمو شێوازی نووسینو نوێبوونەوە لە ڕووی گوتارو ڕوانینەوە، پێویستە بەخۆمان دا بچینەوە.

یادی ٧٠ ساڵەی «کوردستان» دەکەین بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی داوا لە خوێنەرانو هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە پێشنیارو هاوفکریی خۆیان، یارمەتیمان بدەن لە گەشاوە ڕاگرتنی چرای تەمەنی «کوردستان» لە دەسپێکی دەیەی هەشتەمی تەمەنی خۆی دا. نایشارینەوە کە لە هەلومەرجی ئێستای تێکۆشانو خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بە تایبەتی لە بارودۆخی نالەباری ماڵیی هەنووکەی حیزبدا، بە داخەوە دەستمان بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە ڕووی چاپو جۆری کاغەزو تیراژو هتد، زۆر بەستراوە. هیوای ئێمە ئەوەیە لانیکەم لە ڕووی ناوەرۆکو گرنگیدان بە پرسو بابەتەکانی ڕۆژو خستنە رووی گوتارو خوێندنەوەی سەردەمیانەو عەقلانی، لە ئاستی چاوەڕوانیی خوێنەرانماندا بین. بۆ ئەمەشیان چاومان بڕیوەتە ڕێنوێنیو پێشنیارو هاوکاریی هۆگرانی «کوردستان» بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، توانای نووسین و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانیان هەیە.

## لە شاری کۆیە ڕێز لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە گیرا



بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتیەکانی کۆیە لە ڕێورەسمێک دا ڕێزی لە تەمەنێک خزمەتو تێکۆشانی ئەدەبیو سیاسیی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە گرت.

لەو ڕێورەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٤ی بەفرانبار بە بەشداریی سەدان کەس لە کەسایەتیە سیاسی، ئەدەبی، ڕووناکبیریو ڕۆژنامەنووسانو میدیاکاران لە سالۆنی کۆبوونەوەکانی مەلای گەورە بەڕێوەچوو، باس لە خزمەتە ئەدەبییەکانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو کەسایەتیو بەرهەمەکانی ئەو ناودارەی کورد کراو؛ دیاریو چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکێشکرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێورەسمەدا دوکتور عوسمان دەشتی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ باسێکی کورتی لە ژیانو بەرهەمەکانی مامۆستا حەسەنزادە کردو بڕیاری بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیەی بۆ گرتنی ئەو کۆڕی ڕێزلێنانە بەرزنرخاند. دواتر وتەی دەستپێکی کۆڕەکە لەلایەن چابوک عومەر، قایمقامی شاری کۆیە پێشکێشکرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی وەزارەتی لاوانو ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لەلایەن نەوزاد جەلال، بە نوێنەرایەتیی وەزیری ڕۆشنبیری خوێندرایەوە.

لە درێژەی بڕگەکانی ئەو ڕێورسمەدا پەخشانەشیعرێک لەلایەن ڕەهبەر سەید برایم، کەسایەتیی ئەدەبیی شاری کۆیەو بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆیە لە پەسنی مامۆستادا خوێندرایەوە.

"ئەو پیاوەم ئاوا ناسی"، ناونیشانی بابەتێک بوو کە دوکتور ئازاد ئەحمەد، مامۆستای زانکۆ لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پێشکێشی کرد.

قادر وریا، مامۆستای زانکۆو ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆرگێڕێکی دیکەی ئەو کۆڕە بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی " چێژی نووسین لە زمانو وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە"دا پێشکێش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا نووسەر، وەرگێڕو شاعیری هەستناسک ڕەسووڵ سوڵتانی چەند بەرهەمی شیعریی خۆی لە پەسنو خۆشەویستیی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، وەک پێشمەرگەی نیشتمانەکەی خوێندەوە.

دوایین وتاری ئەو کۆڕە مامۆستا فازیڵ شەوڕۆ پێشکێشی کرد کە وتارێک بوو لەژێر ناوی" قەڵەمێک بەباڵای قەندیل، بەرزو شکۆدار."

دوابەدوای پێشکێشکردنی باسو بڕگەکانی ئەو کۆڕی ڕیزلێنانە، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەش لە وتەیەکی کورتدا سپاسو پێزانینی خۆی پێشکێش بە ڕێکخەرانی کۆڕەکە کردو هەستی خۆی بەرامبەر بەو کۆڕیادە دەربڕی. دواجار ڕێکخەرانو بەشدارانی کۆڕەکە بە پێشکێشکردنی دیاریو چەپکەگوڵ بە مامۆستا حەسەنزادە، ڕێزیان لە تەمەنێک خزمەتو تێکۆشانی بەبایەخی ئەو بە سیاسەتو ئەدەبیاتی کوردی گرت.

## سەردانی شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە حیزبی دێمۆکراتی "بێت نەهرین"

لەدیدارو چاوپێکەوتنی شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەهەولێرو هەیئەتیکی حیزبی دێموکراتی "بێت نەهرین"دا گرینگترین بابەتەکانی کوردستانو ناوچەتاوتوێ کران.

ڕۆژی دووشەممە ١٤ی بەفرانباری ٩٤ ( ٤ی ژانوییەی ٢٠١٦ ) شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەییو حەسن کاکیلی سەردانی =حیزبی دێموکراتی "بێت نەهرین"یان لە هەولێر کردو لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتی بێت نەهرین بریتی لە ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتی، عامر حزیرانو جرجیس یونان؛ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەم حیزبەوە، پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە کۆمەڵێک بابەتو پرسی پێوەندیدار بە روداوو و پێشهاتەکانی ناوچە، ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، هەرێمی کوردستانو پرسی ئاسۆرییەکانی نیشتەجێ لەپارچەکانی کوردستان، هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆری بیرو ڕایان لە سەر کرا.

لەو دانیشتنە دا دوو لایەنی حیزبی دێموکڕاتو حیزبی بێت نەهرین لە سەر نوێترینو گرینگترین روداوەکانی ئەم دواییانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستو بە تایبەت قوڵبوونەوەی گرژیو ناکۆکییەکانی نێوان ئێرانو عەرەبستانو کاریگەرییەکانی لە سەر وڵاتانی ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە کۆتاییدا شاندەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو حیزبی دێمۆکراتی بێت نەهرین، پێویستیی بەهێزترکردنی پێوەندی دوولایەنەو بە گشتی پێوەندیی نێوان دوو نەتەوەی کوردو ئاسۆرییان بەنوێنگەی دابینکردنی ئاشتیو سەقامگیریو پرێنسیپە ئینسانیو دێمۆکراتیکەکان ناوبرد.

## خەڵاتی مافی مرۆڤی زانکۆی تۆرێنتۆ پێشکەشی کەبوودوەند کرا

خەڵاتی مافی مرۆڤی زانکۆی تۆرێنتۆ پێشکەش بە کەبوودوەند کرا.

پەریناز حەسەنی، هاوسەری محەممەدسەدیق کەبوودوەند، بەرپرسی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە نوێنەرایەتیی لەلایەن مێردەکەی ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستانو کورد خەڵاتی " ئیچێر"( ICHR )ی زانکۆی تۆرێنتۆ بە بەشداریی چالاکانی مەدەنیی کوردستان لە ماڵی محەممەد سدیق کەبوودوەند لە تاران پێشکێش بە ناوبراو کراو خێزانەکەی بە نوێنەرایەتیی ئەو خەڵاتەکەی وەرگرت.

ئیجلال قەوامی، وتەبێژی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بوو، لەو بۆنەیەدا باسێکی لە بارودۆخی محەمەممەد سدیق کەبودوەند لە زینداندا کردو سەبارەت بە نەدانی ئازادیی مەرجدار بە ناوبراو ڕەخنەی توندی لە دەزگای قەزایی گرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو پەریناز حەسەنی ڕایگەیاند کە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، هاودڵیی خەڵک بە گەورەترین سەرمایەی مەعنەویی هەر کۆمەڵگایەک دەزانن‌و پێزانینی خۆی بە خەڵکی کوردستان دەربڕی.

لە نامەی ئەو ناوەندەی مافی مرۆڤدا کە لەلایەن سێ خوێندکاری زانکۆی تۆرێنتووە بنیات نراوە، هاتووە کە ڕێز لە زەحمەتو تێکۆشانی بێوچانی محەممەد سدیق کەبودوەند لە پێناو دابینبوونی مافی مرۆڤ دەگرینو هیوادارین کە ئەو ڕۆژنامەنووسو چالاکەی مافی مرۆڤ هەرچی زووترە لە زیندان ئازاد ببێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا حامید فەرازیو ڕەئوف کەریمی، ئەندامانی شوڕای ناوەندی بەرەی یەکگرتووی کورد باسیان لە دۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان کردو ڕێزیان لە هەوڵو زەحمەتەکانی محەممەد سدیق کەبودوەند گرتو ئاواتیان خواست کە بارودۆخەکە بە جۆرێک بێ ڕوانگەی ئەمنیەتی لە کوردستانو لەسەر چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ هەڵبگیردرێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها توران کەبودوەند، خوشکی محەممەد سدیق کەبودوەند لەوەی کە خەڵک کەبودوەند و زیندانییە سیاسییەکانی دیکەیان لە بیر نەکردوە، سپاسی کردن.

محەممەد سدیق کەبودوەند ڕۆژی ١٠ ی پووشپەڕی ساڵی ٨٦ ی هەتاوی بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانیی ئێران بەهۆی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەسبەسەرو سزای ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵە لە بەندیخانەیەو، ئێستاش لە مافی مەرەخەسیو پێڕاگەیشتنی پزیشکی بێبەشە.

## مستەفا مەولوودی بۆ ئاژانسی ئانادۆلی: نەچوونی کورد بۆ مەجلیس قازانجی بۆ کورد نییە



جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو لەبارەی هەڵبژاردنەکانی دەمین خولی مەجلیسی ئێرانو هەروەها پێنجەمین خولی هەڵبژاردنەکان مەجلیسی خوبرەگان گوتی کە حیزبی دێموکڕات هێشتا هەڵوێستی ڕەسمیی خۆی لەو بارەیە یەکلا نەکردۆتەوە.

کاک مستەفا مەولوودی لەو وتووێژەدا دەڵێ قانوونو سیستمی چاودێری هەڵبژاردنەکان لە ئێرانو ڕۆڵی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بوارێک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران ناخولقێنێ هەتا ئێمە بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی جەوهەری دروست دەکا، بەڵام وەکوو حزبی دیموکراتی کوردستان، خەباتی ئێمە یەک ڕەهەندی نیەو هەموو بەستێنو زەرفیەتەکانمان لەبەرچاوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەدا دەڵێ لە ئێران بواری قانوونی هەیە کە خەڵک دەتوانن لەو بوارەدا باسی فەرهەنگی خۆیان بکەن، باسی بەندەکانی قانوونی بکەن یان لە بواری کارگێڕیو بەڕێوەبردن باسی ئەوە بکەن لە جیاتی ئەوەی کەسێک لە تارانەوە بێو ببێتە نوێنەری شاری مهاباد یان سنە، ئەوە با کوردێک ئەو ڕۆڵە ببینێ، ئێمە پێمان وایە نەچوونی کورد بۆ مەجلیسی ئێران، هیچ سوود بە کورد ناگەیەنێو، باشترە کورد بچێتە پەرلەمان. هەر هیچ نەبێ هەبوونی کورد لەوێ بۆ خۆی تێکۆشانێکە.

لەسەر پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لایەنەکەی دیکەی دێموکڕات، کاک مستەفا مەولوودی دەڵێ: ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا دانیشتنمان بووەو هەنگاوی بەرەوپێشچوونمان ناوە، لەسەر هەندێک لە داخوازییەکانی ئەوان کێشەمان نییەو خەڵکیش لە ڕۆژهەڵات چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە یەک حیزبی دیموکرات بوونی هەبێ. دیارە لە کۆتاییدا هەر دەبێ یەکبگرینەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ قسەکانی مەهندیس حاجی ئەحمەدی، سەرۆکی پژاک کە گوتبووی ئاڵای کوردستان ئاڵای نەتەوەی کورد نیە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: "ئەو بەڕێزە لە هەندێک بواردا قسە دەکا کە ڕەنگە بۆ کەسێکی سیاسیی شیاو نەبێ، بۆ مەسەلەی ئاڵای کوردستانیش، بەڕاستی ئەمە زوڵمێکی گەورەیە لە مێژووی میللەتێک دەکرێ. ئەم ئاڵایەی ئێستا هەیەو لەسەر بینای پارلمانی هەرێمی کوردستان هەڵکراوە کە دەزگایەکی قانوونیو شەرعییە؛ بڕیارو پەسندی پارلمانی لەسەرە. دیارە حیزبێک لە بەشێکی دیکەی کوردستان قبووڵی نیە، ئەوە کەیفی خۆیەتی، لە دیدی ئێمەوە بەشێکی زۆری حیزبو لایەنی سیاسیی ئەم ئاڵایە وەکو ئاڵای نەتەوەیەک دەبیننو قبووڵی دەکەن و لە هەموو بارەگەکانی حیزب ئێمەشدا ئەم ئاڵایە هەڵکراوە. بۆیە پێم وایە ئەم قسانەی حاجی ئەحمەدی هیچ بنەمایەکی قانوونیو مەنتیقیی تێدا نییە.

لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کاک مستەفا مەلوودی دەڵێ: ئێمە دەمێکە گوتوومانە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسەلەیەکی سیاسییەو ئەمەش پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسی هەیە. چارەسەری سیاسیش گفتوگۆو دیالۆگە. ئەگەر سەیری مێژووش بکەین باشترین چارەسەر ئەوە بووە کە هێزەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن. بۆیە هەرگیز ئەم چارەسەرە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئێمە نەبووەو هەر لەم پەیوەندییەشدا دکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئێران، گیانی خۆی بەخت کردو شەهیدبوو. بۆیە ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە دیالۆگو گفتوگۆیە بەڵام کاربەدەستانی ئێران ئەم پەیامە وەرناگرن، ئێمە پێش دوو ساڵ لەگەڵ نوێنەرانی شوڕای ئەمنیەتی میللی دانیشتنمان بووەو ئەوان هاتوونو ئێمەش قسەی خۆمان کردووە و چاوەڕێی ئەوان بووین و لەدوای ئەوەش ماوەی دوو ساڵە هیچ دیدارو کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ لایەنی ئێرانی نەبوە.

## مولود سوارە لە وتوویژ دەگەڵ گۆڤاری «باس»:
## ئێمە لە ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد بەگشتی و مەسەلەی کورد لە ئێران بەتایبەتی کەڵک وەردەگرین

لە رۆژانی کۆتایی نوامبری ساڵی ٢٠١٥ی زایینی، شورای ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە دووهەمین کۆبونەوەی خۆیدا کە لە لۆئاندا، پێتەختی وڵاتی ئانگۆلا بەرێوەچوو، ئەندامەتی تەواووەختی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لەو رێکخراوەدا بە رەسمی راگەیاند.

لەو پێوەندیی‌یەدا بڵاوکراوەی ‹‹باس›› وتوویێژێکی دەگەڵ مولود سوارە، ئەندامی رێبەری حیزبی دێمۆکرات، کە بە نوێنەرایەتی ئەو حیزبە لە کۆبونەوەی شورای ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا بەشداری کردبوو پێکهێنا.

هاورێ مولود سوارە لەو وتوویژەدا لە وڵامی پرسیار سەبارەت بە شێوەی وەرگیرانی حیزبی دێمۆکرات لەو رێکخراوە و پێناسەی ئەو رێکخراوەیە لە روانگەی حیزبی دێمۆکراتەوە گوتی: ساڵی١٩٨٥ ، رێبەری کورد دکتۆر قاسملو لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست، لە لیمای پێتەختی پێرۆ وەکو میوان بەشداریی کرد، لەو کاتەوە حزبی ئێمە لە هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی تری ئەو رێکخراوەیەدا بەشدار بووە .لە ساڵی١٩٩٦ ، واتە لە بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست، کە لە نیۆیۆرک بەسترا، حزبمان وەکو ئەندامی چاوەدێر وەرگیرا. لە دوایین کۆبونەوەی شورای ئەو رێکخراوەشدا، کە لە لوئاندای پێتەختی ئانگۆلا بەرێوە چوو، وەکو ئەندامی هەمیشەیی وەرگیراین. ئەوەش هەر درێژەی کاری رێبەرانی شەهیدی حزب، بەتایبەتی دکتۆر قاسملویە، کە ئەم دەروازەیەی بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا کردەوە.

ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست گەورەترین فۆرۆمی نێودەوڵەتی‌یە بۆ رێکخراوە سیاسی‌یەکانی دنیا. ئەم رێکخراوەیە بە میراتگری ئەو رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یە کرێکاریانە دادەنرێ، کاتی خۆی لەسەر بنەمای بیروباوەڕی رێبەرانی مارکسیزم دامەزرابوون. ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست هەمان ئەو رێکخراوەیە کە ساڵی ١٩٥١ لە کۆنگرەی فرانکفۆرت دامەزراوە . بەکورتی دەتوانین بڵێین ئێستا رێکخراوەکانی سۆسیالیست و سۆسیال دیموکرات و کرێکاریی‌یەکانی دنیا دەگرێتە خۆی. لە سەرەتاکانی دەورەی نوێیدا زۆرتر پارتە چەپە ئوروووپایی‌یەکانی دەگرتە خۆی، دواتر مەیدانی چالاکیی ئەو رێکخراوەیە گەیشتە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئوروووپای رۆژهەڵات. ئێستا لە دنیادا بۆ دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ تێ دەکۆشێ.

ئەندامی رێبەری حیزب لەو وتوویژەدا سەبارەت بە مەرجەکانی وەرگیران و بەرپرسایەتی لەمەودوای حیزب لەو رێکخراوەیەدا گوتی: بۆ ئەوەی حزبێک بە ئەندام وەربگیرێ، پێویستە هەڵگری پرۆگرامێک بێ کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەو رێکخراوەیە یەک بگرێتەوە، بەتایبەتی لە بواری یەکسانی و پێوەرە ئینسانی و دێموکراتی‌یەکانی تر، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە، پێشینەی ئەو حزبەی دەبێتە ئەندام، بەوردی دەدرێتە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە .

ئێمە لە ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد بەگشتی و مەسەلەی کورد لە ئێران بەتایبەتی کەڵک وەردەگرین، هەوڵ دەدەین ببینە پردی پێوەندی لە نێوان رێکخراوەکە و لایەنە دۆستەکانی دیکەمان، بەتایبەتی لە کوردستان. جیا لەوەش پلەی هەمیشەیی ئەندامیەتیمان مافی بەشداریی زیاترمان لە ئۆرگان و کۆبوونەوەکانی ئەو رێکخراوە پێ دەبەخشێ. ئەمڕۆ کێشەی کورد زۆر گەورە بۆتەوە و دنیای دەرەوە زیاتر لە جاران لەگەڵی ئاشنا بووە، بەتایبەتی بە هۆی شەڕی داعش و بەرگریی پێشمەرگە، کە لە کۆبوونەوەکەی لۆئانداش بە رێز و تەقدیری زۆرەوە ئاماژەی پێ کرا.

پێش بە ئەندام وەرگیرانیشمان لەو رێکخراوەیەدا، لەگەڵ وڵاتانی خاوەن نفوز و لەگەڵ بنیاتە نێودەوڵەتی‌یەکان تۆڕێکی پێوەندیمان دروست کردبوو، بێگومان بەئەندامبوونی حزبی دیموکراتی کوردستان گورۆتینێکی دیکە دەداتە پەیوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانمان، ئەمجارە دەتوانین کەڵک لە دەرفەتە لۆبیگەری‌یەکانی تایبەت بەو رێکخراوە وەرگرین.

هاوڕێ مولود سوارە لە درێژەی ئەو وتوویێژە لە وڵامی پرسیاری گۆڤاری ‹‹باس›› لە پێوەندی دەگەڵ شێوەی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە تایبەتی چەمکی وتوویژ دەگەڵ رژیم، دوای ئەندامەتی ئەو حیزبە لە ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا گوتی: کورد لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا هەمیشە هێرشی کراوەتە سەر، ئەگەر دەستیشی بۆ چەک بردبێ بۆ دیفاع لەخۆکردن بووە. حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە نەیویستووە خەباتی چەکدارانە وەکو لە ساڵانی پێشوودا باو بوو بەرێوە بەرێ، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر مەیدانی کار و چالاکیی شۆڕشگێڕانەی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتدا بوژاندۆتەوە. ئێمە پێش هەموو شتێک حزبێکی سیاسیین، لەبەرئەوەی دەرەتانی چالاکیی سیاسی و بەشداریی دیموکراتیکمان پێ نادرێ، ناچارین چەک هەڵگرین. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە مەسەلەی خۆمان لە رێگای ئاشتی و سیاسی‌یەوە دەبەینە پێش، بەڵام ئەگەر پێویست بێ بە چەک دیفاع لە گەلەکەمان بکەین، ئەوا دەیکەین .

ئێمە لەبەر خەسڵەتی دیموکراتیکمان لەو رێکخراوەدا بە ئەندام وەرگیراوین، نە دیموکراتیک بوونی ئێمە و نە ئەندامەتیشمان لە ئێس ئایدا پێش لەوە ناگرێ کە لەپێناو بەرژەوەندیی گەلەکەمان مانۆڕی سیاسییش بکەین.

سەبارەت بە وتوویژیش، حزب پێش ئەوەی لەو شوێنانەشدا ئەندام بێت، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کێشەی کورد پێویستە بە وتوویژ چارەسەر بکرێت، لەوپێناوەشدا بەهای زۆر گەورەمان داوە، سکرتێری حیزبمان دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرا. سەرباری ئەو ئەزموونە تاڵەش، ئێمە وەک پرەنسیپ ناتوانین وتوویژ وەک یەکێک لە رێگاکانی خەبات رەت بکەینەوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا باوەڕ ناکەم کۆماری ئیسلامی لەو پرسەدا جیددی بێ.

هاورێ مولود سوارە لە کۆتایی ئەم وتوویێژە لەبارەی ژمارەی حیزبە کوردی‌یەکانی ئەندام لە ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست و سودەکانی ئەو رێکخراوەیە بۆ کورد گوتی: ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ٢٠٥ئەندامی هەمیشەیی هەیە و حیزبی ئێمە یەکێکە لەوان، ٢١ ئەندامی راوێژکار و ١٧ ئەندامی چاودێر و سێ رێکخراوی تایبەت بە ژنان و لاوان و پەروەردەشی هەیە. لەنێو پارتە کوردییەکاندا حیزبی ئێمە و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی هەمیشەیین، حدکا و هەدەپە و پەیەدە ئەندامی راوێژکارن، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیش ئەندامی چاوەدێرن.

ئەو رێکخراوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا دەزگایەکی جێبەجێکار نییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە فۆرۆمێکی زۆر بەرفراوانە و لانیکەم یەک لە سێی ئەحزابی ئەندام لەو رێکخراوەدا دەسەڵاتی وڵاتی خۆیانیان بەدەستەوەیە، یان لە حکومەتدا بەشدارن، دەتوانین بڵێین هەم لە رووی سەمبۆلیکەوەو هەم لە رووی عەمەلی‌یەوە، شوێنێکی گرینگە بۆ گفتوگۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی و تریبوونێکی باشە بۆ ناساندنی کێشەکانی گەلانی بێ دەوڵەتی وەکو گەلی کورد.




## کوردەکانی باکووری کوردستان داوای خودموختاری دەکەن

دوابەدوای پەرە ئەستاندنی شەڕو تێکهەڵچوونەکان لە باکووری کوردستان، کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک داوای لە حکومەتی تورکیە کردووە کە مافی خۆبەڕێوەبەری بداتە کوردانی ئەو وڵاتە.

کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، پاش کۆبوونەوەیەکی دوو رۆژە کە لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان پێک هات، لە دوو توێی داخوازی‌نامەیەک‌دا کە ڕادەستی بەڕێوەبەرانی حکومەتی کردوەو هاوکات لە بەیاننامەیەک‌دا خاڵ و بڕگەکانی ئەو داواکارییەی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردووەتەوە.



کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی " کە جە دە" پەسند کردنی داواکاری کوردان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆبەڕیوەبەری بە تەنیا ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەو شەری نێخۆیی ئەو وڵاتە دەزانێو داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی باکووری کوردستانیش کردووە کە بە هەموو توانایانەوە پشتگیری لەو داوایە بکەن.

لە بەرامبەر ئەو داوایەی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک‌دا هەر دوو سەرۆکایەتیی سەرۆک‌وەزیرانو سەرکۆماریی تورکیە بە توندی هەڵوێستیان گرتوە.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی ڕۆیتەرز لە یەکەم کاردانەوەدا ئەحمەد داوود ئۆغلوو، سەرۆک وەزیرانی ڕژیمی تورکیە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (HDP) هەڵوەشاندەوە. هاوکات ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەش لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایگەیاند کە ئەوان ڕێگە نادەن لە ناو وڵاتی تورکیەدا وڵاتێکی دیکە درووست ببێ.

هەرچەندە حیزبە کوردی‌یەکانی نێوخۆی تورکیە کە ئێستا لە پارلەمانی ئەو وڵاتە دا خاوەن دەیان کورسین، لەو باوەڕەدان کە تەنیا ڕێگە چارە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەو شەڕی نێوان دوو نەتەوەی تورک‌و کورد دان نانە بە مافەکانی ئەو گەلە دا، بەڵام چاوەدێرانی سیاسی ئەو هەنگاو و هەڵوێستەی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، فاکتەرێک بۆ قووڵ‌بوونەوەی کێشەکانو توندتر بوونی شەر لە نیوان هەرد ووک لا دا دەبینن.

## خنکانی بنەماڵەیەکی کۆچبەری مەریوان لە دەریای ئێژەدا

بنەماڵەیەکی کۆچبەری رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە پێناو ژیانێکی خۆشتردا رێی ئوروووپایان گرتبووە بەر، لە دەریای ئێژەدا خنکان.

ئەو بنەماڵەیە کە ژنو مێردێکو دوو منداڵیان بوون، خەڵکی مەریوان بوون.

هەیبەت فەیزیو گوڵنار ئەسەدی ئەو ژنو مێردە لاوە بوون کە لەگەڵ هانای تازەلاویانو کازیوەی تازە لەدایکبوویان ڕێی مەترسیداری دەریا بۆ گەیشتن بە یەکێک لە وڵاتانی ئوروووپایان هەڵبژاردبوو، بەڵام شەوی چوارشەممە، ٢ ی بەفرانبار لە نزیک دوورگەکانی یۆنان وەرگەڕاو لەگەڵ ١٥ کۆچبەری دیکە نوقم بوونو گیانیان لە دەست دا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو تەرمی ئەو بنەماڵەیە دوای دەرکیشانیان لە ئاو لە یونان ڕاگیراوەو بنەماڵەکەیان بۆ هێنانەوەی تەرمەکانیان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیان کردوە، بەڵام لە وەڵامدا پێیان گوتون ئەستەمە بتوانن بیانهێننەوە مەریوان.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران زیاتر لە یەک میلیۆن کۆچبەر لە ساڵی ٢٠١٥دا ڕوویان لە وڵاتانی یەکیەتیی ئوروووپا کردوە. ئەم قاچاخچیانەی کە ئەم پەنابەرانەشیان گەیاندۆتە ئوروووپا، زیاتر لە یەک میلیارد دۆلاریان داهات بووە.



بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران، نزیک بە ٣٧٠٠ کەس لەم پەنابەرانە لە پێناو گەیشتن بە وڵاتێکی ئەمنو دوور لە شەڕو هەرا گیانیان لە دەست داوەو خنکاون.

## ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور: ئەمساڵ ١١٠ ڕۆژنامەنووس کوژراون

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور دەڵێ لە ساڵی ٢٠١٥دا ١١٠ کەس لە سۆنگەی پیشەی ڕۆژنامەنووسیو کاری ڕاگەیاندن لە شوێنە جیاجیاو مەترسیدارەکان کوژراون.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور دەڵێ تا ئێستا ٦٧ ڕۆژنامەنووس بە دەستی ئانقەست کوژراونو مەبەش لە ساڵی ٢٠٠٥وە تا ئێستا ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان لە ٧٨٧ کەس تێپەڕی.

لە نێو وڵاتانی مەترسیدار بۆ ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ یەکەم جار وڵاتێکی ئوروووپایی وەک وڵاتی فەرانسە پاش وڵاتانی هیندو عێراق لە پلەی سێهەمی جیهان‌دا جێی گرتوە.

کریستێف دولوار، سکرتێری گشتیی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کە ئێستا پێویستیی خێرامان بە ڕێکاری ڕوون بۆ جێبەجێکردنی مافە نێودەوڵەتی‌یەکان هەیە بۆ ئەوەی گیانی ڕۆژنامەنوسان بپارێزین.

بان کی مون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی‌دا لەبارەی پارێزران لە سزاکانی جینایەت دژی ڕۆژنامەنووسان هێناویەتی کە من لە بێ توانایی لە دابەزینی بەردەوامو ڕێژەی توندوتیژیی ئامانجدار زۆر نیگەرانم کە ڕۆژنامەنووسانی تێ‌دا دەبنە قوربانی.

## هەوڵی ئێران بۆ وشک‌کردنی بەنداوی دوکانو دەربەندیخان لە هەرێمی کوردستان

ئێران دەیەوێ بەنداوی دوکان و دەربەندیخان وشک بکا.

سێ پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وشک‌کردنی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان لەلایەن ئێرانەوە ئاگادار دەکەنەوە.

لە پرێس‌کۆنفڕانسێک‌دا سێ پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق محمود رەزا، رەنگین عەبدوڵڵاو ئەمین بەکر نیگەرانیی خۆیان لە وشک‌کردنی هەر دوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە رایگەیاند.

لە پرێس‌کۆنفڕانسەکەدا محمود رەزا، نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتی: ئێران دەستی کرووە بە درووستکردنی ٩ بەنداوی گەورەو پێنجی بچووک‌و چەند تونێلێک بۆ ئەوەی ئاوی هەردوو بەنداوی دوکانو دەربەندیخان گل داتەوە.

ئەو گوتی بەهۆی درووست‌کردنی ئەو بەنداوانە کێشەیەکی گەورە بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، چونکە سەدی سەرچاوەی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان و سەدی ٤٠ ی سەرچاوەی ئاوی دووکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێ، بەڵام بە دروست‌کردنی ئەو بەنداوانە هەر دوو رووبارەکە وشک دەبن.

# ڕوانینێک بۆ قسەکانی رووحانی لە کونفرانسی «وحدت اسلامی»دا

سیاسی



عومەر باڵەکی

ڕۆژی یەک شەممە ٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ لە «کنفرانس وحدت اسلامی « رووحانی لە وتارێکدا کە پێشکەشی ئامادەبووانی کرد هەوڵی دا چەند پەیامێک بۆ دەوڵەتانی ناوچە و بەگشتی دنیای ئیسلام بنێرێ.

رووحانی لە قسەکانیدا هەوڵی دا روخسارێکی دزێو و شەڕفرۆشانە لە هێندێک لە دەوڵەتانی ناوچە و بە پێچەوانەوە روخسارێکی فریشتە ئاسا و نەرمونیان لە کۆماری ئیسلامی نیشانی بەشدارانی بە ناو «کنفرانس وحدت اسلامی» و دنیا بدا بەشێوەیەک کە لە وتارەکەی خۆیدا گوتی: «ئایا ئەوە جێگای پەسندە کە پووڵی نەوتی موسوڵمانان بدرێ بە ئەمریکا بۆ ئەوەی مووشەکی پێ بکڕن و بەسەر موسوڵمانانیدا برژێننە خوارێ؟ لە سالی رابردوودا چەندتان بۆمب وموشەک لە ئەمریکا کڕیوە؟...»

سەرکۆماری ئیران لە کاتێکدا ئەو وتارە پێشکەش دەکا و باس لە کوشتار و کاولکاری لە وڵاتانی ئیسلامی دەکا کە خودی ئێران یەکێک لە ئەکتەرە چالاکەکانی ئەو مەیدانەیە و لە سازکردن و درێژەدانی قەیرانەکانی ناوچە و کوشتاری خەلک و کاولکاری لە وڵاتانی وەک «عیراق ویەمەن و سووریەدا دەستی باڵای هەیە «.

بەپێی راپۆرتی سایتی ئەڵمانیی شپیگل، لە ئیستا دا بە بەراورد لە گەل هاوپەیمانی نێودەولەتی لە مەیدانی دووشەر کە وڵاتانی عیراق وسوریە گرتۆتەوە،ئیران راستەوخۆ و لە هەموان زیاتر تێیدا بەشدارە.

ئەوسایتە لە درێژەی راپۆرتەکەی دا دەڵێ: ئیران لە سالی ٢٠١١وە هەتا ئیستا بە ڕادەی ٩میلیارد دۆلار هاوکاریی دەوڵەتی بەشار ئەسەدی کردوە بۆئەوەی لەسەر کورسیی دەسەڵات بمێنێتەوە. هەرلەو کاتەدا دژبەرانی دەوڵەتی سووریە دەڵێن دەبێ هەموو ئەویارمەتییە نەوتی ،دەرمانی وخواردەمەنییانەش کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد و دەوڵەتەکەی تەرخانی کردوە،و بە پێی لێکدانەوەی دژبەرانی سووری دەگاتە نزیک بە ١٥میلیارد دۆلار بخرێتە سەر ئەو٩میلیارد دۆلارە.

بێجگە لە یارمەتیی مادی و چەکوچۆڵە، ڕۆژانە لە هەواڵەکان دا گوێمان لە خەبەری کوژرانی ئەندامانی بەرزی سپای پاسدارانی ئیران لەشەری سووریەدا دەبێ. بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئیران هیچ کام لە لایەنە دەرەکییەکانی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی سووریە وعیراقدا هەتا ئیستا هێزی پیادەیان لە مەیدانەکانی شەڕدا بە لایەنگری لە هیچ لایەک بەکوشتن نەداوە و هەر ئەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانەدا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی درێژەکێشانی شەڕ و ماڵوێرانی لەو وڵاتانەدایە. ئەگەر هەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە لە قسەکانی ئاغای رووحانی شی بکەینەوە دەتوانین ئەو پرسیارە رووبەڕووی رووحانی بکەینەوە کە ئایا گەلانی بەشخوراوی ئیران بەتایبەتی گەلی کورد لەروانگەی سیستم و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکەونە نێو پێناسەی «امت اسلامی»؟ ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە بەڵێ گەلی کوردیش بەشێکە لە «امت اسلامی»،لەو حاڵەتەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، کە: ئەدی چۆنە کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە کە بەدەسەلات گەیشتوە شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر کوردستاندا سەپاندوە و بە هەزاران جۆر بۆمب ومووشەک و تۆپ و خومپارەی بەسەر شار و گوند و ملک و مەزرای خەڵکی کوردستاندا باراندوە و بە دەیان هەزار کەسی کورد لە پیر و لاو و ژن و پیاوی کورد لەماوەی ئەو ٣٧ساڵەدا کەوتوونەتە بەر تیغی جیهادگەرانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لی ئەستێندراوە و لەو ماوە دوورودرێژەدا بۆ جارێکیش دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتییان لەو کوشت و کوشتارەی خەلکی کوردستان دەرنەبڕیوە و جارێک لە جاران باسیان لەوە نەکردوە کە بۆچی نەوت و سامانە سروشتییەکانی ئەو گەلە و گەلانی دیکەی ئیران دەفرۆشن و دەیدەن بە بۆمب و مووشەک بەسەریاندا دەبارێنن.

ئەوەی رووحانی و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەوجۆرە کۆڕوکۆمەڵانەدا لە دووتوێی وتارێکدا پێشکەشی ئامادەبووانی دەکەن لە قسەکردنێکی رواڵەتی زیاتر نیە. چونکە بە کردەوە جۆرێکی دیکە لەگەل ئەو مەسەلانە هەڵسوکەوت دەکەن و ئەوەش هەڵقولاو لە زاتی کۆماری ئیسلامییە و تەنانەت ئەگەر ئاغای رووحانی باوەریشی وا نەبێ ناتوانێ لەو ئیدیئۆلۆژییە کە کۆماری ئیسلامیی لە سەر دامەزراوە لا بدا. بۆ روون‌بونەوەی زیاتری ئەو بابەتە پێویستە چاوێک لە قانوونی بنەڕەتیی ئیران بکەین و بزانین بۆ پێکهێنانی جیهانێکی ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و فەرمانڕەوایی وەلیی فەقیهدا چ رێکارێک لە بەر دەم بەڕێوەبەرانی دادەنێ هەتا ئەوانیش بتوانن بەستێنێکی لەبار بۆ هەناردەکردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆش بکەن. «...قانوونی ئەساسی بە سەرنج‌دان بەوە کە شۆرشی ئێران نێوەرۆکی ئیسلامیی هەیە و جووڵانەوەیەکە بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی زورلێکراوان بەسەر زۆرداراندا،بەستێنی درێژەکێشانی ئەوشۆرشە لە نێوخۆ و دەرەوە پێک دێنێ، بەتایبەتی تێدەکۆشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەگەڵ جووڵانەوە ئیسلامییەکان پەرە پێبدا هەتا ریگای پێکهێنانی ئۆمەتی یەکپارچەی ئیسلامی خۆش بکا.»

هەموو لایەک باش ئەوە دەزانن کە قانوونی بنەڕەتی لە هەر نیزام و سیستمێکی سیاسیدا گرینگ‌ترین و بە ئێعتبارترین رێککەوتننامەیە لە نێوان خەڵک و حکوومەتدا. ئەوسەنەدە لە روخسارو نێوەرۆکدا بناخەیەکی گرینگی قانوونییە بۆ ڕێکخستن و سازماندانی کۆمەڵگا لە بواری فەرهەنگی،سیاسی وئابووری و پاراستنی مافی تاکە کەسی هەتا مافی گشتی و دامەزراندنی پێوەندیی ئاشتییانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەتا شەڕ و ناخۆشی ... .

بەپێی ئەو پێناسەیە دەبینین بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵسوکەوتی رۆژانەیان لە گەڵ گەلانی ئیران و لە پێوەندییە سیاسی و ئابووری و فەرهنگییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ئیراندا بە پێی قانوونی بنەڕەتی هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەگەر سەرنجێکی دیکە بدەینە ئەسڵ و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئیران زیاتر نییەت و نیازی کۆماری ئیسلامیمان دەربارەی دەست تێوەردان لە بەرێوەبەریی وڵاتانی دراوسێدا بۆ دەردەکەوێ. خاڵی ١٦ی ئەسڵی٣ی قانوونی بنەڕەتی باس لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دەکا و دەڵێ: «دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر پێوانەکانی ئیسلام، پەیمانی برایانە لە بەرامبەر هەموو موسوڵمانان و پشتیوانی و پارێزگاری بێ ئەملاوئەولا لە زۆرلێکراوانی جیهانە.» بۆ وەدیهێنانی ئەوئامانجە، قانوونی بنەڕەتیی ئیران دەڵێ: «دنیای ئیسلام پێویستیی بە رێبەرێکی بەهێز هەیە کە ئەویش لە رێگای حاکمییەتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهەوە بە ئەنجام دەگا.» بە پێی پێناسەکان و رفتار و کرداری وەلیی فەقیهـ لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە روونی و ئاشکرا بە گەلانی ئێران و دنیای ئیسلام دەڵێ کە وەلیی فەقیهـ نوێنەری خوا لەسەر زەوییە هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زەمان. لەو شێوە تێڕوانینە بۆمان دەردەکەوێ کە «ولایت فقیه» دنیای بە سەر دووبەرەدا دابەش کردوە: بەرەی ‹›حق›› و بەرەی ‹›باطل›› کە لە ڕوانگەی بیری کۆماری ئیسلامییەوە ئەو دوو بەرەیە بەدائیم لە حالی شەڕدان و بە خوێندنەوەی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە نوێنەری بەرەی «حق»دەزانی و بۆشەر لەگەڵ بەرەی «باطل» پێویستیی بە کۆکردنەوەی هێزلە سەرانسەری دنیای ئیسلام هەیە و بۆ ڕەواییبەخشین بەو بیروبۆچوونە قانوون‌دانەر لە سووڕەی ئەنفال کەڵکی وەرگرتوە و لەئەسلی ١٥١ی قانوونی بنەڕەتیدا بەم شێوەیە هێناویەتی کە: «هەتا دەتوانن هێزو ئەسپی سواری ئامادە بکەن هەتا دوژمنانی خواو خۆتان...و ئەوانە کە ئیوە نایانناسن و خوا دەیانناسێ ...بترسێنن.»

هەروەک پێشتر باسمان کرد ئەودەوڵەت و دەسەڵاتەی لە هەموان زیاتر لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی ئالۆزی و شەر و پێکدادان و خولقاندنی دووبەرەکی لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرە ئایینی و مەزهەبی، نەتەوەیی و عەشیرەیییەکان،حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لە هەموو دەوڵەتان زیاتر لە دروستکردن و پێگەیاندنی تاقم و گرووپی توندئاژۆدا بە ناوی جۆراوجۆری ئیسلامی دەستی هەبووە، هەر بۆیە لە هەموو دەوڵەتانی ناوچە زیاترخوێنی بەناحەقڕژاوی خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتانە دەکەوێتە ئەستۆی و ئەگەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ئەو نیزامە هەر لەسەر ئەو رەوتە بەردەوام بێ درەنگ یان زوو ئەو سیاسەت و کردارە ئاژاوەگێرانەیە پێچەوانە دەبێتەوە و بە رووی دەسەڵاتدارانی تاراندا دەتەقێتەوە و ئەو کات دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەزانن باجی دەستتێوەردانی نابەجێ و دوژمنانە لەو وڵاتانەدا چەندە بۆگەلانی ئێران قورس و زیانبار بووە.



# ژنان و بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا

سیاسی



ڕێبوار مەعڕووفزادە

بۆ هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پارلمانی ئێران ١٢١٢٣ کەس ناونووسییان کردوە کە لەو ژمارەیە ١٤٣٤ کەسیان ژنن؛ واتە نزیک ١٢٪ی کاندیدەکان ژنن. بە گشتی ناونووسی بۆ هەڵبژاردنی پارلمانیی خولی دەیەم زیاتر لە دوو قات بووە و لە ٥٣٩٥ کەس لە خولی نۆیەمدا بۆتە ١٢١٢٣ کەس. ڕێفورمخوازان رایان‌گەیاندوە کە بە هەبوونی کاندیدێکی زۆر دەیانەوێ تێچووی رەتکردنەوەی کاندیدەکان بۆ شوورای نیگابان بەرنە سەرێ. هەروەها چالاکانێکی سیاسی وەک «حشمت الله طبرزدی» هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی تا ئەو جێگایەی دەکرێ لە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ شوێن‌دانان لەسەر فەزای سیاسیی ئێران کەڵک وەربگرن. ژنانیش چ وەک بەشێک لە ڕیفورمخوازان و چ وەک کاندیدای سەربەخۆ بە شێوەیەکی بەرچاوتر هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی پیاوانەبوونی پارلمانی ئێران و بە گشتی پیاوانەبوونی سیاسەت لە ئێران بخەنە ژێر پرسیار. ئەم وتارە بەشێکی باس لە ڕۆلی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ئێران دەکا و بەشێکی دیکەشی جەخت لەسەر چالاکبوونی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان‌دا دەکا.

بەشداریی ژنان لە پارلمانی ئێران

لە ٩ خولی پارلمانی ئێران بە هەمووی تەنیا ٧٨ ئەندام پارلمانی ژن هەبوون؛ لەو ژمارەیە ٢٨ کەسیان زیاتر لە جارێک بوونەتە ئەندامی پارلمان. واتە تەنیا ٥٠ ژن لە ٩ خولی ڕابردوودا بوونەتە ئەندامی پارلمان. زیاترین ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پارلمانی ئێران‌دا دەگەڕێتەوە بۆ خولی پێنجەم کە ئەویش تەنیا ١٤ کەس هەبوون. تەنانەت پارلمانی خولی شەشەم کە ڕیفورمخوازان لە پارلمان‌دا زۆرینە بوون و ڕێژەی بەشداریی ژنان لە دەنگدان‌دا ٦٠٪ بوو، تەنیا ١٣ ژن بوون بە ئەندامی پارلمان. ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پارلمان هەمیشە لە ٥٪ کەمتر بووە و ئەوە لە ئاستی جیهانی و تەنانەت ناوچەییدا ڕێژەیەکی زۆر کەمە. هەڵبەت بەرچاونەبوونی ڕۆڵی ژنان لە پارلمان‌دا بەشێکی لەبەر کەمیی ژمارەیان بووە و بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی بەشداریی ئەوان لە پارلمان‌دا. پارلمانتارانی ژن لە خولی پێنجەمدا بۆ یەکەم جار وەک دەستەی سەرۆکایەتیی پارلمان هەڵدەبژێرێن و»سهیلا جلودارزادە» وەک سکرتێری دەستەی سەرۆکایەتی پارلمان هەڵبژێردرا [٤].جێگەی سەرنج ئەوەیە کە زۆر لە پارلمانتارانی ژنی ئەو ٩ خولەی پارلمانی ئێران لە پارێزگای تاران و بە تایبەتی خەڵکی شاری تارانن؛ لە ٥٠ ژن کە تاکوو ئێستا بوونەتە پارلمانتار، ٢٧ نوێنەر لە تاران هەڵبژێردراون. لە ناونووسیی ئەمجارەش لە کۆی ١٤٣٤ ژن کە ناویان بۆ خولی دەیەمی پارلمان نووسیوە، ٥٠٨ کەسیان لە پارێزگای تارانن. دوای پارێزگای تاران، پارێزگاکانی ئیسفەهان، خوراسانی رەزەوی و فارس بە تەرتیب بە ١١٩، ١٠٨ و ٧٧ کەس، زیاترین بەشداریی ژنانیان لە ناونووسیی خولی دەیەمی پارلمان‌دا هەیە. ئەمە دەرخەری ئەوەیە لە شارە گەورەکان ڕێژەی بەشداریی ژنان لە سیاسەت‌دا زیاترە و ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە دەرەتانی خۆپێگەیاندن و دەرکەوتنی ژنان لە شارە گەورە و پێشکەوتووەکان زیاترە. هەروەها ڕێفورمخوازان بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە هەوڵیان داوە ژنان هان بدەن بۆ ناونووسی بۆ ئەوەی دەنگی ژنان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئەمجارە هەڵبژاردنی پارلمان و خوبرەگان پێکەوە بەڕێوە دەچێ و ژمارەیەک ژنیش خۆیان بۆ ئەو پارلمانە کاندیدا کردوە. بە گشتی ئەمجارە ژنان زیاتر هەنگاویان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا هەڵێناوەتەوە و ڕەنگە لە سەر بردنەسەری ڕێژەی دەنگدانیش کاریگەر بێ.

بەشداریی ژنانی خۆرهەلاتی کوردستان لە پارلمانی ئێران‌دا

بەشداریی ژنانی خۆرهەلاتی کوردستان لە ٩ خولی پارلمانی ئێران‌دا زۆر کەم بووە. لە خولی چوارەم‌دا ئەختەر درەخشەندە لە پارێزگای کرماشان بۆتە نوێنەری پارلمان. لە پارێزگای سنە و ئیلام هیچ ژنێک تاکوو ئێستا نەبۆتە پارلمانتار. لە پارێزگای ورمێ، تەنیا شەهربانوو ئەمانی لە خولی پێنجەم و شەشەم دا بۆتە نوێنەری پارلمان کە ئەویش لە نەتەوەی تورک بووە. واتە لە ٩ خولی ڕابردوودا تەنیا یەک ژنی کورد ئەندامی پارلمانی ئێران بووە.لە چوار پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا، سنە، کرماشان و ئیلام بۆ ئەم خولەی پارلمان بە تەرتیب ٣٨، ٢١، ٢٠ و ٧ ژن ناونووسییان کردوە. هەرچەند ڕێژەی بەشداریی ژنانی کورد لەو چوار پارێزگایە زۆر کەم بوو، بەڵام سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی راکێشا. کۆمەڵێک لە ژنانی کاندیدای کورد بە جلی کوردییەوە چوون بۆ ناونووسین کە هەم رەهەندی ژن‌بوونی ئەوان و هەم رەهەندی کوردبوونی ئەوانی بەرجەستە کردەوە. لە مەهاباد، عایشە عەبداڵی و لە ورمێ، راحیلە ئەمینی بە جلی کوردییەوە چوون بۆ ناونووسی. هەر ئەو دەرفەتە سادانە یارمەتیی ئەوە دەکەن کە ژنان بەردەنگ بن و بتوانن پەیامی خۆیان بە کۆمەڵگە بگەیەنن.

ژنان بە خۆکاندیداکردن و بەشداری لە ململانێکانی هەڵبژاردن‌دا و بوون بە ئەندامی پارلمان دەرفەتێکی ماددی ـ ئیداری واقیعی‌تریان دەبێ بۆ ئەوەی لە فەزای سیاسی‌دا چالاکتر بن. کەسانێک وەک حاسڵ داسە، عەبدوڵڵا سوهرابی و جەلال جەلالی‌زادە بە بوون بە نوێنەری پارلمان، بوون بە چالاکێکی دیاری نێو فەزای سیاسیی کوردستان، لە کاتی پارلمانتارنەبوونیش‌دا چالاک بوون و ئێستاش بۆ جارێکی دیکە هاتوونەتەوە نێو گۆڕەپانی هەڵبژاردن. هەر بە شێوەی ئەو کەسانە، ژنانێکیش دەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە فێری سیاسەت بن و لە مەیدانی سیاسەت‌دا چالاک بن. دیارە ژنانی وریا دەتوانن پرسی فێمێنیزمیش باشتر ببەنە پێش ئەگەر پێگەیەکی قانوونی ـ ئیداریی باشتریان هەبێ. شاراوە نیە کە لە کەلتووری کوردەوارییش‌دا پیاوسالاری هەیە، هەر بۆیە دیتنی ژنان لە پێگەی بەهێزدا کارئاسانی دەکا بۆ ئەوەی کوردستان زیاتر ببێتە خاوەنی کەلتوورێکی مرۆڤتەوەر کە لەودا ژنان بە سووک سەیر ناکرێن و بە پێی لێهاتوویی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ.

سەرچاوەکان:

- نامزدهای زن انتخابات مجلس: ١٠ درصد، سایت رادیو زمانه
- کرسی زنان ایران در ٩ دوره مجلس شورای اسلامی، سایت باشگاه خبرنگاران جوان
- دلایل ضرورت مشارکت سیاسی زنان در انتخابات مجلس، سایت افتاب
- زنانه ترین انتخابات خبرگان/ مشارکت زنان فقیه برای اولین بار در مجلس خبرگان، سایت گولان سقز

سیاسی

# داهاتووی ناڕوونی سووریە لەنێو بازنەی ئەکتەرە دەرەکییەکان



رەحمان پیرۆتی

نارەزایەتییەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی لە ماوەیەکی کورتدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقایان گرتەوە کە لە نێویاندا پرسی سووریە گرینگترین و کارەساتبارترین بابەتی پێنج ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

سەرەتا داخوازیی ناڕازییانی سووریە ئاراستەیەکی هێمنانەی هەبوو، بەڵام پاشان بە دەستتێوەردانی رێژیم ئاراستەی داخوازییەکان گۆڕا، بەوەش سەرکوتی ناڕازی و نەیاران رۆژبەڕۆژ زیاتر بوو. دواتریش بە ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە ودەستتێوەردانی دەرەکی، زۆربەی لایەنەکان کەوتنە نێو بازنەی شەڕێکی بێ ئاکام. بە درێژەکێشان و قووڵتربوونەوەی پێکدادانەکان و هەروەها دەستتێوەردانی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش، سووریە بووەتە گۆڕەپانی ململانێ و پاکانەحیسابکردنی ئەکتەرە سەرەکییەکان. بە جۆرێک کە شەڕی نێوخۆیی سووریە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە و لەدەستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆیی دەرکەوتوە و ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان رۆڵی یەکلاکەرەوە و سەرەکییان وەرگرتوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا کە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن رێژیمی ئەسەدەوە هەڕەشەی لە نێوبردنی ئەو رێژیمەیان دەکرد، دوای وەڕاستگەڕانی ئەو دەنگۆیانە پاشەکشەیان لە هەڕەشەکانیان کرد. دوای ئەو پاشگەزبوونەوەیە و هەروەها رێککەوتنی واشنگتۆن و مۆسکۆ بۆ لەنێوبردنی چەکە شیمیاییەکانی سووریە، پرۆژەی لەنێوبردنی رێژیمی ئەسەد لە رێگەی هێرشی نیزامیی دەرەکییەوە شکستی هێنا.

دوای پاشەکشەی ئەمریکا لە هەڕەشەکانی، شەڕی نیابەتی لە سووریە چووە قۆناغێکی تازەوە و دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو. شەڕێک کە لەلایەک هێزەکانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پاراستنی رێژیمی بەشار ئەسەد رۆڵی تێدا دەگێڕن و لەلایەکی دیکەش و لە دژکردەوە بەو دەستتێوەردانانەی رێژیمی ئێران و هەڵوێستی لاوازی رۆژئاواییەکان، کۆمەڵێک گرووپ و تاقمی چەکدار لەلایەن وڵاتانی عەرەبی سوننی مەزهەبی ناوچە وەک عەرەبستانی سعوودی و قەتەر و هەروەها تورکیە پێکهاتوون و پاڵپشتی دەکرێن بۆ پاراستی قازانجی خۆیان و هەستی ناسیۆنالیسمی عەرەبی و پێشگرتن لە دابرانی وڵاتێکی عەرەبی و کەوتنی بەتەواوی بەلای ئێراندا. ئەو وڵاتانە لە بەرامبەر ئێراندا، ناڕاستەوخۆ بەڵام راشکاوانەتر لە پێشوو، لە سەرکەوتنی نیزامی لە بەرەکانی شەڕی سووریەدا دەگەڕێن. کاتێکیش سەرمایەدانان لەسەر هێزەکانی ئەرتەشی ئازادی سووریە ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، رێکخراوەکانی ئیسلامی سەلەفیی توندڕەوی هاوشێوەی داعش و بەرەی نوسرە سەریان هەڵدا و بەهێز بوون.

دوای پێنج ساڵ، دوورە دیمەنی شەڕ و رۆڵگێڕانی ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان لە شەڕی سووریەدا، بە دەستتێوەردانی راستەوخۆی رووسیە و پێکهێنانی بەرەی چوارقۆڵیی رووسیە، ئێران، عێراق و سووریە لە سێپتامبری ٢٠١٥دا بۆ بەناو شەڕ دژی تیرۆر، لاپەڕەیەکی نوێ لە قەیرانی سیاسی- نیزامیی سووریە سەری هەڵدایەوە.

رووسیە بە مەبەستی یارمەتیدانی هاوپەیمانی لەمێژینەی واتە سووریەو پێکهێنانی بەرەیەکی ناوچەیی بۆ خۆدەرخستنەوەی وەک زلهێزێکی جیهانی و رەخساندنی کەشێکی سیاسی کە تێیدا وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا ناچار بکات تێڕوانینی رووسیە لەبارەی ئۆکراینەوە زیاتر لەبەرچاو بگرن، راستەوخۆ بەشداری شەڕی سووریەی کرد. بە لێکدانەوەی رووسیە ئەگەر رێژیمی ئەسەد لە دەسەڵات بکەوێ، ئاڵۆزییەکی درێژماوە باڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا دەکێشێ، یان رێکخراوەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش پێشڕەوی دەکەن.

رەنگە رۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکاش لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناتەبا نەبن، لە دۆخێکی وەهادا لەنێوبردنی رێژیم و ئەرتەشی سووریە ئەو مەترسییە دروست دەکا تا ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی کارەساتبار بکەوێتە دەست گرووپە ئیسلامییە سەلەفییە توندڕەوەکان. بە بەشداریی راستەوخۆی رووسیە بیرۆکەی نیزامی بۆ رووخانی




رێژیمی ئەسەد کەمڕەنگتریش بۆتەوە و رەهەندە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان بۆ قەیرانی سووریە ئەولەویەتیان پێدەدرێ.

گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیە و رووسیەش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوە. ئەنکەرە و مۆسکۆ کە لەسەر بۆردومانکردنی گرووپە سووریەکانی سەر بە تورکیە و بەرداناوەی فڕۆکەی شەڕکەری رووسیە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥دا پەیوەندییەکانی نێوانیان تێکچووە و پێش ناچێ بەو نزیکانە گرژیی نێوانیان خاو بێتەوە و بگەڕێتەوە دۆخی جاران. قووڵبوونەوەی ناکۆکیی تورکیە و رووسیەش کاریگەریی لەسەر بەردەوامیی ئاڵۆزییەکانی سووریە دەبێ.

گرینگترین هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهاتنی قەیرانی سووریە دانوستانەکانی ڤییەن بوون کە بۆ گەیشتن بە رێگە چارەیەکی سیاسی بە بەشداری ١٧ وڵات لەپاڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بە رێبەریی رووسیە و ئەمریکا لە ساڵی رابردوو بەڕێوە چوون. گرووپی نێودەوڵەتیی پشتگیری لە سووریە پێکهاتوو لە وڵاتانی وەک ئەمریکا، رووسیە، عەرەبستان، تورکیە و ئێران لە کۆتایی ئەو دانوستانانەدا بە واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی ڤییەن لەسەر هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی وتووێژی سیاسی لەسەر پرسی سووریە، بە راگەیاندنی ئاگربڕ و گرژیسڕینەوە رێک کەوتن.

دانیشتنی ڤییەن ٢ش کە قەرارە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا بەڕێوە بچێ بۆ ئەوەیە کە بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی سووریە، هەوڵەکان بۆ لەنێوبردنی داعش و گرووپە ترۆریستییەکانی دیکە چڕتر بکاتەوە. ئەو دانیشتنە هەوڵێکە بۆ لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و رێککەوتن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوانیان کە گرینگترینیان چارەنووسی بەشار ئەسەد و قۆناخی گواستنەوەی دەسەڵات لە سووریەیە. هەرچەند لە دانیشتنی ساڵی رابردووشدا کۆمەڵێک بابەتی وەک قانوونی بنەڕەتیی نوێ و هەڵبژاردن باسیان لێکراوە، بەڵام کێشە و ناکۆکیی جیدی لەنێوان لایەنەکان لەسەر داهاتووی سووریە و شێوازی گۆڕین و گواستنەوەی دەسەڵات لەو وڵاتەدا هەروا بەردەوامە. ناکۆکیی قازانجی لایەنەکان و سووربوونیان لەسەر تێڕوانین و پاراستنی قازانجەکانیشیان وا دەکا ئاسۆی چارەسەری قەیرانی سووریە و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لەو وڵاتە، لە داهاتوویەکی نزیکدا روون نەبێ و ئەو وڵاتە بەو زووانە رووی ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێ.

سیاسی

# گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و عەڕەبستانی سعوودی!



ڕەزا محەممەدئەمینی

رۆژی شەممە ١٢ی بەفرانبار (٢ی ژانویە) عەڕەبستانی سعوودی شێخ «نمر باقر النمر» ڕووحانیی نارازیی شیعەی وێرای ٤٦ کەسی دیکە بەتاوانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە سێدارە دا. لەسێدارەدرانی ناوبراو نارەزایەتی و رق و تووڕەیی زۆری لە نێو شیعەکان بەتایبەت لە ئێراندا لێکەوتەوە، بەجۆرێک کە دەستو پێوەندەکانی رێژیمی ئێران هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تاران و ئاگریان تێبەردا. هەرلەو پێوەندییەدا لە شاری مەشهەدیش هێرش کرایە سەر باڵەخانەی کۆنسوولگەریی عەڕەبستان. عەلی خامەنەیی و سپای پاسداران و بەکورتی زۆربەی دەمڕاستەکانی رێژیم بەتوندی بە دژی عەڕەبستان دوان و وێڕای هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر، ئەو کردەوەیەیان مەحکووم کرد. دیارە لە وڵاتانی دیکە وەک بەحرەین و سووریە و عێراق و لوبنانیش، شیعەکان هاتنە دەنگ و لەسێدارەدانی ناوبراویان مەحکووم کرد. بە وتەی میدیاکان، ناوبراو ساڵی ١٩٨٠ لەپاش تەواوکردنی خوێندن، چۆتە ئێران و سەردانی شاری قۆمی کردوەو پاشان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنە ئایینییەکان ڕووی لە سووریە کردوە و دواتر گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی و بۆتە پێشنوێژ و وتارخوێن.

هەرچەند هێرش و ئاگرتێبەردانی باڵوێزخانەی عەڕەبستان لە تاران لەلایەن حەسەن ڕووحانی و بەشێک لە بەرپرسانی نیزیک لە دەوڵەتەوە مەحکووم کرا و تەنانەت وەک بۆخۆیان دەڵێن ٥٠ کەسێکیشیان قۆڵبەست کردوە، بەوحاڵەش ئەو دەستدرێژییە بێ وەڵام نەمایەوە و عەڕەبستان لە یەکەم هەنگاودا هەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پچراندو ٤٨کاتژمێری دەرفەت دا بە باڵوێز و بەرپرسانی ئێرانی کە خاکی ئەو وڵاتە بەجێ بێڵن. یەکیەتیی وڵاتانی عەڕەبی و زۆربەی دۆست و هاوپەیمانەکانی عەڕەبستانیش هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەیان مەحکووم کرد و وڵاتانی بەحرەین و سوودانیش پێوەندییە سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ تاران پچراند و ئەمیرنشینە یەکگرتووەکانیش ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دابەزاند. لەو بەینەدا ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپاش ڕایانگەیاندوە لەگەڵ قووڵبوونەوەی گرژییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا نین و خوازیارن پێوەندییەکانیان ئاسایی بکرێنەوە.

شک لەوەدا نیە کە ڕەوتی ڕووداوەکان و دەرئەنجامەکانی لەسێدارەدرانی شێخ نەمیر کە نیزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر لەکاتی ڕاکردن لەچنگ هێزەکانی پۆلیسی سعوودیدا بە برینداری گیرا، هەروەها هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی عەڕەبستان، کاریگەریی زۆری لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییە لەمێژینەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو وڵاتە و پچرانی پێوەندییە سیاسییەکانیان دەبێ و دەتوانێ سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پێکهێنانی کێبەرکێ و دژایەتی ئەو دوو زلهێزە ناوچەییە بێ. بەتایبەت کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەردوو حکوومەت لە کێشە و شەڕە نێوخۆییەکانی یەمەن و عێراق و سووریە لە دوو بەرەی بەتەواوی جیاوازدا چالاک بوون و زۆر بە ڕژدی دژایەتی یەکتریان کردوە.

هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، پێوەندییەکانی ئەو دوو حکوومەتە ئاڵۆز و تێکەڵ بە کێبەرکێ و بەربەرەکانی بووە. کۆماری ئیسلامی بە بەرزکردنەوەی دروشمی ناردنەدەرەوەی شۆڕش (صدورانقلاب) لە ڕاستی دا هەر لەسەرەتاوە نیشانی دا لەسەر سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و دەستتێوەردان لە کێشە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچە مکورە و تەنانەت بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی لەهیچ کردەوەیەک ناسڵەمێتەوە.

لەبەرانبەریشدا عەڕەبستانی سعوودی بەپێی ئەو جێگە و پێگە دینی و ئابووری و سیاسییە کە لە نێو وڵاتانی عەڕەب و موسڵماندا هەیەتی، لە بەربەرەکانیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بووە و وەک نەیار و ڕەقیبێک ڕوانیویەتیە ئەو حکوومەتە. لەشەڕی نێوان ئێران و عێراقدا کە لەسەرپێداگریی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ٨ساڵ درێژەی کێشا، هەرچەند عەڕەبستان لەسەرەتادا بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام دواتر پشتیوانیی لە عێراق کردو یارمەتییەکی زۆری ئەو وڵاتەی دا. ئەو هەڵوێستەی عەڕەبستان و چەند ڕووداوی دیکە وەک کوژرانی سەدان حاجیی ئێرانی لە رێوڕەسمی» بەرائەت لە موشریکین» لە ساڵی ١٣٦٦دا، بەتەواوی پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی بەرەو گرژی برد.

هەرچەند لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ساڵە و لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا پێوەندییەکانی دوو حکوومەت تاڕادەیەک بەرەو هێوربوونەوە ڕۆیشتن، بەڵام لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە دوای شەڕ و پێکدادانەکانی عێراق و یەمەن و سووریە، ئەو گرژییانە زەقتر و بەرینتر لە پێشوو سەریان هەڵدایەوە. دیارە کوژرانی سەدان حاجی لە کاتی زیارەتی کەعبە لە چەند مانگی ڕابردوودا کە دیسان بوو بەهۆی نارەزایەتیی بەرینی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و بەشداریی سازماندراوی زیاتر لە ٢ میلیۆن کەس زیارەتکاری ئێرانی لە ئەربەعینی حوسێنی لە شارەکانی کەربەلاو نەجەف ـ لە جیرانەتی عەڕەبستاندا ـ لەلایەکی دیکە، دەکرێ بڵێین کێشەی ئەو دوو وڵاتەی وەک نوێنەرانی دوو جەمسەری شێعەو سوننە لە جیهانی ئیسلامدا گەیاندە ئاستێکی هەستیارتر لە پێشوو.

لەسێدارەدرانی ئەو شێخەی شیعەکانیش لە عەڕەبستانی سعوودی، کە بەڕوونی دیارە تەواو کاریگەریی دژایەتی و ڕق و دوژمنایەتیی ئەو دوو حکوومەتەی پێوە دیارە و ڕەنگە ئەگەر پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو وڵاتە تاڕادەیەک کەمتر گرژ بووبان، لەجێدا ناوبراو هەر لە سێدارەش نەدرابا، درێژەی ئەو پێوەندییە ناسالمەیە کە ئەو دوو حکوومەتە ئیسلامییە بەیەکەوە هەیانە. هەردوو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و عەڕەبستانی سعوودی لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا، دوو رێژیمی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەرن و بە داسەپاندنی حوکمە شەرعییەکان و بە دوور لە عورف و قانوونە پەسندکراوەکانی سەردەم، مافی مرۆڤ بە توندترین شێوە پێشێل دەکەن. هەردوو حکوومەت بەدەیان جار لەلایەن رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ بەتایبەت کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەهۆی لەسێدارەدانی لەڕادەبەدەری زیندانییان مەحکووم کراون و ناویان لە سەرووی لیستی ئەو رێژیمانەیە کە سزای لەسێدارەدان بەڕێوە دەبەن. ئەگەر عەڕەبستانی سعوودی لە ڕۆژێکدا ٤٧ زیندانی سیاسی بەتاوانی کردەوەی تیرۆریستی لەسێدارە دەدا، کۆماری ئیسلامی بە دەیان نموونەی زۆر لەوە گەورەتری لە کوشتار و لەسێدارەدانی خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی لاوان و شۆڕشگێڕانی کورد لە کارنامەدایە. هەربۆیەشە ئەو قورپێوانەی خامەنەیی و دەمڕاستەکانی رێژیم بۆ شێخ ‹‹نمر باقرالنمر››، دەکرێ وەک بەداخ بوونی رێژیم بۆ لە کیسچوونی یەکێک لە هەڵسووراوەکان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی سەیر بکرێ، نەک دژایەتی لەگەڵ دیاردەی کوشتن و لەسێدارەدان.

شک لەوەدا نیە کە هەتا کێشە و شەڕ و نائارامییەکانی وڵاتانی وەک یەمەن و عێراق و سووریە و... لەگۆڕێدا بن، لەلایەک مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕی گەورەتر لە نێوان زلهێزە ناوچەییەکانی وەک کۆماری ئیسلامی و عەڕەبستانی سعوودیدا لەئارادایە و لەلایەکی دیکەش بە لەبەرچاوگرتنی کێشە مەزهەبییەکانی نێوان شوێنکەوتووانی دوو مەزهەبی شیعە و سوننە، بەتایبەت پاش لەسێدارەدانی شێخ نەمیر ئەگەری شەڕ و تێکهەڵچوون لەو ناوچە و وڵاتانەدا کە شیعە و سوننەکان بەیەکەوە دەژین لەگۆڕێدا هەیە. جگە لەوەش زۆر دوور نیە کۆماری ئیسلامی لەداخی عەڕەبستان و بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەڵسووراوە سوننەکان و ئازادیخوازانی غەیری شیعەش بێ، گەڕێکی دیکە لە کوشتار و لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ لە بەندیخانەکانیدا وەڕێبخاتەوە، هەرچەند لەسێدارەدان بە بیانوو و تاوانی جۆراوجۆر، کارو پیشەی هەمیشەیی رێژیمی پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامی بووە.

# گرێدانی خەباتی چەکداری بە خەباتی جەماوەری‌یەوە

سیاسی



خالید حەسەنپور

دوای لەتبوون، حدک هەوڵی دا جگە لەبواری سیاسی لە پێوەندی دەگەڵ مێتۆد و شێوازەکانی خەباتیشدا هێندێک ئاڵوگۆڕ پێکبێنێ . سەرەتای ئەو هەوڵانە بە حوزووری هێندێک دەستەی ڕچەشکێنی کادر و پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات دەستی پێکرد و لە ساڵانی دوایی‌دا ئەو هەوڵانە بەستێنی خەباتی مەدەنییشیان گرتەوە. ئامانجی بنەڕەتیی حیزب ئەوە بوو لەلایەک دوای دوو دەیە ڕاوەستانی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگە، ئەو بەستێنە بە حوزووری پێشمەرگە ئاوەدان بکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە هەوڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندە ناوچەیی‌یەکانی دەربارە پەراوێزکەوتنی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پووچەڵ کاتەوە و جارێکی دیکە مەسەلەی کورد لەو بەشەدا بێنێتەوە نێو ڕۆژەوی سیاسی‌یەوە. هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی یەک ڕەهەندی بێتە دەر، گرینگی‌یەکی زیاتری بە خەباتی چالاکانی سیاسیی نێوخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا دا، کە لەو چەند ساڵەدا پانتایی‌یەکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بۆ خۆیان تەرخان‌کردوە .

تێکۆشان لە بەستێنی خەباتی پێشمەرگانەدا دوای دوو دەیە ناوبڕ، جگە لەوە کە لە بواری تەداروکات، ڕێکخستنی پێرزۆناڵ و بارودۆخی نوێی ئەمنیەتی‌یەوە سەخت و دژوار بوو، لە بواری ڕاگواستن و هاتوچۆشدا بەسەرنجدان بە سنووردداربوونی ئیمکاناتی حیزب لە باشوور، ئەرکێکی قورس بوو. ئەگەر لێبڕاویی سیاسی و ئیمانی قووڵی حدک و قارەمانەتیی کادرو پێشمەرگەکانی نەبایە، ئیمکانی حوزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات بەسەرنجدان بە تەنگوچەڵەمەکانی سەر ڕێگا لە تراویلکەیەک زیاتر نەبوو.

دەگەڵ ئەوەی تێکۆشانی ئەوچەند ساڵەی پێشمەرگەی حدک، هیوا و هومێدێکی بەرچاوی بە بزووتنەوەکە بەخشیوە، بەڵام لە کەس شاراوە نیە کە درێژەدانی ئەم شێوازە لە ناردنەوەی تیمەکان، بەسەرنجدان بە بوونی ناوەندی حیزب لە باشوور و تەنگ و چەڵەمە قانوونی‌یەکانی هەرێمی کوردستان و باندۆرێک کە لەسەر پێوەندی‌یەکانی هەرێم و کۆماری ئیسلامی هەیەتی و دەیبێ، دوورەدیمەنی ئەو شێوە تێکۆشانە زۆر نادیارە. بۆیە ئەو قۆناغە لە رووی شکاندنی تەلیسمەکە دوای ناوبڕێکی زۆر، وەسەریەکنانی تاقیکاری و ناسیاوی ( شناخت)، شتێکی پێویست و زەرووری بوو و دەکرێ وەک قۆناغێکی سەرەتایی بۆ هەنگاوگەلی دیکە لە داهاتوودا چاوی لێ‌بکرێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئاستی تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات بەجۆرێک بەرینە سەر کە وەڵامدەری قۆناغەکە و هەستی خەبات‌خوازانەی خەڵک بێ، لەلایەک بەسەرنجدان بە سنووردداربوونی توانایی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە لایەکی دیکە بەهۆی سنووردداربوونی نەوعی تێکۆشانەکە کە تێکۆشانێکی چریکی‌یە، ناتوانین لە هەموو توانایی و پۆتانسیەلەکانی نێو کۆمەڵانی خەڵک بەجۆرێک کەڵک وەرگرین کە شیاوی ئەو قۆناغە لە خەباتبێ .

لە ڕاستی‌دا دوو هۆکاری بنەڕەتی تێکۆشانی دەستەکانی پێشمەرگە لەنێوخۆی وڵاتیان هەرچی زیاتر سنووردار کردوە: یەکەم هۆکاری نێوخۆیی‌یە کە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و سیستەمی میلیتاریستیی کۆماری ئیسلامی. دووهەم هۆکار کە دەرەکی‌یە، بوونی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی سیاسیی ناوچە وەک پشتی بەرەی ئەو خەباتەیە. کۆماری ئیسلامی لە نەبوونی جووڵانەوەیەکی بەهێز و کاریگەر، لە بەشەکانی دیکەی ئێران یان نەبوونی کێشەیەکی جیدی دەرەکی‌دا، گوشارە ئەمنییەتی، پۆلیسی و میلیتاریستی‌یەکانی خۆی کۆکردۆتەوە سەر کوردستانی ئێران. کێشەیەک کە گەلی کورد دەکرێ بڵێین بەدرێژایی مێژوو لە کوردستانی ئێران بە تەنیایی دەست وپەنجەی دەگەڵ نەرمکردوە. ئەو بارودۆخەش پارسەنگی هێزی بەجورێک لە ئێران بە سوودی دەوڵەت گۆڕیوە و جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵات خستۆتە پەراوێزەوە. بێگومان کۆی ئەو هۆکارانە شوێنەواری قووڵی لەسەر پێوەندیی خەڵک و پێشمەرگە وەک دوو فاکتۆری بنەڕەتیی ئاڵوگۆڕەکە داناوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەگەڵ ئەوەی توانیویەتی مافە نەتەوایەتی‌یەکان و ئاسایشێکی باش بۆ کوردی باشوور دابین بکا، بەڵام بەهۆی ستاتۆی حکوومەتەکە کە فیدرالی‌یە و نەوعییەتی حکوومەتەکە کە کوردی‌یە، هەروەها بە سەرنجدان بە فاکتۆری حەشیمەت، زەوی و موقعییەت، دیوارەکەی کوردستان و دۆخی حیزب لە باشوور، ئەگەر لە حالی ئێستادا مەحاڵ‌نەبێ، لانیکەم هاسان نیە. بۆیە لە نەبوونی ئیمکانێکی ئەوتۆدا ئاسایی‌یە کە حدک و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بۆ درێژەدان بە خەبات بە دوای ڕێکاری دیکەی گونجاودا بگەڕێن .

بە سەرنجدان بەو هۆکارانەی سەرێ، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، لەبارەی شێوازی تێکۆشان و مێتۆدی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەمبەر وەرچەرخانێکی قووڵی فکری‌دان. ئەویش ئەوەیە کە دەگەڵ ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک‌دا خاوەنی خۆشەویستی و پرستیژێکی تایبەتە ، بەڵام ئەوەی هێزی بزوێنەری خەبات و دینامیزمی ئاڵوگۆڕە هەر کۆمەڵانی خەڵک خۆیانن. لەم قۆناغەدا



لە هەموو حکوومەتێکی دیکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن پرسی کوردن و یەک لەوان ئێران، نزمترە . ئەوە کە ئەو حکوومەتە لەو جۆغرافیایەدا، هەم باری ئابووریی خۆی بە بێ یارمەتیی دراوسێکانی ئیدارە بکات و هەم یارمەتیی جووڵانەوەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بدا، زۆر چەتوونە .

لەبەر ڕووناکیی ئەو ڕاستی‌یەدایە کە تێکۆشانی دەستەکانی پێشمەرگە لەو چەند ساڵەدا، ئەگەرچی نەوعێک ڕچەشکێنی بووە و هەیە، بەڵام بەرهەمی ئەو شێوازە تیکۆشانە زۆر کەمتر لە بارستایی ئەو زەحمەت و

> **بۆ ئـەوەی بتوانین لە هەموو پۆتانسییەلەکانی گەل کەڵک وەرگرین، پێویستمان هەم بە باسکێکی نیزامی و هەم باسکێکی سیاسی هەیە. هەر دووک باڵەکە بە پاراستنی خودموختاری خۆیان، پێویستە لە ژێر ڕێنوێنی و سیاسەتی گشتیی حیزبدا کار و ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن**

دژواری‌یانە بووە کە هەتا ئێستا هاتۆتە سەر ڕێگای ئەو تیمانە. ئەگەر بمانەوێ شێوازی هەتا ئێستای تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لەوە کە هەیە بەرهەمدارتربێ، پێویستمان بە پشتی بەرەیەک لە چەند شوێنی سنووری هەیە، کە هێزی پێشمەرگە وەک سەکۆیەک بۆ چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات کەڵکیان لێ‌وەرگرێ و لە حاڵەتی زەرووری‌دا بۆ حەسانەوەو بووژانەوە پەنای بۆبەرێ. لە نەبوونی پشتی بەرەیەکی ئەوتۆدا تێکۆشانی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات، زیاتر کورتخایەن و تیژتێپەڕ دەبێ و ئەو کارتێکەری‌یەی لێ بەدی نایە کە ئێمە و قۆناغەکە چاوەڕوانی لێ‌دەکەین. ئەگەرچی پێکهێنانی پشتی بەرەیەک بۆ هێزی پێشمەرگە لە چەند شوێنی سنووری شتێکی ئیدئاڵە، بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی

بەرجەستەکردنەوەی ئەو ئەسڵە لە دوو بارەوە گرینگە. یەکەم: دوای ٣٥ ساڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە لایەک گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات باشتری ئەو ڕێژیمە ناسیوە و لە لایەکی دیکەوە زۆر باشتر لە رابردوو بە مافەکانی خۆی ئاشنا بووە. بۆیە ئەوەی پێی دەڵێن هەلومەرجی زەینی، بەتەواوی ئامادەیە و ئیمکانی ئەوە کە خەبات لە چوارچێوەی تەشکیلاتی ڕێکخراوەکان بێتە دەر و بە جەماوەری بکرێ، لە هەموو سەردەمێکی پێشوو زۆرترە. دووهەم: ئەو شێوەکارەی تا ئێستا بەڕێوەمان‌بردوە ـ واتا شێوازی خەباتی چریکیی شاخ ـ جگە لەوە کە وا دەکا نەتوانین لە هەموو تواناکان و پۆتانسییەلە خەوتووەکانی گەلی کورد کە لەو ٣٥ ساڵەدا پەنگی خواردۆتەوە، کەڵکی پێویست وەرگرین، تێچووی سیاسی، ئابووری و ئینسانییشی لە بەرهەمەکەی زۆر زیاترە .

گواستنەوە لە خەباتی چریکیی شاخ بۆ خەباتی جەماوەری، بە هیچ شێوەیەک بە مانای دەست‌هەڵگرتن لە خەباتی چەکدارانە نیە. بەڵکوو خەباتی چەکدارانە پێویستە بە سەرنجدان بە باری میلیتاریستی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵات‌دا، لەلایەک پیویستە مۆدێڕن‌تر بکرێ و لەلایەکی دیکەوە دەگەڵ دۆخی ئەمنییەتی لە کوردستان خۆی بگونجێنێ. بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو پۆتانسییەلەکانی گەل کەڵک وەرگرین، پێویستمان هەم بە باسکێکی نیزامی و هەم باسکێکی سیاسی هەیە. هەر دووک باڵەکە بە پاراستنی خودموختاری خۆیان، پێویستە لە ژێر ڕێنوێنی و سیاسەتی گشتیی حیزب‌دا کار و ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن. ئەرکی باڵی نیزامی لەو قۆناغەدا ئەوە نیە کە بچێتە شەڕی نەفەرات و سەربازانی ڕێژیم، بەڵکوو ئەو باڵە بە سەرنجدان بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی وڵات، پێویستە شەڕێکی وشیارانە و ئامانجدار کە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەکاتە ئامانج، درێژە پێ‌بدا . ئەرکێکی دیکەی ئەو باڵە ئەوەیە کە دەگەڵ مۆرەکانی سەرکوت و بێزراو بەربەرەکانی بکا. ئەوەش لەدرێژەی خۆی‌دا دەبێتە هۆی شکاندنی ئەو کەش و تەلیسمە ئەمنیەتی‌یە کە ڕێژیم لە کوردستان زاڵی کردوە و لە ئاکام‌دا زەمینەکە بۆ هاتنە مەیدانی خەڵک و خەباتی جەماوەری خۆشتر دەکا.

# ئانارشیزمی هەڵبژاردن لە ئێران‌دا



حەسەن شێخانی

ڕۆژانی ٢٦ و ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٤ ناونووسی بۆ هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەئێران دەستی پێکرد و لە ماوەی یەک حەوتوودا هەژمارێکی بێ‌وێنە ناونووسی‌یان کرد کە ناو نرا بزووتنەوەی ناونووسی یان سۆنامیی ناونووسی.

زۆرترین ئاماری ناونووسی لە رابردوودا هی مەجلیسی هەشتەم بوو کە دەوروبەری ٨هەزار کەس ناونووسی‌یان کردبوو. ئەمجارە بۆ مەجلیسی دەیەم زیاتر لە ١٢ هەزار کەس ناویان نووسیوە. بۆ مەجلیسی خوبرەگانی پێنجەمیش زیاتر لە ٨٠٠ کەس ناونووسی‌یان کردوە. ئەم ژمارە زۆرەی ناونووسی‌کردن بوو بە مژارێکی گرینگی باس و لێکدانەوە و، لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لیێ‌ڕوانرا و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵسەنگێندران. ئەو بەشداری‌یە زۆرە سەرەتای پرۆسەیەکی ناڕێکخراو و شێواوە کە دەکرێ بە چەشنێک ئانارشیزمی هەڵبژاردنی دابنێین.

وەک باس دەکرێ لە ئێران‌دا دەوروبەری ٣٠٠ «حیزب» و گرووپی سیاسی هەن. ئەم ژمارە زۆرە دیاردەیەکی نائاسایی‌یە کە تەنیا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان‌دا بەدی دەکرێ. لە جێ‌دا سیستمی سیاسیی ئێران سیستمێکی نائاسایی‌یە و وێنەی لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان نابینرێ. ئەم سیستمە بە پشت‌بەستن بە زۆر و سەرکوت و موبیلیزەکردنی «تودەیی» بەشێکی خەڵک، درێژە بە دەسەڵاتداریی خۆی دەدا و هەموو هەوڵیشی ئەوەیە کە بە نائەمن‌کردنی فەزای سیاسی، ڕێ لە سەقامگیربوونی ڕێکخراو و حیزبی سیاسی و، بە گشتی بەرێکخراوبوونی خەڵک و کۆمەڵگە بگرێ. لە خۆڕا نیە کە لە ئێران‌دا حیزبی بەهێز و گشتگیر نابینین.

لە وڵاتانی دیکەدا دوو حیزبی سەرەکی یان ئەوپەڕەکەی چەند حیزبی سەرەکی هەن کە دەکەونە ململانەی هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبەریی وڵات. بەڵام لە ئێران‌دا دوو باڵ یان ڕەوتی سیاسی هەن کە هەر کامیان لە دەیان «حیزب» و گرووپی سیاسی پێک دێن. واتە ئەم دوو باڵە خاوەن ڕێکخستنێکی گشتگیر و سەرانسەری و مانیفێستێکی روون و دیاریکراو نین. ئەو ٣٠٠ «حیزبە سیاسی»یە کە ئاماژەیان پێ‌کرا زیاتر کلوب و «محفل» و گرووپی سیاسین تا حیزبی سیاسی بە مانای باو و ئاسایی وشە. لە وڵاتانی دیکەدا هەر حیزبەی ژمارەیەک کاندیدی گونجاو لەگەڵ ژمارەی کورسی‌یەکانی پارلمان دیاری دەکا و بە پێی بەرنامەیەک کە بیری لێ‌کراوەتەوە و داڕێژراوە، لە هەڵبژاردنەکان‌دا بەشدار دەبێ و کار بۆ سەرخستنی پاڵێوراوەکانی دەکا و، کە دەسەڵاتیشی گرتە دەست لە هەمبەر بەرنامەی ڕاگەیەنراوی‌دا بەرپرسیارە. بەڵام لە ئێران لە نەبوونی حیزبی سیاسیی بەهێز و گشتگیردا، هەرکەس لە ئاست خۆیەوە خۆی دەپاڵێوێ و هەڵبژاردنەکان بە شێوەی «تودەیی» بەڕێوەدەچن و پاڵێوراوان لە فەزایەکی پۆپۆلیستی‌دا پەنا دەبەنەبەر کۆمەڵێک بەڵێنی وردی ناوچەیی و بەڕێوەبەریی، کە دواییش هەموو هەوڵەکانیان لە پێناوی بەدی‌هێنانی لانی‌کەمی ئەو بەڵێنانەدا دەخەنەگەڕ ولە پرسە گرینگ و سەرانسەری‌یەکان تا ڕادەیەک خافڵ دەبن. لە ئێران لەلایەک لەبەر نەبوونی سیستمی شارەوانیی خاوەن دەسەڵات کە بەم پرس و گیروگرفتە ناوچەیی و بەڕێوەبەری‌یانەوە خەریک بێ و لە لایەکی دیکەش لەبەر نەبوونی مەجلیسی دووەم کە لە زۆر وڵات پێی‌دەگوترێ مەجلیسی پیرانی و پرسەکان لە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی و گشتگیرەوە تاووتوێ دەکا، هەموو کاروبارەکانی ئەو ٣ بنیاتە لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌دا کۆبوونەوە. خۆ ئەگەر مجلیسی ئێران پێگەیەکی واقعییشی هەبایە، زەحمەت بوو بتوانێ لە ئاست ئەو هەموو کاروبارانەدا وەڵامدەر بێ.

لە نەبوونی حیزبی بەهێز و گشتگیردا، ڕەوتە سیاسی‌یەکان وەخت و وزەیەکی زۆر بۆ ئەوە تەرخان دەکەن کە چۆن خۆیان تا ڕادەیەک ڕێک بخەن و لەگەڵ چ لایەنگەلێک بەرە پێک بێن و چ بکەن بۆ ئەوەی کە زۆر بە پرش‌وبڵاوی نەچنە نێو هەڵبژاردنەکانەوە. ئەمەش چەشنێک ناڕوونی و «سیالیت» دروست دەکا کە مرۆڤ بە زەحمەت دەزانێ کام بەناو حیزب و گرووپی سیاسی لەگەڵ یەکتر لیستی یەکگرتوو دەدەن و لە بنەڕەت‌دا ئەو بەناو حیزب و گرووپە سیاسی‌یانە چ جیاوازی‌یەکی ڕوانین و بەرنامەیی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە. ئەو ٣٠٠ بەناو حیزب و گرووپە سیاسی‌یە نوێنەرایەتیی کام مەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاواز دەکەن و لە جێ‌دا لەگەڵ کام هێلی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کۆمەڵگە یەک دەگرنەوە! لەهەر کۆمەڵگەیەک‌دا چەند مەیلی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی جیاواز و سەرەکی هەن و بەو پێیەش چەند حیزبی سیاسی لە سەر بنەمای ئەوانە دادەمەزرێن و ویستەکانیان دەکەنە دروشم و گوتاری سیاسیی خۆیان. ئەو ٣٠٠ بەناو حیزب و گرووپە چ جیاوازی‌یەکی گوتاری و بەرنامەیی‌یان لەگەڵ یەکتر هەیە. ماقووڵ نیە و نامومکینە لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا ٣٠٠ مەیلی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ چینایەتیی سەرەکی هەبێ. ئیدی ئەو هەموو بەناو حیزبانە لە سەر چ بنەمایەک پێک هاتوون؟ روون نیە و کەس نازانێ!

لە وڵاتانی دێموکراتیک و خاوەن‌هەڵبژاردنی ڕاستەقینەدا، یەکەم: هەرکەس لە ئاست خۆیەوە خۆی ناپاڵێوێ و ئەوە حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پێوانە و هەڵسەنگاندن، پاڵێوراوان دیاری دەکا. دووەم: پاڵێوراوەکان ترسیان لەوە نیە کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراو، لە هێڵەگیان بدا و ڕەدیان بکاتەوە و لە بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا بێ‌بەشیان بکا. بەڵام لە ئێران چونکە ترسێکی زۆر لە ڕەدی سەلاحییەتی پاڵێوراوان لە لایەن شووڕای نیگابانەوە هەیە، خەڵکێکی زۆر بە هاندانی ڕەوتە سیاسی‌یەکان ناونووسی دەکەن بۆ ئەوەی‌کە لانی‌کەم بەشێکیان لە فیلتێری شووڕای نیگابان بگوزەرێن و بتوانن لە ڕکەبەریی هەڵبژاردن‌دا بەشدار بن.

هەرچی بێ ئەو سۆنامی ناونووسی‌یە ئەوەندە کە نیشانەی ناڕێکخراویی سیاسی و پەرەنەسەندوویی سیاسی‌یە نیشانەی زیندوویەتیی سیاسی نیە.

کوردستان
ژمارە: ٦٧١ ● رۆژنامەی

# هەڤپەیڤینی «کوردستان» لە گەڵ نوێنەرێکی پێشووی کورد لە پارلمانی ئێران

سیاسی

*** پێتان وایە کورد لە ئێران توانیویەتی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بکاتە دەرفەتێک بۆ هێنانەگۆڕی ویست و داخوازەکانی خۆی؟!**

–ئەگەر بمانەوێ بە ڕەچاوکردنی تەنیا یەک مێتود بە هەموو شتێک بگەین، ئەوە تەنیا خەیاڵە. کەوابوو دەبێ هەوڵ بدەین بیر لە هەموو ڕێگاکان بکەینەوە. کوردەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو دەزانن چییان دەوێ و زۆر باش مافەکانی خۆیان دەناسن و هەر بەو ڕادەیەیش دژکردەوەو هەڵوێستیان لەخۆ نیشان داوە. هەرچی کوردەکان زیاتر بە مافەکانیان ئاشنا بن، لە کەمتەرخەمی‌یەکانیان کەم دەبێتەوەو ڕۆحی پێکەوە کارکردنیان دەچێتە سەرێ.

بێگومان ڕۆڵی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکان‌دا کاریگەریی خۆی هەبووە و کردوویانەتە دەرفەت. بەڵام پرسیارە بنەرەتی‌یەکە لێرەدایە کە تا چەندە هەوڵمان داوە لەم ڕێگایەوە دەسەڵات ناچار بکەین کە گوێمان بداتێ. ئەمە لە ڕاستی‌دا بەستراوەتەوە بەو مەیدانە موبارزاتی‌یەوە کە کورد گەمەکەی تێدا دەکا. لە فەزایەکدا کە باوەڕپێکردن و شەفافییەت لەوپەڕی لاوازی‌دایە، بەداخەوە کوردەکان گوێیان لە دەنگگەلی جیاوازو دوور لەیەک دەبێ، کە ناتوانێ هاودەنگی‌یەکی مانادداری گشتیی لێ بکەوێتەوە. تائێستاش کوردەکان گوتارێکی هاوبەشی روونیان نیە. ئەم کەمایەسی‌یە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەستی پێ کراوە، بەڵام بۆ پێکگەیشتنێکی گشتی و کۆبوونەوە لە دەوری گوتارێکی هاوبەش، زۆر لێک دوورن و، لێرەدایە کە سەرکردایەتیی کورد لە دوایین ساتەکان‌دا تووشی شکست دەبێ و بێ هیوایی‌یەکی چەندپاتە تاقی دەکاتەوە.

دەبێ بە خەڵک بگوترێ هەر وەک چۆن شەرت و مەرج بۆ سەرکۆمار دادەنێن، دەبێ ئاوایش شەرت و مەرج بۆ نوێنەرانی پارلمان دابنێین. دەبێ خەڵک پێش لە دەنگدان، بەڵێن لە کاندیداکانی پارلمانی وەربگرن. دەنگ بە کەسانێکی بێناونیشان نەدەن، لە رووی رق و تۆڵەئەستاندن و خزم‌خزمێنەو تایفەگەرییەوە دەنگ نەدەن.

لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار لە ئێران‌دا، کوردەکان مانادارانەتر دەجووڵێنەوەو هەڵوێست دەگرن. بەڵام لە پێوەندیی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پارلمانی و شووراکان‌دا، زۆر لێک بڵاوو ناڕێکن. ئەگەر واز لە هۆکارەکانی وەک نەبوونی دێموکراسی و نەبوونی پارت و هێزی سیاسی(لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی ئازادانە) بێنین و بە پێی هەلومەرجێک کە بە شێوەی یەکسان بۆ فارس، تورک و عەرەب لە ئارادایە، شرۆڤەی بابەتەکە بکەین، دەتوانین بڵێین کە بەداخەوە ئێمە(کورد) نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە کە باوەڕ بە تواناکانی خۆمان بکەین. واتە ئێستاش لە دووڕیانی قازانجی شەخسی و قازانجی گشتی (نەتەوەیی)دا، خۆمان یەکلا نەکردۆتەوە. بە واتایەکی دیکە بۆمان زۆر سەختە کە واز لە قازانجە شەخسی‌یەکانی خۆمان بێنین و کارێک بکەین کە بەختەوەریی خۆمان وەک تاک، لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی گشتیی نەتەوەکەمان‌دا ببینین.

ئێمە وەک فارسەکان نیین، ئەوەی کورد ڕکەبەرایەتی بۆ دەکا، شتێکی زۆر بەرتەسکە، ئەوسەرەکەی نوێنەرایەتی لە پارلمان یان دانیشتن لە سەر کورسیی شووراکان. بەڵام غەیرە کوردەکان لە زۆر شوێنی نیزام‌دا بەدوای مەوقعییەتی باش‌دا دەگەڕێن و بۆیان هەیە پێی بگەن. بە واتایەکی دیکە ئەم بەغیلایەتی و ڕکەبەرایەتی‌یە بە هۆی بەرتەسکبوونی دەرفەتەکانەوە، پێش بە دروستبوونی ئیرادەیەکی گشتی دەگرێ و گوتاریکی هاوبەشی لێ ساز نابێ.

ئێمە فێرنەکراوین کە ئینسانەکان پێناسە بکەین و بیان‌ناسین، بەڵکوو تەنیا دەیان‌ژمێرین و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەکە هەموو کەس خۆی پێ "مەن"ە و هەر بە پێوانەی خۆی دەوروبەری دەپێوێ. لە بارودۆخێکی وەهادا نەتەنیا کێبەرکێ و ڕەقابەتێکی دروست لەئارادا نابێ، بەڵکوو ناونیتکە لێکنان و بێ ڕێزی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر دێتە ئاراوە. لەو حاڵەدا بەس ژاوەژاو و قاڵەقاڵ ساز دەبێ و هیچ "خواست"ێک نایەتە ئاراوە. دیارە لە بارودۆخێکی وەهادا دۆڕاوی سەرەکی هەر کوردەکانن کە کوێرکوێرانە دەنگ دەدەن و هیچیان دەست ناکەوێ و، براوەی ئەم فەزا لێڵ و ناڕوونە تەنیا دەسەڵاتە. هەڵبەت هێندێک جار "استثناء" هەیە؛ وەک هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەم، یان دەنگدان بە مووسەوی و کەڕرووبی بە پێی کۆمەڵە داخوازێک کە لە لایەن چالاکانی کوردەوە هاتنە ئاراوە. بەڵام بەداخەوە بۆ جێبەجێ کردنیان هیچ زەمانەتێک لە ئارادا نەبوو.

*** نوێنەرانێک کە لە کوردستانەوە چوونەتە پارلمانی ئێران توانیویانە وەک نوێنەری کورد ڕۆڵ بگێڕن؟!**

–ئەو نوێنەرانەی لە کوردستانەوە ڕێیان کەوتۆتە پارلمان کە بە هەرحاڵ بە ناوی کوردەوە لەوێن. بە هۆی ئەوەی شووڕای نیگابان ئیزنی چوونی زۆر کەس لەو کاندیدایانەی کە لێهاتوویی‌یان بۆ ئەو کارە هەیە نادا، بازنەی هەڵبژاردنەکان بەرتەسکەو بەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسم کردن‌و هێندێک هۆکاری دیکەی عەشیرەیی و... دوو ڕێگا دەمێنێتەوە؛ یان دەبێ بایکۆت بکەین یان دەبێ بەشداری بکەین و قەناعەت بەوەی کە هەیە، بهێنین. بێگومان ئەگەر ئێمە هیچ نوێنەرێکیشمان لە پارلمان نەبا، ڕووداوێکی سەیروسەمەرە ڕووی نەدەداو ئەو بوودجەو ئیمکاناتە کەمەش بۆ ناوچەکانی کوردستان هەر دەنێردرا. پرسیارێک کە دەبێ لە خۆمانی بکەین ئەوەیە کە؛ ئەگەر ئەم نوێنەرانە لە پارلمان نەبان، ئێمە هەستمان بە چ بۆشایی‌یەک دەکرد؟!

ئەم نوێنەرانە یەکبار مەسرەفن(بۆ تەنیا جارێک کەڵکیان لێ وەردەگیرێ). بەدوای ئامانجە شەخسی‌یەکانی خۆیان، یا کاروباری چووکەو، ئەوپەڕەکەی بەدوای گۆڕینی فەرمانداریک و وەڵامی چەند پرسیارەوەن. تا ئێستا نەیان‌توانیوە پرسی کوردو هەڵاواردنی بەرچاو لە تەرخان‌کردنی ئیمکانات و لەپەراوێزداهێشتنەوەی ناوچە کوردی‌یەکان، ببەنە کۆبوونەوەکانی پارلمان و کێشەی لە سەر بکەن و بیکەن بە خاڵێکی قانوونی. هەرکەسەو سازێک لێ‌دەداو بەدوای شتێکەوەیەو زۆربەیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و بیر لە تەئییدی سەڵاحییەتی دەورەیەکی دیکەیان دەکەنەوە. بۆ نموونە کەمتەرخەمی‌یان بەرانبەر بە کوشتنی کاسبکاران و هەڵاواردنەکان لە پێراگەیشتن و بێکاریی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری خوێندەواران و باڵادەستیی غەیرەکوردەکان لە زۆربەی کاروبارەکان داو ...چەند نموونەیەکی چووکەی کارلێنەهاتوویی نوێنەرانی کورد لە پارلمانن.

*** نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران بۆ تا ئێستا نەیان‌توانیوە، یەکگرتووانە خۆیان بە نوێنەری نەتەوەی کورد لە ئێران لە قالبی فراکسیۆنێک‌دا ڕێک بخەن؟**

–پێم وایە دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارەش ڕەبت بدرێتەوە بە پرسیاری دووهەم. بە باوەڕی من، ئازایەتی، باوەڕ بە مافی خەڵک و خەبات دژ بە هەڵاواردن و هەستی کوردبوون زۆر گرینگە و نابێ ئەم فاکتۆرانە لە بەرچاو نەگرین. خەڵکیش دەبێ فێر بن کە دەنگ بە بەرنامە بدەن و بۆ نموونە فریوی بڕێ یارانەو دەرکردن لە سەر کار و گوزینش نەخۆن. بە کورتی ئەگەر نوێنەری ئازا و بوێرمان بوێ، دەبێ خەڵکەکەشمان ئازاو بوێر بن. خەڵکێکی موحافەزەکارو ڕازی بە وەزعی مەوجوود، قەت ناتوانێ نوێنەرێکی ڕەخنەگر و ئاڵوگۆڕخواز بەرهەم بێنێ.

دەبێ گوتارێکی نوێ بەرهەم بێنین. ئێستا خەڵک تەنیا "مصرف کننده"ن. دەبێ بە خەڵک بگوترێ هەر وەک چۆن شەرت و مەرج بۆ سەرکۆمار دادەنێن، دەبێ ئاوایش شەرت و مەرج بۆ نوێنەرانی پارلمان دابنێین. دەبێ خەڵک پێش لە دەنگدان، بەڵێن لە کاندیداکانی پارلمانی وەربگرن. دەنگ بە کەسانێکی بێناونیشان نەدەن، لە رووی رق و تۆڵەئەستاندن و خزم‌خزمێنەو تایفەگەرییەوە دەنگ نەدەن.

*** پێتان وایە کاتی ئەوە هاتوە کە کورد لە ڕێگای نوێنەرانیەوە لە پارلمانی ئێران داخوازەکانی لە گەڵ دەسەڵات مەترەح بکا؟**

–هێشتا کورد گیروگرفتی "متمانە" (باوەڕ بە یەکتر)ی چارەسەر نەکردوە. واتە هیچ باوەڕێک لە نێوان لایەنەکان (کوردو دەسەڵات) بە یەکتر لەئارادا نیە. بۆ نموونە تا ئێستا نەیان‌هێشتوە کوردێک ڕێی بکەوێتە کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی. لە حاڵێک‌دا بە پێی قانوون هیچ بەربەستێکی لەپێش نیە و نوێنەر بۆ هەڵبژاردنی کۆمیسیۆن ئازادە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کەمتەرخەم بن و خۆیان بە قەزاو و قەدەر بسپێرن. بە سەرنجدان بەم بابەتە دەبێ بپرسین کە بڕیاری کۆتایی لای کێ‌یە؟! بە باوەڕی من دەسەڵات تا هەست بە لەخۆڕابینینی مودیرییەتی بابەتێک نەکا، ئیزنی مەترەح‌کردنی نادا. ئەگەر کوردەکان بتوانن لە پارلمان هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن، دەتوانن ئاراستەی داخوازەکانیش لە کۆمەڵگادا بگۆڕن. بە باوەڕی من تا ئێستایش سپای پاسداران بڕیاردەرترین هێزە لەئیزن‌دان، یان ئیزن‌نەدان بە هاتنەبەرباسی پرسی کورد لە ئێران‌دا. دەوڵەت (کابینەی وەزیران) بەنیسبەت کاروبارو پرسگەلی بەرتەسک و کورتخایەنەوە، کاریگەریی هەیەو ڕۆڵ دەبینێ، وەک دانانی پارێزگارێک و فەرماندارێک و تەرخان‌کردنی چەند میلیارد تمەن بوودجە بۆ پرۆژەیەک. کەوابوو دەبێ جیا لە پارلمان و دەوڵەت بەدوای ڕێگاکانی بەدواداچوون‌دا بگەڕێین.

*** باس لەوە دەکرێ کە کورد بە لیستێکی هاوبەش لە هێزەکانی نێوخۆی وڵات بەشداری هەڵبژاردنەکانی ئەمجاری پارلمان بێ. ئێوە ڕاتان لەم پێوەندی‌یەدا چیە؟**

–ئەگەر کورد بەم دەرایەت و ئەقلییەت و وەحدەتە گەیشتبێ، زۆر باشە، بەڵام ئەوە تەنیا ئارەزوویە. کێ ئەم وەحدەت و لە دەوری یەککۆبوونەوەیە ڕێک دەخا؟ بە کام هێزی کۆمەڵایەتی؟ لە نێو خۆمان‌دا باوەڕ بە کێ دەکەین؟

کێشەکە ئەوەیە کە دەبێ لانی‌کەم هێندێک باوەڕمان بە یەکتر هەبێ. کوردەکان دەتوانن ئەو کارە بکەن، بە مەرجێک واز لە هەڵوێستی ئێحساسی بێنن و بەسەری‌دا تێپەڕ بن. ئەمن نامەوێ بڵێم کە با ئێحساس سەرکوت بکەین، بەڵام هیدایەت و ڕێبەری‌کردنی ئێحساس لە سەر بنەمای ئەقڵ و قازانجی بە شتێکی ئەساسی دەزانم.

*** پێتان وایە ئەو زەرفییەتە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا پێکهاتوە کە کورد بە شێوەی سیستماتیک بیر لە چۆنیەتیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان لە ئێران‌دا بکاتەوە؟**

–هیچ بەربەستێک لە ڕووی قانوونی‌یەوە بۆ یەکدەستبوونی کوردەکان و دەنگدانیان بە شێوەیەکی یەکدەست، نیە. کێشەکە تەنیا خۆمانین. نابێ پشتی یەکتر بەر بدەین.

*** پێتان وایە کورد لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پارلمان‌دا دەبێ چ هەڵوێستێکی هەبێ.**

–کوردەکان دەبێ پێداگریی لەسەر بەرنامەکان بکەن. کورد دەبێ بوودجە بناسێ و بزانێ بوودجە چیە! بەداخەوە نوێنەری کورد، بوودجە ناناسێ و لە پارلمان‌دا هێزو سەوادی هێنانەبەرباسی ئەو مەسەلەیەی نیە. لە حاڵێک‌دا نوێنەرانی غەیرەکورد پێش هاتنەبەرباسی بوودجەی ساڵانەو بەرنامەی پێنج ساڵە، لە گەڵ دەوڵەت و وەزیرەکان و سازمانی مودیرییەت و... بۆ ناوچەکانی خۆیان، لابیگەری دەکەن و ڕیزبەندیی دیاری دەکەن. چونکی ئەوە دەوڵەتە کە لایحەی بوودجە دێنێتە پارلمان و لە کاتی پەسەندکردنی‌دا، پارلمان ئەوسەرەکەی ٥٪ی دەگۆڕێ. کاتێک کە بوودجە هێنرایە پارلمان، نوێنەری کورد ناتوانێ هیچ کارێک بکا و جاری وایە پێنج مانگ لە پەسەندکردنی بوودجە تێ‌پەڕیوە کەچی تازە نوێنەری کورد دەزانێ هیچ وەبەر ناوچەکەی ئەو نەکەوتوەو سەری بێ‌کڵاو ماوەتەوە. جا ئەو کات دەڵێ دەوڵەت زاڵمەو، ناڵێ من نەزان و بێ سەوادم!!

---

له رۆژهەڵاتەوە...

# هەڵبژاردن لە نێوان بەشداری و بایکوت‌دا!



خالید محەممەدزادە

هەڵبژاردن بۆ کوردەکان لە ئێران یەک لە دەرفەتەکانە بۆ بەرۆژکردنی پرس و خواستەکانیان و گواستنەوەیان لە پەراوێزەوە بۆ. پرسیارەکە ئەوەیە داخوا کورد ئەم دەرفەتە چۆن بۆ بەرەوپێش‌بردنی پرسەکەی بە کار دێنێ ، ئایا بەهۆی نائومێدی لە وەڵامدەربوونی سیستمی سیاسی پشت لەم دەرفەتە دەکا؟ یان بە ئومێدی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە.

کاردانەوەکان بەرامبەر بە پرسێکی وەک هەڵبژاردن جیاوازن، کە دەکرێ تەحریم و بەشداری دوو کاردانەوە بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکان بن. ئەگەرچی هەردوو کاردانەوەکە پێش ئەوەی بەرهەمی ئامادەسازی کۆمەڵگەی کوردی بۆ کاردانەوەیەکی کوردستانی بن، کاردانەوەیەکی حکومەت تەوەرن، کە یەکیان هەڵگری نائۆمێدیی گەورە لە دەسەڵات و ئەوی دیکەش هەڵگری ئومێدێکە بە گۆڕان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوەیە.

هەر دوو خوێندنەوەکە، خوێندنەوەیەکی ناوەندگەرایانەی حکوومەت پێوەر بۆ کوردستانن و یەکیان پێی وایە دەبێ خەڵک بە قەدەری ئیلاهی ڕازی بن و بچنەوە ماڵی خۆیان پاڵی لێ‌بدەنەوە تا ڕۆژێک کە حکوومەت دەڕووخێ، کە ئەم ڕوانگەیە زیاتر لە سەر سڕکردنی کۆمەڵگەی کوردی کار دەکا. ڕوانگەی دیکەش بە ئومێدی بەشداری لە سیستمی سیاسی و دەستخستنی چەند پۆست و بەرپرسیارەتی‌یەک خۆی بە چەند لاباڵێکی حکومەتی‌یەوە دەبەستێتەوە و سەرەنجام خۆی لە ماهییەتی کوردستانی‌بوون خاڵی دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە سەر فۆرمێکی هاوبەشی کوردستانی‌بوون تەعبیر لە خۆی بکا.

لە ڕاستی دا هەر دوو ڕوانگەکە، ڕەخنەی گەورە هەڵ‌دەگرن چونکە هیچیان ناتوانن هاونیشتمانان لە ڕێگای وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە ڕێکبخەن و پرسی کورد لە ئێران بکەن بە کارتێکی فشار.

ئەوەی لەم نێوەدا لەبیر دەبرێتەوە سوود وەرگرتن لە هەموو زەرفییەتی کۆمەڵگە بۆ تەحریم و پێچەوانەکەشیەتی. ئەوەی لەم نێوەدا زۆرترین قسەی لە سەر دەکرێ و دەبێ بە پێوەر بۆ هەڵبژاردنەکان سیستمی سیاسی‌یە تا ئەو جێگایە کە لایەک پێی‌وایە بەشداربوون مەشرووعییەتدان بە حکوومەتە و بەرامبەریش پێی‌وایە بەشدارنەبوون مەشرووعییەت‌دان بە مانەوەی حکوومەتە. لەم پێوەندی‌یەش‌دا هەموو جارێ لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکان‌دا مەیدانێک دروست دەبێ بۆ هەڵشاخان بە ڕووی یەکتردا و دابەشکردنی کۆمەڵگیی کوردی و تێکدانی هەموو فۆرمێکی پێکەوەبوون.

لە واقیع‌دا سیستمی سیاسی لە ئێران وەک سیستمێکی نادێموکراتیک، لەو سیستمە سیاسی‌یانەیە کە مەشرووعییەتی خۆی لە دەنگی هاونیشتمانان وەرناگرێ تا بە بەشداریی ئەوان لە هەڵبژاردنەکان‌دا ئەم مەشرووعییەتە وەربگیرێتەوە یان تەئیید بکرێ. ئەمە تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نیە و هیچ‌کام لە حکوومەتەکانی ناوچە مانەوەیان لە سەر دەستی هاونیشتمانان نیە، کەواتە ناکرێ عەودالبوونی هاونیشتمانی کورد بە دوای مافەکانی‌دا، بە مەشرووعییەتدان بە سیستمی سیاسی تەفسیر بکرێ یان پێمان‌وابێ تەحریم سەندنەوەی مەشرووعیەتە، لە سیستمێک‌دا کە بە نوێنەری خودا لە سەر عەرز پێناسە دەکا. هاونیشتمانی کورد کە دێتە سەر سندووقی هەڵبژاردن بە پلەی یەکەم وەدووی ویستەکانی دەکەوێ نەک مەشرووعییەتدان بە حکوومەت. لە ڕاستی دا ئەم سیستمە سیاسی‌یە لە کوردستان شتێکی بەرهەم نەهێناوە کە جێگەی دڵخۆشی و پەسندی هاونیشتمان بێ تا بەشداریی هاونیشتمانی کورد بە نمادی سوپاسگوزاری و مەشرووعییەت‌دان بەم سیستمە تەفسیر بکرێ.

بەڵام لە گەڵ هەموو هەوڵی حکوومەت بۆ بەگۆڕستان‌کردنی کوردستان، دوور خستنەوەی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و خاڵی‌کردنەوەی کۆمەڵگە لە جووڵە و تواندنەوەی لە خۆی‌دا و بە بوونی هەموو جیاوازی‌یەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ پرسێکی وەک هەڵبژاردن، دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم کۆمەڵگەیە تەسلیم نەبێ و خەڵکی هان بدرێن بە شێوازی جیاواز لە سەر داخوازی‌یەکانیان وەدەنگ بێن.

قۆناغی ئێستای کۆمەڵی کوردەواری بە سەرنجدان بەوەی مەکینەیەکی گرنگی سڕینەوەی حکوومەتی لە سەر ئەم کۆمەڵگەیەیە، قۆناغی یەکخستنەوەی کۆی زەرفییەت و تواناکانی کۆمەڵگەیە بەرەو ڕوون‌کردنەوە و ئاشناکردنی پتری هاونیشتمانان بە مافەکانیان و چۆنیەتیی دەستەبەرکردنیان و پەیگیربوون و پشتگیریی کۆی ئەو پرۆژانە کە هەڵگری جیهان‌بینی جیاوازو کوردستانین بۆ تێپەڕبوون لەم قۆناغە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە، کارکردنە بۆ بەرفراوانکردنەوەی مەوداکانی چالاکی و فرە ڕەهەندکردن و بەرپرسیارەتی دروستکردن لای هاونیشتمانان و مەودانەدانە بە سڕکردنی کۆمەڵگە. گرتنە بەری زیاد لە ڕەهەند و ڕێگایەک بۆ تەعبیرکردنی کۆمەڵگە لە خۆی و ژیاندنەوەی ڕۆژهەڵات و هەڵبژاردنەکان دەتوانن دەرفەتی باش بن بۆ هێنانەگۆڕی پرسی کورد لە ئێران و دروستکردنی فشاری گەورە و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی‌بۆلای سەر ئەم پرسە.

سیاسی

# رووداوە گرینگەکانی بەر سەرنجی میدیاکان لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا



مەسعود رەواندوست

**ژانویە:**

- رۆژی ٧ی ژانویە دوو تیرۆریستی سەر بە داعیش لە شاری پاریس هێرشیان کردە سەر دەفتەری گۆڤاری شارلی ئێبدۆ و ١٢ کەسیان کوشت. دوو رۆژ دواتر برایانی «کواشی» بکەرانی رووداوەکەی شارلی ئێبدۆ، لە نزیک شاری پاریس چەند کەسیان بە بارمتە گرت کە بە هێرشی پۆلیس و کوژرانی برایانی کواشی کۆتایی پێهات. هاوکات لەگەڵ کردەوەی برایانی کواشی، کەسێک بەناوی «ئامێدی کولیبالی» و ژنێک بە ناوی «حەیات بوومەدین» لە سوپێرمارکێتێکی جوولەکەکان لە شاری پاریس چەند کەسێکیان بە بارمتە گرت کە دوای هێرشی پۆلیس ئەگەرچی کۆلیبالی کوژرا بەڵام ٤ کەس لە بارمتەکانیش گیانیان لەدەست دا.

– رۆژی ٢٠ی ژانویە حوسییەکانی یەمەن بە پاساوی ئەوەی دەوڵەت بەڵێنەکانی بۆ چاکسازی نەبردۆتە سەر، کۆشکی سەرکۆماریی ئەو وڵاتەیان گەمارۆدا و دەستیان بەسەردا گرت. ئەوە بوو بە سەرەتایەک بۆ شەڕ و ئاڵۆزییەکانی دواتری یەمەن و حوسییەکان کە تاقمێکی شیعەی نزیک لە ئێرانن، شەڕێکی نێوخۆییان لە یەمەن هەڵگیرساند.

– رۆژی ٢٦ی ژانویە خۆڕاگری و بەرخۆدانی هێزە کوردییەکان لە شاری کۆبانی لە رۆژئاوای کوردستان دوای زیاتر لە ١٠٠ رۆژ لە بەرامبەر تیرۆریستانی داعیشدا سەرکەوت و شاری کۆبانی بە تەواوی لە دەست تیرۆریستان رزگار کرا. دوای داگیرکرانی شاری کۆبانی بە دەستی تیرۆریستانی داعیش، هێزەکانی ی پ گ بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و پاڵپشتیی هێزی هاوپەیمانان و بە فیداکاری و ئازایەتیی کەم وێنەی رۆڵەکانی گەلی کورد بە ژن و پیاوەوە توانیان شاری کۆبانی لە تیرۆریستان پاک بکەنەوە.

**فێوریە:**

– رۆژی ١٤ی فێوریە لە شاری کۆپێنهاگی دانمارک لە سێ هێرشی تیرۆریستیدا چەند هاونیشتمانی دانمارکی بوونە قوربانی. لە هێرشی یەکەمدا لە کافەیەک کە سیمینارێک لەژێر ناوی «هونەر، کوفر و ئازادیی دەربڕین»ی تێدا بەڕێوە دەچوو، کەسێک بەناوی عمر عبدالحمید الحسین تەقەی لە بەشداربووان کرد کە بووە هۆی کوژرانی کەسێک و بریندار بوونی سێ پۆلیس. هێرشی دووەم لە کەنیسەیەکی جوولەکەکان رووی دا کە بووە هۆی کوژرانی کەسێک و بریندار بوونی دوو پۆلیس. رووداوی سێهەمیش لە نزیک وێستگەی قەتار روویدا کە بە تەقەی پۆلیس کەسێک گیانی لەدەست دا.

**مارس:**

– رۆژی ١٨ی مارس لە تونێس دوو تیرۆریست هێرشیان کردە سەر مووزەخانەی باردۆ و ٢٠٠ کەسیان بە بارمتە گرت. لەم رووداوەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ دانانەوەی بۆمب لە پارلمانی تونێس، ٢٠ کەس کوژران کە لە گەشتیارانی فەرانسەیی، ئیسپانیایی، ئیتالیایی و تونێسی پێکهاتبوون.

– رۆژی ٢٥ی مارس، هاوپەیمانیی وڵاتانی عەرەبی بە سەرۆکایەتیی عەرەبستان هێرشە ئاسمانییەکانی خۆیان بۆسەر تاقمی شیعەی حوسییەکانی یەمەن دەست پێکرد کە بەشێکی زۆر لە شارەکانی یەمەنیان داگیرکردبوو. لەم شەڕەدا ئێران هاندەر و پاڵپشتی حوسییەکان بوو و ئەوە بووە هۆی پەرەسەندن و زیاتربوونی ناکۆکی و گرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی کە لە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا تووڕە بوون. لە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونە نێوخۆییەکانی یەمەندا زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس کوژران.

**ئاوریل:**

– رۆژی ٢ی ئاوریل لە وڵاتی کێنیا گرووپی تیرۆریستیی «الشباب» هێرشی کردە سەر زانکۆی گاریسا و خوێندکاران و پێرسۆنێلی زانکۆیان بە بارمتە گرت. ئەم هێرشە تیرۆریستییە بە کوژرانی ١٤٧ خوێندکار کۆتایی هات.

– رۆژی ٢٧ی ئاوریل وەزارەتی بەرگریی نیجێریە رایگەیاند لە هێرشێکدا ٢٠٠ کچ و ٩٣ ژنیان رزگار کردوە کە لە لایەن گرووپی ئیسلامیی بووکووحەرامەوە بە بارمتە گیرابوون.

**مای:**

– لە هەڵبژاردنی رۆژی ٨ی مای بریتانیادا حیزبی کۆنەپارێز بە سەرۆکایەتیی دەیڤید کامێرۆن بەسەر حیزبی کارگەردا سەرکەوت و کامێرۆن بۆ پێنج ساڵی دیکە بۆوە بە سەرۆکوەزیرانی بریتانیا.

**ژوئەن:**

– لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەنی تورکیەدا حیزبی داد و گەشە نەیتوانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست



بێنێ و هەر بۆیە ناچار بوو حکوومەتێکی هاوپەیمانی پێکبێنێ، بەڵام حەزی ئۆردوغان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی تەکحیزبی و ئامادەنەبوونی حیزبەکانی دیکە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی داد و گەشە، تورکیای بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت برد و بووە هۆی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی و هاوکێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیەدا.

– رۆژی هەینی ٢٦ی ژوئەن جیهان شاهیدی سێ کردەوەی تیرۆریستی لە سێ شوێنی جیهان بوو. یەکەمیان بەرەبەیانی ئەو رۆژە لە شاری لیۆنی فەرانسە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا سەری کەسێک لە جەستەی جیا کرایەوە و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون. دووەم رووداو تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە مزگەوتێکی شیعەکان لە کووەیت بوو کە بووە هۆی کوژرانی ٢٥ کەس و بریندار بوونی ٢٠٠ کەس. سێهەم رووداویش هێرشێکی تێرۆریستی لە شاری سووسە لە تونێس بوو کە تێیدا کەسێکی توندڕەوی ئیسلامی بە دەستڕێژی گوللە ٣٨ کەسی لەو خەڵکەی هاتبوونە قەراغ دەریا، کوشت و ژمارەیەکیشی بریندار کردن.

**ژووئیە:**

- رۆژی یەکەمی مانگی ژووئیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کووبا دوای ٥٤ ساڵ پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆیان دەست پێکردەوە.

– دوای نزیک بە دە ساڵ کێشە و ململانێی ئێران و وڵاتانی رۆژئاوایی لەسەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە و پەسندکرانی چەندین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران، رۆژی ١٤ی ژووئیە، ئێران و گرووپی ١+٥ لە شاری ڤییەن رێککەوتننامەی کۆتاییان ئیمزا کرد. ئەم رێککەوتننامەیە کە کۆمەڵێک ئەرک و دەروەستبوون دەخاتە سەر ئێران، رێگەخۆشکەر دەبێ بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی جیهان،و ئەگەر ئێران هەموو مەرجەکان بەجێبێنێ



گەمارۆ قورسە ئابوورییەکان لەسەر ئێران لادەچن. ئێران کە لەماوەی زیاتر لە دەساڵدا بە پێداگری لەسەر بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی، سەدان میلیارد دۆلاری زیان بە خەڵکی ئێران گەیاند سەرەنجام ناچار بوو لەژێر گوشاری سزا قورسە ئابووری و سیاسییەکاندا مل بۆ ویستی جیهانی رابکێشێ و تەسلیمی ئیرادەی نێونەتەوەیی بێ.

– رۆژی بیستی ژووئیە بە هۆی تەقینەوەیەکی تیرۆریستیی خۆکوژی لە بەرامبەر ناوەندی فەرهەنگیی سورووچ لە پارێزگای ئورفای باکووری کوردستان، ٢٧ هاونیشتمانی کورد کوژران و ١٠٠ کەس بریندار بوون. لایەنە کوردییەکان لە پێوەندی دەگەڵ ئەم کردەوە تیرۆریستییەدا دەستی تاوانیان بۆ لای دەوڵەتی تورکیە و دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە راکێشا. دوو رۆژ دوای ئەم رووداوە دوو ئەفسەری تورک لەم پارێزگایە کوژران و پ ک ک بەرپرسیارەتیی ئەم هێرشەی وەئەستۆ گرت. ئەوە بوو بە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی ئاگری شەڕ، دوای نزیک بە دوو ساڵ وتوویژ و دانوستان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیە.

**ئووت:**

- رۆژی ١٢ی ئووت بەهۆی تەقینەوە لە کارخانەیەکی پێترۆشیمی لە پارێزگای تیانجین لە وڵاتی چین ١٦٥ کەس گیانیان لەدەستدا.

**سێپتامبر:**

- رۆژی ٣ی سێپتامبر دۆزرانەوەی تەرمی ئایلان کوردی، منداڵێکی تەمەن سێ ساڵانەی کوردی رۆژئاوا لە کەنار ئاوەکانی تورکیە، بوو بە مانشێتی هەواڵدەرییەکانی جیهان. لە دوای هەڵایسانی ئاگری شەڕ لە سووریە و عێراق ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەم ناوچانە روویان کردۆتە کۆچ بۆ وڵاتانی ئورووپایی و سەدان کەس لەم رێگە دژوار و پڕمەترسییەدا گیانیان لەدەست داوە. دۆزرانەوەی تەرمی ئایلانی سێ ساڵان بوو بە شۆکێک بۆ وڵاتانی رۆژئاوا کە بیر لە بەرپرسیارێتییان لەم شەڕانەدا بکەنەوە و ئاوڕێک لە باروودۆخی کارەساتباری پەناخوازان بدەنەوە و ئەوە بووە هۆی کرانەوەی سنوورەکان بەسەر پەناخوازاندا و لە ئاکامدا بۆ ماوەی چەند مانگ شەپۆلی پەناخوازان بۆ ئورووپا زۆرتر و خێراتر و بەرینتر بۆوە.

– رۆژی ٢٤ی سێپتامبر لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودی لە کاتی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەکانی تایبەت بە حەج لە مینا بەهۆی پاڵەپەستۆ لانیکەم ٢٢٠٠ کەس گیان لەدەست دا کە ژمارەیەک حاجیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانیشیان تێدا بوون.

- رۆژی ٣٠ی سێپتامبر رووسیە بۆ یەکەمجار هێرشە ئاسمانییەکانی بۆسەر هێزەکانی داعیش لە سووریە دەست پێکرد، بەڵام تورکیە و ئەمریکا و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دەڵێن کە هێرشەکانی رووسیە زیاتر ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی دژبەری بەشار ئەسەد دەکاتە ئامانج.



**ئۆکتۆبر:**

– رۆژی ٣ی ئۆکتوبر فرۆکە ئەمریکاییەکان بەهەڵە نەخۆشخانەیەکی پزیشکانی بێسنووریان لە ویلایەتی قۆندوزی ئەفغانستان کردە ئامانج و لە ئاکامدا ٤٢ کەسیان کوشت.

– رۆژی ١٠ی ئۆکتۆبر لە کاتی خۆپێشاندانێکی هێمنانە لە شاری ئانکارای تورکیە بەهۆی دوو تەقینەوە لە مەودای ٥٠ میتری لە نێو خۆپێشاندەراندا ١٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا. بەرپرسانی تورکیە داعیشیان بە بەڕێوەبردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە تۆمەتبار کرد. بەڵام بەشێک لە چاوەدێران پێیان وابوو کە دەوڵەتی ئۆردوغان بۆ شوێندانان لەسەر رەوتی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆی، هەوڵ دەدا کەشێکی نائاسایی و ئەمنیەتی بەسەر وڵاتدا زاڵ بکا.

– رۆژی ٣١ی ئۆکتۆبر فرۆکەیەکی نەفەرهەڵگری رووسی چەند خولەک دوای هەستان لە فرۆکەخانەی شەرموشەیخی میسر لە ئاسمان تەقیەوە کە بووە هۆی کوژرانی ٢٢٤ کەس. دوای ئەم رووداوە گرووپی داعیش بەرپرسیارەتیی ئەم تەقینەوەیەی وەئەستۆ گرت و رووسیەش ئەم رووداوەی بە هێرشێکی تیرۆریستی لەقەڵەمدا بەڵام بەرپرسانی میسری رایانگەیاند کە هیچ نیشانەیەکیان لە هێرشێکی تیرۆریستی لەبەر دەستدا نیە.

**نۆڤامبر:**

– رۆژی ١ی نۆڤامبر لە تورکیە حیزبی داد و گەشە بە سەرۆکایەتیی رەجەب تەییب ئەردوغان لە هەڵبژاردنی پێشوەختدا توانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلمان وەدەست بێنێ تا بتوانێ حکوومەتی تەکحیزبی پێکبێنێ. لە بەرامبەردا ژمارەی کورسییەکانی هەدەپ حیزبی کوردەکانی تورکیە بە سەرۆکایەتیی سەلاحەدین دەمیرتاش بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی پێنج مانگ پێشتر کەمی کرد.

- رۆژی ١٣ی نۆڤامبر لە فەرانسە لە ئاکامی زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی لە چەند شوێنی شاری پاریسدا ١٣٠ کەس کوژران و ژمارەیەکی بەرچاو بریندار بوون. گرووپی تیرۆریستیی داعیش بەرپرسیارەتیی ئەم هێرشانەی وەئەستۆ گرت.

– رۆژی ٢٠ی نۆڤامبر فرۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە، فرۆکەیەکی رووسییان لە نزیک سنووری نێوان تورکیە و سووریە خستە خوارەوە و لە ئاکامدا یەکێک لە فرۆکەوانەکان کوژرا و ئەوی دیکەیان رزگاری بوو. ئەم کارەی تورکیە لە لایەن رووسیەوە بە خەنجەرلێدان لە پشتەوە دانرا و پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی بەرەو ئاڵۆزی برد و ئەگەرچی رووسیە لە تورکیەی ویست داوای لێبووردن بکا بەڵام تورکیە رایگەیاند کە ئەم فرۆکەیە سنووری وڵاتەکەی بەزاندوە و ئامادە نەبوو داوای لێبووردن لە رووسیە بکا.

**دێسامبر:**

- رۆژی ٣ی دێسامبر لە شاری سەن بێرناردینۆ لە باشووری ئەیالەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا ژن و پیاوێک لە ناوەندێکی کاروباری کۆمەڵایەتی دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر خەڵک و لە ئاکام دا ١٤ کەس گیانیان لەدەست دا. پیاوەکە چەند مانگ بەر لەم کردەوە ترۆریستییە ئۆگریی خۆی بە داعیش راگەیاندبوو.

-رۆژی ١٢ی دێسامبر دوای کۆنفرانسێکی دوو حەوتوویی لە وڵاتی فەرانسە ١٩٥ وڵاتی جیهان رێککەوتننامەیەکی مێژووییان بۆ کەمکردنەوەی پلەکانی گەرمای تۆپی زەوی ئیمزا کرد.

- رۆژی ١٢ی دێسامبر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە وڵاتی عەرەبستان ٢٠ ژن توانیان دەنگ بێننەوە و ببن بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.

– رۆژی ١٨ی دێسامبر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیارنامەیەکی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی پێنج ساڵە لە وڵاتی سووریە پەسند کرد، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە دوارۆژ و چارەنووسی بەشار ئەسەد نەکرد.

# ڕەوتی کۆچبەری، هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆزو، کێشەیەکی جیهانی



**کۆچبەری لەو پرسە گەرم و کراوانەیە، کە تەمەنی شان لە شانی مێژووی مرۆڤایەتی دەدا. کۆچکردن لە دەلاقەی جۆراوجۆرە سەیری کراوە و لە ڕەوتی مێژوودا بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهێنراوە. لە هەیکەل و قەوارەی کۆچکردن و کۆچبەریدا ڕەهەندە جیاوازەکانی وەک سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ناسنامە، ئایین و هتد بە یەک دەگەن. چاوخشاندنێکی ساکار بە نەخشەی سیاسیی جیهاندا دەریدەخا کە ژمارەیەک لە دەوڵەت و کۆمەڵگاکان داڵدەی کۆچبەران دەدەن و ژمارەیەکی دیکە بەرهەمهێنەری بە میلیون کۆچبەر، پەناخواز و پەنابەرن. بە گشتی، ڕەوتی کۆچبەری بەرەو هەڵکشان چووە و وڵاتانی داڵدەدەری کۆچبەران لە گەڵ هاوکێشەیەکی دژوار و ئاڵۆز بەرەوڕوون. بە کورتی، کێشەکە جیهانییە و چارەسەرکردنی وزە و هێزی بەرفراوانی دەوێ.**

**ئەوەی بە دوای ئەو سەرەتایەدا دەیخوێننەوە وتووێژی «کوردستان» دەگەڵ کاک عەزیزی شێخانی شارەزای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە دەربارەی ئەو پرسە:**

## پرسیار: پرسی کۆچبەری چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: کۆچبەری لە لێکدانەوەیەکی ساکاردا بەوە دەگوترێ، کە مرۆڤەکان لە ژینگە و نیشتمانی خۆیان کۆچ دەکەن بەرەو شوێنێکی دیکە. کۆچبەری دیاردەیەکە، کە ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ بەوە و لە ژێر کارتێکەریی فاکتەر و هۆکارە جیاوازەکاندا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. لە بەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤەکان لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیان و گەڕان بەدوای دواڕۆژێکی باشتردا جێگۆڕکەیان کردوە. کۆچبەری و کۆچەکان خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆرن و لە ڕوانگەی جیاوازەوە تاوتوێ کراون و دەکرێن. ئەو دیاردەیە چەند ڕوخسارییە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکان مانا دەکرێتەوە. لە ڕابردوودا کۆچبەری وەک ئەمڕۆ بە سیاسەت و ئیدۆلۆژی بارگاوی نەدەکرا. ئەمڕۆ کۆچبەری لە پانتایی جیهاندا هەیە و بە دیاردەیەکی جیهانی پێناسە دەکرێ. بە واتایەکی دیکە، جێگۆڕکەی سەدان ملوێن مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ مەڵبەندێکی دیکە و بە تایبەت کەیسی تایبەت بە پەناخواز و پەنابەران لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا جێگای مشت و مڕێکی زۆرن. کۆچبەری لە تەواوییەتی خۆیدا هەڵگری خاڵی ئەرێنی و نەرێنییە. بە گشتی، ژیان کەم و زۆر پڕە لە تایبەتمەندیی جۆراوجۆر، کە کۆچکردن لە ڕێژەی نۆرماڵ و سروشتیدا یەکێکە لەوان. ئەوە قانوونی سروشتە، کە هەر دیاردەیەک لە سنوور تێپەڕی هاوکێشەیەکی تازە دەخوڵقێنێ و ڕەنگدانەوەی لە سەر دەوروبەر دەبێ.

## پرسیار: فاکتەرە گرینگ و سەرەکییەکانی پشت دیاردەی کۆچ لە سەردەمی ئەمڕۆدا چۆن پێناسە دەکەن؟

وەڵام: لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆچەکان جیاوازن و کۆمەڵێک فاکتەر لەو نێوەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لە سەر زۆربوونی ژمارەی کۆچبەران هەیە. لە دابەشکارییەکی ساکاردا گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر، کار، شەڕ، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و پێداویستیی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە هێزی کار و هەڵاتنی مێشکەکان لە وڵاتە پاشکەوتووەکان بەرەو دەوڵەتە گەشەسەندووەکان فاکتەری کارای کۆچ و کۆچبەرین. کاتێک باس لە کۆچی ناچاری و زۆرەملە دەکرێ، مەبەست لە فاکتەری شەڕ، سەرکوت، ستەمکاری و نەبوونی ئاسایش و ئازادییە. ئەو فاکتەرانە، کە مرۆڤەکان لە زێد و نیشتمانی خۆیان هەڵدەقەنن و تووشی کۆچی نێوخۆیی یا دەرەوەی سنوورەکانیان دەکەن،زۆرن. پێداویستیی وڵاتانی پێشکەوتوو بە هێزی کار و زۆربوونی حەشیمەتی وڵاتانی گەشەنەسەندوو لەو فاکتەرانەن، کە بە کۆچی ئاسایی پێناسە دەکرێ. شایانی باسە، کە کۆچکردن لە نێو ڕۆژئاواییەکانیش لەو ساڵانەی دواییدا پەرەی سەندوە. کۆچکردنی ڕۆژئاواییەکان لە سەر بنەمای هاتوچۆی ئازادانەی مرۆڤ و ڕاگواستنی سەرمایە گەشەی کردوە. خوێندن و هەروەها پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە سەر زۆربوونی ڕێژەی کۆچبەران نەخشی بەرچاویان گێڕاوە.

## پرسیار:ڕۆژئاواییەکانچۆن دەڕواننە پرسی کۆچکردن؟

وەڵام: لە ئاستی دەوڵەتە کاندا، کۆچبەری لە هێندێ ڕوانگەی وەک مرۆڤدۆستی ، ئابووری، کولتووری و ئازادی تاک هەڵدەسەنگێندرێ. لە ڕۆژئاوا ڕوانگەیەکی یەکدەست لە سەر پرسی کۆچبەران نیە، ئەگەرچی بەشێک لە وڵاتانی ئوروووپایی تێکۆشاون لە بەرامبەر کۆچبەری و کۆچبەراندا ڕوانین و سیاسەتەکانیان یەکبخەن. زۆربەی وڵاتان لەو بازنەیەدا ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە داهاتوودا پێویستیان بە هێزی لاو و کاری دەرەکی هەیە. شایانی باسە، کە سیاسەتی دەوڵەتەکان، خەڵک و ڕێکخراوەکان لە پێوەندی لە گەڵ کۆچبەرەکاندا هاوسەنگ نیە. بۆ بەشێک لە ڕۆژئاواییەکان پرسی کۆچبەری و هەرلەو کاتەدا چەند کولتووری، مانای دەوڵەمەندیی و فرەیی دەگەیەنێ، کە بۆ مرۆڤایەتی نوختەیەکی ئەرێنی و خاوەنبایەخە. لە ڕوانگەی بەشێکی دیکە لە ڕۆژئاواییەکان، کۆچبەران بە تایبەت کە خاوەنی کولتوور و دینی جیاوازن وەک مەترسی و هەڕەشە چاویان لێدەکرێ. بێجگە لەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆدا و لە ژێر تەوژمی قەیرانە ئابورییەکاندا بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو باس لە وەرگرتنی هێزی کاری پسپۆڕ و شارەزا دەکەن، کە بە ئاسانی دەتوانن لە کۆمەڵگای تازەدا جێبکەون. سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕادیکالیزم لە ڕۆژئاوا لە بەرەی خانەخوێ و کۆچبەراندا پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە.



لە بەرەی خانەخوێ، هێز و پارتە سیاسییە ڕاستئاژۆکان تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیان بەرامبەر بە داهاتووی کۆچبەران هەیە و تێدەکۆشن کۆچبەرە جیاوازەکان بە سەرچاوە و ماکەی ترس و هەڕەشە بناسێنن. لە بەرەی کۆچبەرانیشدا و بە تایبەت ئەوانەی سەر بە بازنەی کولتووریی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتن، ڕێژەیەکی کەم تێکەڵ بە توندڕەوەکان بوون و خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگە نازانن. زۆرایەتییەکی بێدەنگ لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا چاوەڕوانیی ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەن و بە گوێرەی ڕۆژ لە پڕۆسەی دەنگداندا جێگۆڕکە دەکەن و تەنانەت بەرەی ڕادیکاڵ و توندڕەو و دژەکۆچبەر بەهێز دەکەن.

## پرسیار: کۆچبەران چەندە و چۆن لە ڕەوتی جێگیربووندا سەرکەوتوون؟

وەڵام: جێگرتن لە نێو کۆمەڵگەیەکی تازەدا بۆ کۆچبەران کارێکی ئاسان نیە. جێگیربوون لە وڵات و کۆمەڵگەی نوێدا ڕەوتە و ساڵانێکی زۆری دەوێ. لێرەدا باس لە جێکەوتن لە کۆمەڵگەیەکدا دەکرێ، کە مۆدێرن، خاوەنقانوون و ڕێسایە و لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە. کۆچبەر یان مرۆڤی کۆچکردوو بۆ سەرکەوتن لە ڕەوتی جێگیربووندا پێویستیی بە فێربوونی زمان، ناسینی کۆمەڵگە و خۆگونجاندن لەگەڵ کۆدە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانە.

پاشخانی مرۆڤ لە بواری دینی و کولتووری، ئاستی خوێندەواری، تەمەن و کراوەیی لەو فاکتەرانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ناسراو بە جێگیربوون هەیە. شایانی باسە، کە ژینگەی تازە و ئاستی تێکەڵاوبوونی خەڵک لە گەڵ کۆچبەران و هەروەها بوونی باوەڕ و متمانەی دوو لایەنە، کۆڵەکەی گرینگی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کۆچبەران و بە تایبەت پەناخواز و پەنابەرانن.

## پرسیار: هۆکاری پەرەگرتنی ڕەوتی دژە کۆچبەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی چییە؟

وەڵام: چۆنییەتیی ڕوانینەکان بۆ دواڕۆژ و دیتن و هەڵلاجیکردنی داهاتوو لە هۆکارە سەرەکییەکانن. چاوخشاندنێکی خێرا لە ڕوانگەی باڵە ڕادیکاڵ و پارتە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان نیشان دەدا کە ترسی ئەوان لە پلەی یەکەمدا پارێزگاری کردن لە ڕەگەز و نیشتمانی خۆیانە. لە ئارادابوونی توندڕەویی دینی، کە زیاتر باوەڕدارانی ڕادیکاڵی ئیسلام دەگرێتەوە و، زۆربوونی حەشیمەتی موسڵمان لە جەرگەی ڕۆژئاوادا فاکتەرێکی بەرچاوی پەرەگرتنی ڕەوتی دژەکۆچبەرە. لە تێڕوانینی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕۆژئاواییەکاندا، زۆربوونی حەشیمەتی موسڵمان تەنانەت لە ڕێڕەوی دێموکڕاسیدا لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا لە سەر قانوون و ئیدارەی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبێ. بێجگە لەوە، بوونی قەیرانی ئابووری و چوونەسەری ڕێژەی زۆری بێکاری لە ڕۆژئاوا لە هەڵخڕاندنی هەستی خەڵک بۆ تێکەڵبوون بە لشکری دژە کۆچبەران بەرچاوە. لە سەردەمی قەیرانەکاندا خەڵکی ئەو وڵاتانە بە ئاسانی دەتوانن قامکی تۆمەتبارکردن بۆ کۆچبەران ڕادێرن. لە لایەکی دیکە، بەشێک لە خەڵک لە ڕۆژئاوا باوەڕیان بە سەرکەوتنی پرسی چەند کولتووری نیە و بە تێگەیشتنی ئەوان ڕەوتی جێگربوونی کۆچبەران سەرکەوتوو نەبووە. شایانی باسە، کە کۆچبەران و هەڵسوکەوتەکانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو، لە سەر ڕەوتی شکڵگرتنی بیروڕای خەڵک و پارتە سیاسییەکان ڕۆڵ و نەخشی بەرچاوی هەیە.

## پرسیار: خوێندنەوەتان بۆ لێشاوی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو لە پەناخوازان بەرەو ڕۆژئاوا چییە؟

وەڵام: ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو و ڕۆیشتنی بە لێشاوی کۆچبەران بەرەو ئورووپا بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە وەرزی سیاسەت و هەڵوێست بەرامبەر بە کۆچبەران پێناسە دەکرێ. لە مێژووی ٥٠ ساڵەی ڕابردوودا کەمتر بینراوە کە کۆچبەران بە لێشاو سنووری چەند وڵات ببەزێنن و بەرەو وڵاتی مەبەست سەفەر کەن. تراژێدیی خنکانی منداڵ و دایکە کۆچبەرەکان لە دەریادا سۆزی سیاسەتکارە ڕۆژئاواییەکان و خەڵکی بۆ لای پرسی کۆچبەران ڕاکێشا و ئورووپا بۆ ماوەیەک بۆ وەرگرتنی کۆچبەران سیاسەتێکی هێمنانەی پەیڕەو کرد. بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەی




کۆچبەران داوای پەنابەرییان لێدەکەن، بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن، کە تواناکانی ئەوان لەو پێوەندییەدا کەم و سنووردارە. ئەوان ئەو وەرزە لە ژیانی پەنابەر و پەناخوازان بە دژوار پێناسە دەکەن، کە ڕەنگە ساڵانێکی زۆر دەرەقەتی نەیەن. ڕۆژئاواییەکان لەو پرسەشدا یەک دەنگ نین و ژمارەیەک لە وڵاتەکان ڕایانگەیاندوە، کە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پەناخوازانە لە وڵاتی خۆیاندا، دژوارە. ژمارەیەکی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەک پرسێکی هەبوو مامەڵەی لە گەڵدا دەکەن و بەشێک لە ئیمکاناتی خۆیانیان بۆ حەواندنەوەی پەناخوازان تەرخان کردوە. بەرچاوبوونی ڕێژەی پەناخواز و کۆچبەران، سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کەیسی کۆچبەرەکان دەگۆڕێ و ناچاریان دەکا، قانوونی تازە و ڕێکاری نوێ بۆ ئەو دیاردەیە لەبەرچاو بگرن. شایانی ئاماژەپێکردنە، کە تەقینەوەکانی ئەم دواییانەی پاریس و هەروەها پرسی ئاسایشی ڕۆژئاواییەکان و مەترسیی زیادکردنی ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان، کۆچبەری و پرسی کۆچبەرانی لە ڕێڕەوی ڕاستەقینە لاداوە.

## پرسیار: ئایا کۆچبەری پرسی نەتەوە ژێردەستەکان چارەسەر دەکا؟

وەڵام: ڕەنگە کۆچکردنی ناچاری بۆ ماوەیەکی کورت کارساز و ڕێگاچارە بێ. لە ئاستی تاکدا، کۆچکردن بێگومان تا ڕادەیەک چارەسەرە، بەڵام ئەو پرسە هەڵگری باری نەرێنی و دژوارییەکانی خۆیەتی. لە ئاستی نەتەوە بێ دەوڵەت و گەلە ژێردەستەکاندا کۆچکردن بە شێواز و فۆرمی ئەمڕۆیی نە تەنیا چارەسەر نیە، بەڵکوو لە درێژخایەندا ئاکامی نەرێنی دەخوڵقێنێ. گەلان بۆ سەرخستنی تێکۆشان و دەستەبەرکردنی ویست و مافەکانیان دەستەوداوێنی کۆچ نابن. بۆ وێنە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەشێک لە فەنلاندییەکان، ڕەخنەیان لەو کۆچە بە لێشاوە گرتوە. ژمارەیەک لەوان دەپرسن، ئایا هەڵاتن و چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە چارەسەرە؟ بۆچی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆچبەرانە پیاون و لێرە چ کارێک بۆ وڵاتەکەیان دەکەن؟ ئەو گەلانەی خوازیاری ژیانێکی بەختەوەر و ئەستاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسن، کۆچکردن ناکەنە بژاردەی یەکەم. ئەوان تێدەکۆشن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە درێژە بە خەبات بدەن و بە نەتەوە و دەسەڵاتی سەردەست و ستەمکار بسەلمێنن، کە لە سەر ئەستاندنی مافەکانیان سوورن. بە واتایەکی دیکە، گەلان بە کۆچکردن لە سەدەی ٢١دا بە مافەکانیان شاد نابن. گەلانی پێگەیشتوو و سەرکەوتوو بە ئاسانی واز لە مافەکانیان ناهێنن و لەو مەیدانەدا قوربانی گەورە و تێکۆشانی تیکڕایی پێشکەش دەکەن.

## پرسیار: ئایا دەوڵەتەکان دەرەقەتی پرسی کۆچبەران و کۆچبەری دێن؟

وەڵام: دەوڵەتەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی تایبەت بە کۆچبەری کار و ئەرکی گەورەیان لە سەر شانە. تێڕوانینەکان یەک نین و چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ پرسە جیهانییەکان و یەک لەوان کۆچبەران یەکدەست نین. بۆ چارەسەرکردنی پرسی پەناخواز و پەنابەران، دەوڵەتەکان و بە تایبەت زلهێزەکان، لە ڕێگای ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە کار لە سەر چاکسازیی هەمەلایەنە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری کۆچبەر بکەن. سیستەمە سیاسییەکان جیاوازن و ڕێژە و جۆری دابەشکردنی سەروەت و سامانی نیشتمانی لە جیهاندا عادڵانە نیە. بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان و یەک لەوان کۆچبەری، دێموکڕاسی، دەسەڵاتی قانوون و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە پێداویستییە سەرەتاییەکانن. خوڵقاندنی ژینگەی گونجاو، ڕێزگرتن لە هاونیشتمانان، بوونی ئاسایشی جێگیر و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ هاونیشتمانان لە پڕۆسەی ڕاهێنان لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات، مرۆڤەکان بە مانەوە دڵخۆش دەکا. دەوڵەتەکان لەو گۆڕەپانەدا بەرپرسیارەتیی گەورەیان لە سەر شانە و کارکردن بۆ ساغکردنەوە و سازکردنەوەی دەوڵەتی خزمەتگوزار، چارەسەری بەشێکی زۆر لە تەنگ و چەڵەمەکانە. زۆربوونی حەشیمەتی جیهان و گۆڕانی ئاو و هەوا دەوڵەتەکان ناچار دەکا کە بۆ پاراستنی هاونیشتمانان و مانەوە لە سەر تۆپی زەوی هاوکاریی زیاتر لە گەڵ یەکدا بکەن. بۆ وێنە بە بیابانبوون و کێشەی بێ ئاوی ڕەنگە لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا خوڵقێنەری ڕوخسارێکی تازە لە کۆچکردن بێ و مرۆڤەکان ناچار بکا کە لە نێوخۆی وڵاتێک یان لە دەرەوەی سنوورەکان بە دوای ژیانێکی باشتردا بگەڕێن. بە کورتی، کێشە جیهانییەکان پێویستیان بە بیرکردنەوەی قووڵ و بەرفراوان هەیە و ڕێگە چارەی جیهانییان دەوێ. بە سیاسەتی کورتبینانە و یەک لایەنە، کایەی ژیان لە جیهاندا باشتر نابێ و پرسی کۆچبەران لە ژێر تیشکی ئاشتییەکی درێژخایەن و دەسەڵاتێکی دێموکڕاتیدا چارەسەر دەکرێ.

سیاسی

# ئێران وڵاتی قەیرانەکان، شکستی پڕۆژەی حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان!

## ئێران لە دوایین ریزبەندیی جیهانیدا لە نێو ١٤٤ وڵاتی جیهان پلەی ١٠٦ی گرتوە!

## چاوخشاندنێک بەسەر دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی لۆگاتۆم بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە!



ئاگری باڵەکی

«ئەوە یەکەمین دەوڵەتی خودایە کە دادپەروەری دادەمەزرێنێ، پاشایەتی تێک دەشکێنێ و دەیخاتە نێو زبڵدانی مێژوو». (وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ). ئایا قسەکەی خومەینی ڕاست دەرچوو؟ حکوومەتی خودا لە سەر زەوی، حکوومەتێک بوو کە لێقەوماوانی سەر زەوی لە ژێر سێبەریدا بحەسێنەوە، یان بە پێچەوانەوە حکوومەتێک بوو کە خۆی بوو بە هۆی دروستبوونی قەیران و ماڵی خەڵکی وێران کرد، حکوومەتێک کە لە ڕیزی خراپترین و دیکتاتۆرترین وڵاتانی جیهاندایە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ٣٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بخشێنین، دەبینین کە حکوومەت لە بەشی هەرە زۆری بەرنامە و پلانە ئابووری و گەشەییەکانی خۆیدا شکستی هێناوە.

ژمارەیەک ناوەند و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە بواری لێکۆڵینەوەدا بە پێی نەریتی ساڵانەی خۆیان کۆمەڵێک ڕاپۆرت و داتا و زانیاری لەسەر وڵاتانی جیهان بڵاو دەکەنەوە. ئەو ڕاپۆرتانە بەگشتی هەموو بوارەکانی ژیان و بەڕێوەبردنی وڵاتان بە وردی دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و لە کۆتاییدا بۆ ڕای گشتی بڵاو دەکەنەوە. لەو نێوەدا کۆمپانیا و ناوەندە ئابوورییەکان بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی کاری خۆیان پەنا دەبەنە بەر ئەو ڕاپۆرتانە، چونکە بەشی زۆریان ڕاستی و دروستی ژیان و بەڕێوەبردنی وڵاتان نیشان دەدەن.

ناوەندی لۆگاتۆم کە ناوەندێکی لێکۆلینەوە و توێژینەوەیە و بنکەکەی لە شاری لەندەنی وڵاتی بریتانیایە، لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا کە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٥دا بڵاو بۆتەوە، ١٤٢ وڵاتی جیهانی خستۆتە ژێر وردبینیی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی باشترین وڵات بۆ ژیان. بۆ ئەو مەبەستە چەند شتی وەک بنەمای گرینگ لەبەرچاو گرتوون، لەوانە (ئابووری، دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری، دەسەڵاتداری، پەروردە، تەندروستی، ئاسایش، ئازادییە تاکە کەسییەکان و سەرمایەی کۆمەلایەتی) . بە چاوخشاندنێک بە داتاو زانیارییەکانی ئەو ڕاپۆرتەدا دەبینین کە ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لە نێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٠٦دایە، پلەیەک کە ئەو ناوەندە بە ڕەنگی سوور نیشانی داوە، واتە ئەو وڵاتە یەکێکە لە خراپترین وڵاتەکان لە جیهاندا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پلەی ١٠٦ی ئێران هەوڵ دەدەین کە زانیارییەکان شی بکەینەوە.

ئابووری: ئێران لە بواری ئابووریدا ساڵی ٢٠١٥، پلەی ١٠٥ی لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهاندا بووە. ، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ٩١ و ٧٠ی هەبووە، بە وردبوونەوەیەک لەو داتایانە دەردەکەوێ کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵ بە ساڵ لە بواری ئابووریدا بێتواناتر بووە و لە کاتێکدا ئێران لە ساڵی ٢٠١٢دا پلەی ٧٠ی هەبووە، لە ساڵی ٢٠١٥دا، ٣٥ پلە دابەزیوە و بۆتە ١٠٥، کە ئەمە بۆ وڵاتێک کە تێیدا ڕێژەی بێکاری ٣٠٪ یە و حەشیمەتەکەی لە ٨٠ میلیۆن کەس نزیک دەبێتەوە گیروگرفتێکی گەورەیە و، کارەساتێکی ئابووری چاوەڕێی دەکا.

لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە ئاخرین ڕاپۆرتی خۆیدا ئێرانی لە ڕیزی گەندەڵترین وڵاتانی جیهاندا داناوە. ئێران لە ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەدا لەنێو ١٧٦ وڵاتی جیهان پلەی ١٣٦ی گرتوە، واتە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەندەڵترین و بۆرۆکراتیکترین وڵاتانی جیهانە کە گەندەڵی سەرتاپای ئەو حکوومەتەی داگرتوە. بە وتەی بەرپرسانی ئێران هیچ شۆرش و پلانێک ناتوانێ حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان لەنێو ببا، بەڵام گەندەڵی بناغەی ئەو حکوومەتەی لەرزاندوە و لەو نێوەشدا وەک نموونە ناوەندێکی چاودێری دارایی حکوومەتی ئێران بە ناوی «بنیاد میزان» خۆی تووشی گەندەڵی دارایی بووە و ئێستا پەروەندەکەی لە دەزگای قەزاییە.



دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری دابینکردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاریدا پلەی ٩٢ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ٩٣ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ٩٣ و ٩٥ی هەبووە، وەک پێشتریش گوترا ئێران لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی بێکارییان تێدا زۆرە و وەگەڕخستنی سەرمایەشیان تێدا زەحمەتە. ڕێژەی بێکاری لە ئێران بە پێی ناوەندە ڕەسمییەکانی ئێران ٣٠٪ یە ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەندی ئابووری و پیشەسازی لە ئێران زۆر کەمە یان هەر نییە. لە لایەکی دیکەوە حەشیمەتی ئێران ڕۆژ بەرۆژ ڕوو لە زیادبوونە و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێئەوەی بەرنامەیەکیان بۆ ئەو کارە هەبێ بەردەوام خەڵکی بۆ زیادکردنی حەشیمەت هان دەدەن ، ئەوە لە حالێکدایە کە ئێران جگە لە کێشەی ئابووری بە دەست کێشەی وشکەساڵی، بێئاوی و بێ بەروبوومیشەوە دەناڵێنێ.

لە بواری سەرمایەگوزاریدا لەبەر ئەوەی ڕێژەی گەندەڵی زۆرە و هێزە نیزامییەکان دەستیان بەسەر ناوەندەکانی ئابووریداگرتوە، کۆمپانییە گەورەکانی جیهان کەمتر خۆیان لە وەها بازارێک دەدەن، بەپێی زانیارییەکان سپای پاسداران ٨١٢ شیرکەتی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێراندا تۆمار کردوون کە هەموویان لە ژێر دەسەلاتی ئەو ئیمپراتورییە سەربازییەدان‌و، هەر کەس لە دەرەوەی ئێرانەوە بیهەوێ سەرمایەگوزاری بکا، دەبێ لەگەڵ یەکێک لەو ٨١٢ شیرکەتە ببێتە شەریکەبەش. ئەو ڕێگرییانە وایان کردوە کە ئێران لە بواری سەرمایەگوزاریی خاریجیدا لە ڕەدەی ٩٢ی جیهاندا بێ.

دەسەڵاتداری: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری دەسەڵاتداری و حوکمڕانیدا پلەی ١٢٢ی گرتوە. ئەوە لە حالێکدایە کە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ١٢٠ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا بە تەرتیب پلەی ١٢٠ و ١٢٦ی هەبووە. حوکمڕانیی ئایەتوڵڵاکان بە سەر خەڵکی ئێراندا لە ماوەی ٣٦ ساڵدا زۆرتر وەک دەسەڵاتی ئاغا و ڕەعییەتی بووە و ئەو دروشم و بەرنامە خەیاڵییانە کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧دا لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامییەوە بەیان دەکران، زۆرتر لە تراویلکە دلە بیابانێکی بێئاودا ءچوون. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٤ ساڵی ڕابردوو باشترین پلەیەک کە لە دەسەڵاتداریدا بەدەستی هێناوە، پلەی ١٢٠ بووە لە نێوان ١٤٢ وڵاتدا. ئەو پلەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریزبەندیی وڵاتانی دیکتاتۆردا دادەنێ، لە وڵاتێکدا کە پلەی دووهەمی جیهانی لە ئیعدامدا هەیە و، خەڵک لەسەر بیرو باوەر ئیعدام دەکرێن، ڕێژەیەکی باشتر لەمە چاوەڕوان ناکرێ.



پەروەردە: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری پەروەردەدا پلەی ٦٥ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٤، ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا ئێران پلەی ٥٧ی هەبووە، پەروردە و فێرکردن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەرەو باشی هەنگاو دەنێ و ساڵ بە ساڵ شێوازی جۆراوجۆر دەهێنرێتە نێو سیستەمی خوێندنەوە. وڵاتان زیاتر پەرە بە ناوەندەکانی خوێندن و بەرنامەکانی فێرکاریی دەدەن، بەڵام لە ئێراندا ئەو بەشە لەبیر کراوە، هەربۆیە ساڵ بەساڵ لە دابەزیندا بووە.

لەشساغی: ئێران ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری تەندروستیدا پلەی ٦٧ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٣دا ئێران پلەی ٦٧ی هەبووە و بۆ ساڵی ٢٠١٢ پلەی ٦٦ی بۆخۆی تۆمار کردوە. ناعەداڵەتی لە بوارە جیاوازەکاندا لە ئێران بێداد دەکا. بواری لەشساغی لە ئێراندا بە پێی ڕێژەی حەشیمەت زۆر لە خوارێیە، بەتایبەتی ناوەندە لەشساغییەکانی حکوومەتی لە ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەو پەڕی دواکەوتووییدا بوون، حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگییەکی ئەوتۆ بە بواری لەشساغی بەشێوەی پێشکەوتوو نادا ، هەر ئەو گوێنەدانەشە کە ڕێژەی مردن و ڕادەی ژیان لە ئێراندا هێڵی سووری بەزاندوە.

ئاسایش: ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئاسایشدا پلەی ١٢٠ی گرتوە، ساڵی ٢٠١٤ش ئێران پلەی ١٢٦ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢دا پلەی ١٢٣ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە. لە بواری ئاسایش و پاراستنەوە ئێران لەوپەڕی خراپیدایە. لە ئێراندا ڕێژەی کاری خراپ و توندوتیژی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە، گەندەڵی و فەسادی ئیداری بنچینە و بناغەی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانی کۆڵیوە، بە پێی ئامارەکان لە ساڵی ڕابردوودا نزیک بە ١ میلیۆن شەڕی سەر جادە لەلایەن خەڵکی ئیرانەوە لە دادگاکانی ئێراندا تۆمار کراون، بەشی هەرە زۆری شەڕەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە نوێنەرانی قانوون و ئاسایش ئەرکی خۆیان بە باشی بە جێ نەگەیاندوە.

ئازادییە تاکەکەسییەکان: ئێران ساڵی ٢٠١٥ لەنێو ١٤٢ وڵاتی جیهان لە بواری ئازادییە تاکەکەسییەکاندا پلەی ١٣١ی گرتوە، ئەوە لە حالێکدایە کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئێران پلەی ١٢٨ی هەبووە و لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٢ پلەی ١٢٦ و ١٢٥ی بۆخۆی تۆمار کردوە.

ئێران لە بواری ئازادییە تاکەکەسییەکاندا لە خراپترین وڵاتانی جیهان دێتە ئەژمار. ئێران لە سەرکوتی ئازادییە تاکەکەسییەکاندا دووهەم وڵاتە لە جیهاندا. ئێران لە ئاخرین بەراوەردا تەنیا چەند پلە لە سەرەوەی سووریە و یەمەن و ئەفغانستانە. لە ئاخرین ریزبەندیی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووردا، ئێران لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان پلەی ١٧٣ی گرتوە کە ئەو ڕێژەیە لە خوار عێراق و سومالییە. ئیران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان ناوەندی چاپەمەنی و ڕۆژنامە داخراون. ئێستا لە ئێراندا ٥٠ ڕۆژنامەنووس لە زیندان دان.

### ئاکام:

بە سەرنجدان بە کۆی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کردن، دەبینین کە کارنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکاندا هێڵی سووری تێپەڕاندوە، ئەمە بەمانای ئەوەیە کە حکوومەتی ئایەتوڵڵاکان لە لێواری شکستدایە، حکوومەتێک کە سەرەتا بە شوعاری عەداڵەت و خۆشگوزەرانی هات، بەڵام دەبینین دوای ٣٦ ساڵ نەک عەداڵەت و خۆشگوزەرانیی بەرهەم نەهاتووە، بەڵکوو بە پێچەوانە بەدبەختی و فەلاکەت تەواوی وڵاتی داگرتوە.

ماوە بڵێین کە دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ گوێ نادەنە ئەو ڕاپۆرتانە کە لە ناوەندە جیهانییەکاندا لەسەر بارودۆخی ئەم وڵاتە بڵاو دەبنەوە ، بەڵام بە پێچەوانەوە وڵاتان و ناوەندە ئابوورییەکانی جیهان گرینگییەکی تایبەت بەو ڕاپۆرت و داتایانە دەدەن ،دیارە خەڵکی سڤیلی ئێران زەرەرمەندی سەرەکیی ئەو نێوەندەن.

| پلە | وڵات | ئابووری | دابین کردنی هەلی کار و سەرمایەگوزاری | دەسەڵات | پەروەردە | تەندروستی | ئاسایش | ئازادییە تاکەکەسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆروێژ | ٤ | ٥ | ٨ | ٥ | ٤ | ٨ | ٣ |
| ٢ | سوئیس | ٢ | ٣ | ١ | ٨ | ٣ | ١٣ | ١١ |
| ٣ | دانمارک | ٩ | ٢ | ٣ | ١٣ | ١٦ | ٧ | ٨ |
| ١٠٦ | ئێران | ١٠٥ | ٩٢ | ١٢٢ | ٦٥ | ٦٧ | ١٢٠ | ١٣١ |
| ١٤١ | ئەفغانستان | ١٤٠ | ١١٣ | ١٤٢ | ١٢٨ | ١٢٨ | ١٣٣ | ١٣٣ |

سەرچاوە: ڕاپۆرتی ناوەندی لوگارتم بۆ لێکۆلینەوە و توێژینەوە

# ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٧١

١٦ی بەفرانباری ١٣٩٤

٦ی ژانویەی ٢٠١٦


## سینەمای کوردستان لە «سێ» نەمادا



عەلی لەیلاخ

**پێشەکی**

هونەری حەوتەم واتە سینەما لە دەسپێکەوە تا ئێستاکە ڕەوتێکی پڕ ڕووداوی بە خۆیەوە بینیوە، مێژووی ١٢٠ساڵەی ئەم هونەرە جوان و شوێندانەرە پێمان دەڵێت کە چەندە کاریگەریی هەبووە بەسەر بیری تاک وکۆمەڵگە.زۆرجار دەبینین کە دەسەڵاتەکان بۆ بەرەپێش بردنی بیرۆکەی سیاسیی خۆیان وەکوو کەرەسەیەکی هەژێنەر و شوێندانەر لەم سەنعەتە هونەرییە کەڵکیان وەرگرتووەوە ئێستاش هەردرێژەی هەیە. ئەمە لەلایەک ولەلایێکتر سینەما لە دنیای ئەمرۆ لە ناساندنی گەلان بەیەکتر وهەروەها ناساندی مێژووی سیاسیی وفەرهەنگی نەتەوەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەیە.

کوردیش وەکوو نەتەوە ، سەرەڕای دەیان گرفتی سیاسی و نەبوونی دەسەڵات وکیانی تایبەت بەخۆی لەم بارەوە واتە دەرکەوتن لە هونەری سینەما وکەڵک وەرگرتن لەم هونەرە ڕەنگینە ئەگەرچی درەنگ وکەم ،بەڵام بەهەرەی باشی لێ بردووە.کە بەداخەوە وەکوو زۆر پرسی فەرهەنگی وهونەری دیکە سینەمای کوردیش بێ گیروگرفت نیە کە لەم بابەتە هێندێک لەلەمپەڕەکانی سەرریٚ گەشەی ئەم هونەرە لە کوردستان دەخەینە بەرباس.

– دسپێکی سینەمای کوردستان

«حەموبەیگ نەزەریان»وەک یەکەم سینەماکاری کورد نزیک بە٣٠ فیلمی سازکردوە کە ٢٧ لەوانە تایبەتە بە کوردەکانی قفقازوئەرمەنستان..کە لەم بارەوە خاوەنی نازناوی تایبەت بە خۆیە.

بە دوای ئەو لە ساڵی ١٩٦٧ «یەڵمازگۆنەی»بە سازکردنی دوو فیلمی سینەمای بەناوەکانی »ئاغاکانی سەیدخان»و «گوورگە برسییەکان»بەرەبەرە ڕەوتی سینەمای کوردی دەستیپێکرد.

هەرچەند بە بەراورد لە گەڵ گەلانی دیکە ڕەوتێکی ئارامتر هەبوو کە هۆکاریشی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کورد لەنێوان چوار وڵاتدا دابەشکراوەو هەمێشەش لە ترسی بەر زەبروگووشاری سانسۆری حاکمیەت . کاتێک کە لە «یەڵماز گۆنای»دەپرسن بۆچی زمانی فیلمەکانت کوردیی نیە وەڵامەکەی دەرخەری دەمکوت وسەرکوت کردنی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردەکانە کە دەبێژێت: زمانی کوردی لە تورکیە بە شێوەی یاسایی قەدەغەیە.

کەواتە لێرەدا سینەما کاری کورد یەک لە ستۆنەکانی سینەمای خۆی کە زمان وئەدەبیاتە لە دەست دەدا،بۆیە ناچارە تێکستی فیلمەکانی بە زمانەکانی دیکە بێ و ئەمیش بۆ خۆی خەسارێکە بۆ پێناسەکردنی سینەمای کوردستان ڕووبەدەرەوە. بێ گومان فیلمی سینەمای «یول» (ڕێگا) لە دەرهێنانی «یەڵماز گۆنەی» ڕێگەخۆشکەری سینەمای کوردییە کە ئەمرۆ بەرەبەرە خەریکە نازناوی تایبەت بەخۆی لە نێو فستیڤاڵە نێونەتەوەییەکان‌دا بە دەست دێنێت.بەڵام چەندین لەمپەڕوکێشە گەورە لەسەر ڕێ ئەم ڕەوتەدایە کە دەتوانین ئاماژە بە گرینگترینەکانی بکەین:

**١-نەبوونی ستۆدیوی سینەمایی وئیسپۆنسێرماڵی**

بەرهەمی سینەمایی پێویستی بە هەبوونی ستۆدیوی سینەمای وهەروەها پشتیوانی ماددییە چ وەکوو پشتیوانی ماددی لەلایەن دەوڵەتەوە ،یان کەرتی تایبەت. بۆ سازکردنی فیلمێکی بەهێزوهونەری ئەم دووخاڵە ڕۆڵ دەبینن کە بەداخەوە لە هێچ کام لە پارچەکانی کوردستان بە باشی وبە تەواوی بوونییان نیە.هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە سینەماکارانی کورد بەرهەمەکانی خۆیان یان لە دەروەی سنووری کوردستان ساز بکەن یان بە ناتەواوی بمێنێتەوە.

چونکە یەک لە جیاوازییەکانی هونەر سینەما لە گەڵ هونەرەکانی دیکە لە تێچووی ماڵی وئیمکاناتی بەرچاودایە..کە بەداخەوە لە تەنیا پارچەی کوردستان کە کیانی دیاری کراوی سیاسی خۆی هەیە واتە «باشوور» سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کە دراوەوە هێشتاکە دۆخی سینەمای کورد دۆخێکی باش نیە چ لەباری بەرهەمهێنانەوە! چ بۆسینەماکارانی کورد!

**٢-لاوازی بازاری فرۆش وسیستەمی بڵاوکردنەوە**

کە بەرهەمێک سینەمای هاتە ئاراوە پێویستی بە شوێن وسیستەمی نواندنە کەم هەم بگاتە بەر دیدەی بینەران وهەمیش لە ڕێگای فرۆشەوە ئەو تێچووی ماڵیی قەرەبوو بکرێتەوە.

بەداخەوە لە کوردستان (هەر چوارپارچە) بە بەراورد لە گەڵ وڵاتانی دیکە ئەم دوو خاڵە گرینگی دەتوانین بڵێین بوونی نیە بۆیە زۆربەی فیلم سازان چاویان لە فستیڤاڵەکانە ووەگرتنی خەڵاتەکان. ئەمەش بووە بە ڕیگەرێک کە نەتوانن بە شێوەی پیشەیی و بە خواستی خۆیان درێژە بە هونەرەکەیان بدەن.چونکە هەر فستیڤاڵێک دروشم وپرنسیپی دیاریکراوی خۆی هەیە.

نەبوونی یاسای «کپی رایت»نەبوونی شوێن وسالۆنی نواندن و پێشوازی نەکردنی خەڵک بۆ سەیرکردنی فیلم کە ببێتە پشتیوانێکی ماددی ومەعنەوی بۆ سینەماکاران لە هۆکارگەلی کزبوونی سینەمای کوردییە.

**٣-وەرنەگرتنی سینەما وەکوو هونەرێکی کاریگەر لە لایەن کۆمەڵگەی کوردییەوە.**

نەبوونی ڕوانینی ڕووناکبیرانە بە نیسبەت ئەم هونەرە جوان وبە سوودە ،خاڵێکی نەرینییە لەسەر ڕێ گەشەی سینەمای کوردستان.

«جوولەکەکان» لەڕێگەی نواندنی مێژووی بەسەرهات وژینۆسایدی خۆیان وبە ئامرازکردنی ئەم هونەرە.توانییان بەسەر تاک وکۆمەڵگەی بەشەرییەت کاریگەرییان هەبێ وشۆناسی سیاسی ومێژوویی خۆیان زیاتر بناسێنن.تەنانەت هژمۆنی خۆیان بسەپێنن.

بێ گومان کوردیش دەتوانێ لەم چەکە بەهێزە بۆ خۆناساندنی زیاتر کەڵک وەبگرێت.ئەمە بە دی نایێت هەتا لە نێو ماڵی خۆمان ،نەبین بەپشتیوانی بەرهەمە سینەماییەکان وبەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری جڤاک بەنیسبەت وەرگرتن وپاڵپشتی کردن لە سینەما وسینەماکارانی کورد.

خستنەرووی ئەم چەند خاڵە بەمانی نائومێدبوون لە گەشەی سینەمای کوردستان نیە ،ڕاست بە پێچەوانەوە چونکە کورد ئەگەرچی درەنگ بەڵام بەباشی لە بواری هونەری سینەمادا دەرکەوتووە .بە نەمانی هەرکام لەو لەمپەڕانە دەتوانێ دەرکەوتنی شیاووباشتری هەبێ.چەندین ساڵە لەئەوپەڕی بێ دەرەتانی وتەنانەت ئاوارەبوونی بەشێکی زۆرسینەماکارانی کورد.توانیویانە لە زۆربەی فستیڤاڵە جیهانییەکان ئێگجارباش دەردەکەون وخەڵات وەرگرن. هەربەرهەمێکی هونەری کە بەجیهان بناسرێت نوێنگەونوێنەری کلتووروهونەری ئەوگەلەیە.

کەواتە سینەماکارانی کورد دەتوانن لە ناساندن وبەرزنرخاندنی نەتەوەی خۆیان دەروی بەرچاوبگێڕن. ئەمرۆکە گەلانی «تورک وفارس وعەرەب» زیاتر لە بواری هونەری سینەماوە هژمۆنی فەرهەنگی وکلتووری خۆیان بەسەر گەلانی دیکە بەتایبەت گەلی بن دەستی کورد دەسەپێنن.

بۆیە جێگەی خۆیەتی تاک بەتاکی کۆمەڵگەی کوردی خۆی بە پشتیوانی سینەماکارانی کورد بزانێت وئەرکی سەرشانی دەرهێنەران،سینەماکاران،ئەکتەرو دەورگێرانی سینەمای کوردی زێدەتر لە هونەرمەند ،بەڵکوو هەست بە بەرپرسایەتی کردنە بۆ ناساندن و نواندنی خەم ومەینەت وچەوساوەیی گەلەی خۆیانە و لە ڕێگەی ئەم هونەرە جوانە دەنگ ورەنگی نەتەوەکەیان زیاتر بە جیهان بناسێنن.





پاییزی ئەمساڵ بەشداری وخەڵات وەرگرتنی سێ سینەماکاری کوردی ڕۆژهەلاتی لە فستیڤاڵە نێونەتەوەییەکاندا، نیشان لە داهاتوویەکی گەش وگەشاوەیە بۆ سینەماکارانی کورد.

ئەگەرچی ئەم بەرهەمانە بەناوی وڵاتی ئێرانەوە ڕێگەیان پێدرا.بەڵام دەسکەوت وشانازییەکەی بۆ هونەرمەندانی کورد بوو.

ئەم سێ بەرهەمە سەرکەوتووە بریتین لە:

١-فیلمی »ڕووداوەکانی ژن وشووی کرێکار» بە دەرهێنەری کەیوان کەریمی کە توانی پێنج خەلاتی سەرەکیی لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی «سان سێبەستیان»ی وڵاتی ئیسپانیا بە دەست بهێنیت.

٢-بەشداری کردنی سینەماکاری سنەیی»ماشەڵڵا موحەمەدی»بە دوو بەرهەمی ئەنیمەشێنی لە فستیڤاڵەکانی کۆسۆفۆ و بەرازیل.

٣-»بۆچی نابێ مێش بکوژی»فیلمێکی دیکەی سینەماکاری کوردە بەناوی «فەرهاد عەلیزادە« ئەم بەرهەمە ئەنیمەشێنیە،لە فستیڤاڵی «فێرفیلم»ی کۆسۆفۆ لە گەڵ فیلمەکانی وڵاتانی: عێراق، تورکیە، میسر، لوبنان، ئیسپانیا، ئەمریکا، ئیتاڵیا، بریتانیا، بەڕازیل، ئیرلەند، بێلژیک، فەرانسە، ئوستڕالیاو چەندین وڵاتی دیکەی جیهان کەوتە ڕکەبەرییەوە.

ژێدەر؛

ئاژانسی هەواڵنێری پەیامنێر،سایت کوردستان وکورد...

## پێدرانی خەڵاتی پێشبڕکێیەکانی «لویی فڕانسوا» بە هونەرمەندێکی کرماشان

خەڵاتی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی هونەرە تەجەسومیی‌یەکانی « لوئی فەڕانسوا»ی وڵاتی فەڕانسە بە « بەهار ڕازنەهان»، کچە هونەرمەندی شێوەکاری کرماشان درا.

پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی هونەرە تەجەسومیی‌یەکانی « لوئی فەڕانسوا»ی وڵاتی فەڕانسە لە ساڵی ٢٠١٥ لە ژێرناوی « ڕوخسار یا دەمامک» بەڕێوەچوو. لەو پێشبڕکێ‌یەدا بەهار ڕازنەهان، کیژی ١٢ ساڵ تەمەنی کرماشانی خەڵاتی یەکەمی گرووپی تەمەنیی ١٠ تا ١٣ ی ئەو فستیڤاڵەی بردەوە.

جێی باسە کە سەرجەم ٥٢٠٠ بەرهەم لە ٥٣ وڵاتی دنیا بۆ بەشی دەبیرخانەی فستیڤاڵی نێودەوڵەتیی» لویی فەڕانسوا» بەڕێ کرابوو.

## پیشاندرانی فیلمێکی کوردی لە فیستیڤاڵی «ئینتێرفیلم»ی بەڕلین

فیلمی کوردیی «حەوت بەرد» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد خاتوو «فاتمە دەستمەرد» لە سی‌و یەکەمین خولی فیستیڤاڵی «ئینتێرفیلم»ی بەڕلین پیشان‌درا.

کورتە فیلمی چیرۆکی «حەوت بەرد» لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا و لە دوو سانسی جیاوازدا لە تەنیشت ١٣ فیلمی دیکە لە سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری جی‌هان‌و لە بەشی پێشبڕکێی سی‌و یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی «ئینتێرفیلم»ی بەڕلین لە وڵاتی ئاڵمان چووە سەر پەردەی سینەماکان.

فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی «ئینتێرفیلم»ی بەڕلین، ساڵی ١٩٨٢ لە شاری بەڕلین دەستی پێ‌کرد و هەموو ساڵێک لە لایەن ناوەندیی «ئینتێرفیلم»ی بەڕلین بەڕێوەدەچێ.

ئامانج لە بەڕێوەبەردنی فیستیڤاڵی «ئینتێرفیلم»، دۆزینەوەی فیلمسازانی شارەزا و داهێنەر و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوانە. ئەم بەرهەمانە لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی‌و فەرهەنگی پێشکەش دەکرێن تاکوو ئاڵووگۆڕی ئایدیا وێنەییەکان بە باشترین شێوەی خۆی ئاراستە بکرێ.

فیلمی سینەمایی «حەوت بەرد» تا ئێستا لە چەندین فیستیڤاڵ پیشان دراوە، وەک لە بیست‌و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ئاڵتێرناتیڤ» لە ڕۆمانی لە ساڵی ٩٣، پازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «بەیرووت» لە لوبنان لە ساڵی ٩٤، پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی «فیلمە ئێرانییەکان»ی لەندەن لە بریتانیا، سی و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی «تاران» لە ئێران لە ساڵی ٩٣، بیست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمەکانی «منداڵان و مێرمنداڵان» لە ئیسفەهان‌و چەند فستیڤاڵێکی نێوخۆیی لە ئێران.

خاتوو فاتمە دەستمەرد، سینەماکاری لاوی مەریوانی پێش دروستکردنی فیلمی «حەوت بەرد» کاری دەرهێنانی بۆ دوو کورتە فیلمی چیرۆکیی دیکە بە ناوەکانی «بێدەنگیی تاڵاوەکان» و «شوێن پێی ژیان» کردوە کە لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان‌دا بەشداریی کردووە و چەندین خەڵاتی گرینگیشی بەدەستێ هێناوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 671 6 Jan 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەهمەن قوبادی: هیوادارم کورد لەو قەیرانەی ئێستای ناوچەکە کەڵک وەربگرێ‌و سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ



بەهمەن قوبادی دوای پیشاندرانی فیلمی «هەندێک جار چاو لە سەرێی بکە» لە تۆرینی ئیتاڵیا وتووێژی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندیی ئەم وڵاتە کردبوو، و لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی فیلمی «ئاڵای بێ وڵات»، نوێترین بەرهەمی خۆی گوتی: یەکەمین پیشاندرانی ئەم فیلمە لە مانگی بەفرانبارو لە وڵاتی ئەمەریکا دەست پێ‌دەکاو لە دواییش‌دا لە وڵاتانی دیکەی دنیاش پیشان دەدرێ.

پەیامنێرێکی ئیتاڵیا لە «بەهمەن قوبادی» پرسی ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵایەو ئێوەش فیلمێکتان بە ناوی «ئاڵای بێ وڵات» سازکردوە، بەهمەن قوبادیش گوتی: ئەم ڕۆژە یەکێکە لە گرینگترین ڕۆژەکانی نەتەوەی کورد، چونکە ئەم میللەتە زوڵملێکراوە تا ئێستا ئاڵای هەیە بەڵام بەشوێن زەوییەکەی‌دا دەگەڕێ. بە شێوەی سروشتی لە سەرەتادا دەبێ وڵات دروست بکرێ پاشان ئاڵای بۆ سازبکرێ، بەڵام کورد ئاڵای هەیەو دیارە پێشتر وڵاتی بووە و لێ‌یان ون کردووەو لەم سەردەمەی ئێستاش‌دا بەشوێن ئەم وڵاتە‌ی‌دا دەگەڕێ.

قوبادی لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: لە ئێستادا دەبێ کورد یەکگرتوو بێ‌و ئەگەر کورد بەو یەکدەنگییە نەگاو لەلایەنی ئایدیۆلۆژییەوە بەو یەک سنوورییە نەگا، قەت ناتوانێ سنوورەکانی خۆی بە سنوورێکی جوغرافیایی بگەیەنێ.

## دۆزینەوەی چەن ئاسەواری ۳۰۰۰ ساڵە لە سەقز





لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند کەل‌و پەل لە شاری سەقز دۆزرانەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر.

ئەو کەلوپەلانە کاتێک کە کەسانێک ویستویانە بیانفرۆشن لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە کوردکاناڵ مێژووی ئەو کەل‌و پەلانە بۆ سەردەمی سلوکیەکان، ساسانیەکان‌و هەروەها سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە لە لایەن چەن کەسێکەوە دەرهێنراون‌و ویستویانە بیانفرۆشن.

جێی بیرهێنانەوەیە کە مێژووی شاری سەقز زیاتر لە ۳ هەزار ساڵەو یەکێک لە کۆنترین شارەکانی پارێزگای سنەیەو ئاسەواری مێژوویی زۆری تێدایە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێشتر، بەڵام تەنیا ۱۵۰ حاڵەت لەوانە لە لیستی بەرهەمی نیشتمانی‌دا تۆمار کراون‌و بە هۆی کەم تەرخەمی‌و بایەخ‌دانەنان بەم کەل‌و پەلانە هەمووی یان دەدزرێن یان لەلایەن دەست‌و پێوەندی‌یەکانی ڕێژیمەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێ.

شایانی باسە کە ساڵانێکە دەست‌و پێوەندی‌یەکانی ڕێژیم بە هاوکاریی ئیداری سپاو ئیدارەی ئاگاهی بە ئاشکراو بە ڕوونی لە پێش چاوی خەڵک ئاسەوارو کەل‌و پەلە مێژووییەکانی کوردستان دەردەهێنن‌و دەیدزن‌و دەستی بەسەردا دەگرن.

## دۆزینەوەی ئاسەواری کۆنی ۷۰ هەزار ساڵ لەمەپێش لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



دوای کنەو گەڕان بە دوای شوێنەوارو ئاسەواری کۆن‌دا لە ئەشکەوت‌و پەناو پەستێوی چیاکان‌و دەورووبەری ڕووباری سیروان لە پارێزگای سنە، گرووپێکی شوێنەوارناسی کۆمەڵێکی بەرچاو کەلوپەلی سەردەمی بەردین‌و پاش سەردەمی بەردین‌یان دۆزی‌یەوە.

فەرەیدوون بیگلەری، بەرپرسی گرووپی شوێنەوارناسی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە ڕایگەیاند کە کەلوپەلە دۆزراوەکان پەیوەندییان بە سەردەمی بەردین‌و پاش ئەو سەردەمەوە هەیەو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ٤٠ تا ١٢ هەزار ساڵ لەمەوبەرو، پاشماوەی ئەو خەڵکانەن کە لە کەنارەکانی ڕووباری سیراون‌دا ژیاون.

بە قسەی بیگلەری کەلوپەلەکان بریتن لە کەرەستەی بەردین، ئێسقانی ئاژەڵ‌و پاشماوەکانی ئاوردان کە بە پێی لێکوولینەوە سەرەتاییەکان ئی چاخی نێوەڕاستی بەردین‌و چاخی بەردینی نوێ‌و پاش سەردەمی بەردینن.

سەرپەرستیی ئەو گرووپە کەونارناسی‌یە دەڵێ ئەو کەلوپەلانە لە کۆمەڵێک ئەشکەوت‌دا لە نزیک ئاوایی " ناو" سەربە شارستانی سروئاوا کە دەکەونە سەر ڕووباری سیروان دۆزراونەتەوەو هێشتا گەڕان‌و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە درێژەی هەیەو تا ئێستا دەیان پارچە ئاسەواری بەنرخ کە هەڵگری مێژووی کۆنی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەن دۆزراونەتەوە کە لە ناویان‌دا دەکرێ ئاماژە بەو ئاسەوارانە بکرێ کە لە حەشارگەیەکی بەردین بە ناوی " مرو" دۆزرانەوەو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ٤٠ تا ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

## کۆچی دوایی هونەرمەند بەختیار مەریوانی لە تەنیایی‌و بێکەسی‌دا



هونەرمەند بەختیار مەریوانی لە ماڵی بەساڵاچووانی شاری سنەدا کۆچی دوایی کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان‌و کورد ڕۆژی هەینی، ١١ ی بەفرانبار تەرمی هونەرمەند بەختیار مەریوانی لە گوندی "کۆڵان"ی شاری مەریوان بە خاک سپێردرا

هونەرمەند بەختیار مەریوانی، دەنگخۆشی ناوچەی سنەو مەریوان کە ساڵانێکی زۆر بە دەنگە خۆشەکەی‌و گۆرانی‌یەکانی بەزمی شادیی خەڵکی دەڕازاندەوە، لە تەنیایی‌و بێکەسی‌دا لە ماڵی بەساڵاچووانی شاری سنە کوچی دوایی کردو لەلایەن کۆمەڵێک خزم‌و ئەدەب‌دۆستانی گوندی کۆڵان لەو گوندە ئەسپەردەی خاک کرا.

## بەر لە ماڵاوایی

### ئەو قوربانیانەی دەریا هەڵیان دەلووشێ



قادر وریا

یەکەم جار کە لە سەر نوقم بوونی پەناخوازەکان لە ئاوەکانی نێوان وڵات‌و ناوچەی خۆیان‌و ئورووپا نووسیم، ٧ی ئۆکتوبری ٢٠١٣ بوو. هەستم، ویژدانم‌و ئەو بایەخە ئینسانیانەی ئەستووندەگی باوەڕم پێک دێنن، ڕێگەیان پێ نەدام لە ئاست خنکانی نزیکەی٥٠٠ پەناخوازی سۆمالیایی‌و ئێریترەیی‌و بیسەروشوێنبوونی ٣٠٠کەسی دیکە لەوان لەنزیک دوڕگەی لامپیدوسای ئیتالیا لە یەک ڕووداودا، بێدەنگ بم‌و هیچ نەنووسم. ئەو کات بە خەیاڵیشم دا نەدەهات ڕێک لە ٧ی ئوکتوبری دوو ساڵ دواتردا، بۆ خۆشم شایەدی سەرەتای سەفەری ئازیزترین کەسەکانی خۆم بە ڕێگایەکی لەو چەشنە دا دەبم. شەوی پێش ئەم سەفەرەم هیچکات لە بیر ناچێ. ئەگەر چی ویناکردنی بە خەیاڵیش هەر ناخۆش‌و دڵتەزێن بوو، بەڵام ئەگەری چارەنووسێکی نەخوازراو، بۆ ئەو مێرمندالەش هەبوو کە توند باوەشم پێداکردبوو. بیرم لە خەم‌و فرمێشکەکانی د.عەباسی مامۆستای زانکۆم دەکردەوە کە کوڕەکەی لە ڕێگەی سەفەری ئورووپادا شەپۆلەکانی دەریا لێیان ئەستاندو نەیان داوە، بیرم لە ژانگرتن و نەحەجمینی ئەو دایک‌و باوکانەی دراوسێمان لەو کاتانەدا دەکردەوە کە مندالەکانیان، ئەم ڕێگە پڕ مەترسییەیان دەبڕێ. بیرم لە ژیان یا لە ڕاستیدا لە بێمانایی ژیان لە ئەگەری وەڕاستگەڕانی ئەو جۆرە کابووسانە دەکردەوە کە نە دەمتوانی بیانهێنمە بەرچاوی خۆم و نە لە کۆڵیشم دەبوونەوە....

بە خۆشیەوە ئەو کات، ئازیزانی منیش وەک ئازایزانی زۆر کەسی دی – ئەگەر چی وەک دەڵێن لە یەک قەدەمیی مردن گەڕابوونەوە- بە ساغی گەیشتنە جێ. بەڵام هەست‌و ویژدانی مرۆڤ، چۆن دەتوانێ ئاسوودە بێ لە کاتێک دا هەر بە چەند ڕۆژ جارێک، هەواڵی خنکانی پۆلێک ئینسان کە زۆربەشیان ژن‌و منداڵ‌و لاون، دەبیسین و دەخوێنینەوە؟ پۆلێک ئینسان کە لە دەست ستەم‌و چەوسانەوەو بیدادی‌و شەڕو ماڵوێرانی‌و قاتی‌و قری لە وڵات‌و ناوچەکەی خۆیان ڕایان کردوە‌و، هێندیکیان هاوزمان‌و هاونەتەوەو تەنانەت ناسیاون. ئەو شانسەی «ئاڵان کوردی»یشیان نیە کە هەر نەبێ بە خنکاوی ببنە جێگای سەرنجی میدیاکان‌و ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان تا لانیکەم مەرگی دلتەزێنی ئەوان، خێری کۆمەڵێک پەناخوازی دیکەی بە دواوە بێ.

دوو ساڵ لەوە پێش نووسیبووم: «مەرگی پەناخوازان، ئەو کەسانەی لە دەست هەژاری‌و ستەم‌و توندوتیژی وڵاتی خۆیان بە جێ دێڵن‌و بە دوای ئەمنییەت‌و کارو ئازادی دا، ڕوو دەکەنە ئورووپاو ئوستralیاو هتد، ساڵانێکی دوورو درێژە بووە بە شتێکی ئاسایی. وای لێهاتووە بڵاوبوونەوەی هەواڵ‌و ڕاپۆرتی مەرگی تاقولۆقەو چەندین کەسیی ئەوان، سەرنجی کەمتر بینەرو خوێنەرێکی میدیاکان ڕادەکێشێت‌و تەنیا ئەو کەسانە بە بیستن‌و بینینیان دڵیان دادەخورپێ کە کوڕو کچیان،خوشک‌و برایان، ژن‌و منداڵیان، دایک‌و باوکیان، لەم ڕێگایانە دان. دەبێ چەند جاری دیکە، پەناخوازان، بەلەم‌و بەلەم‌و پاپۆڕ پاپۆڕ لە نزیک لێوارەکانی ئەندۆنێزی، ئوسترالیا، ئیتالیا، دوورگەکانی سیسیل‌و لە ئاوەکانی نێوان تورکیەو یۆنان‌دا بخنکێن، تا ڕاگەیەنەکانی جیهان‌و ویژدانە خەوتووەکان، بۆ ماوەیەک خۆیانی پێوە خەریک بکەن؟»

ساڵی ٢٠١٥، ساڵی کۆڕەوی سەدان هەزارکەسی و تەنانەت میلیۆنیی پەناخوازانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی سووریە بۆ ئورووپا بوو. لە حەق دەرنەچین لە ساڵی ٢٠١٥دا، یەکیەتیی ئورووپاو هیندێک وڵاتی دیکەش بە شێوەیەکی ئینسانیترو جیاواز لە ڕابردوو بەرەوڕووی کۆچی پەناخوازان بوونەوە. باوەشکردنەوەو بە دەنگەوە هاتنی ڕێکخراوو ناوەندە مرۆڤدۆستەکان‌و چەند ولاتیکی ئورووپایی لە ئاست پەناخوازان، ئەو سیاسەت‌و ڕەفتارە بوو کە لە کۆمەڵگەی تێگەیشتوو مرۆڤدۆست دەوەشایەوە. ڕوون نیە ئەگەر بەم سیاسەت‌و هەڵوێستە بەرەوڕووی لافاوی پەناخوازان نەبووبانەوە، چەند کارەساتی ئینسانی ڕوویان دەدا. بەڵام دروستکردنی کۆمەڵێک لەمپەرو بەربەست بە مەبەستی کەمکردنەوەی هاتنی پەناخوازان بۆ ئورووپا لە مانگەکانی دواتر داو، هاتنی وەرزی سەرماو دۆخی تۆفانیی ئاوەکان، بوون بە هۆی ئەوە لەم یەک دوو مانگەی دوایی دا، هەر چەند ڕۆژ جارێک کۆمەڵێک پەناخوازی بێئەنوا لە ئاوەکانی نێوان تورکیەو یونان دا بخنکێن. بە هەمووی ئەوانەشەوە ساڵی ٢٠١٥ هەر ساڵی ڕۆیشتنی زۆرترین پەناخواز بۆ ئورووپا نەبوو، ساڵی ڕوودانی زۆرترین کارەسات‌و ساڵی قوربانیبوون‌و تێداچوونی زۆرترین ژمارەی پەناخوازانیش بوو.

وەک هەموو جارەکان کە دەمانەوێ لەم کێشە گەورەیەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بدوێین، بەرەوڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە کە داهاتووی ئەم کێشەیە دەبێتە چی‌و هەتا کەنگێ لەبەرچاوی جیهان، مرۆڤە لێقەوماوەکان لە ئاوەکان‌و لە ڕێگای پرمەترسێی چوون بۆ وڵاتانی ئەمنتردا دەبنە قوربانی؟ سیاسەتی باوەشکردنەوە بە ڕووی لێشاوی پەناخوازان‌دا کە شایانی ڕێزلێگرتن‌و پێزانینە، ناتوانێ هەتا هەتایی بێ. چونکە وڵاتێک بە هەر ڕادەیەک گەورەو دەوڵەمەندییش بێ، تا حەدو ئاستێیکی دیاریکراو دەتوانێ پەناخواز وەربگرێ. بەرگرتن بە چوونی پەناخوازانیش لە جەهەننەمی شوێنی ژیانیان بۆ وڵاتانی ئازادو تێر یا لانیکەم ئەمنتر، تەنیا دەبێتە لە کۆڵ خۆکردنەوەی کێشەکە لە لایەن ئەو ولاتانەی کە پەناخواز ڕوویان تێ دەکا. بەڵام کێشەکە کە ڕاکردنی ئینسانەکانە لە هەلومەرج‌و بارودۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری‌و ئەمنیەتیی وڵاتی خۆیان، هەر دەمێنێ. بۆیە گومانی تێدا نیە کە دەبێ چارەسەرێک بۆ بارودۆخی ئەو وڵاتانە بدۆزرێتەوە کە خەڵکەکەیان شەپۆل شەپۆل لێی ڕادەکەن. کێشەی ئەو وڵاتانەش هەر چییەک بێ، چ زاڵبوونی سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆرو دژە مرۆڤ، چ هەژاری‌و گرانی‌و قاتی‌و قڕی، چ شەڕی نێوخۆیی‌و کوشتار، بە تەنیاو بێ بە هاناوە هاتنی کۆمەڵگەی جیهانی، مومکین نیە. هیچ چار نیە دەبێ ئەمنیەت، ئاشتی، ئاوەدانی‌و ئازادی ڕوو بکاتە ئەم جەهەننەمانەی سەر ڕووی زەوییش. هەتا هەوڵێکی جیهانیی جیددی بەو ئامانجە دەست پێ نەکاو گۆڕانێکی هەستپێکراو نەیەتە دی، ئەم کارەساتانە، لەوانەیە بە شێوەیەکی سامناکتر دووپات ببنەوە.